**قەقنەس**

گۆڤارێکی وەرزییە، گرنگی بە رۆشنبیری نەتەوەیی دەدات – ناوەندی ئاڤێستا لە کەرکووک دەریدەکا.

خاوەنی ئیمتیاز

**شێرزاد فاتیح محەمەد**

سەرنووسەر

**حەکیم کاکەوەیس**

بەڕێوەبەری نووسین

**عەزیز عوسمان**

دەستەی نووسەران:

**جەلیل عەباسی**

**ئەحمەد میراودەلی**

**هەلۆ بەرزنجەیی**

**سیروان کاوسی**

لۆگۆ و دیزاینی بەرگ

**ئاکار جەلیل کاکەوەیس**

بابەتەکانی ئەم ژمارەیە:

پێشپەیڤ .............لاپەڕ ٣
پەیامی قەقنەس.........لاپەڕ ٥
عەبدولا پەشێو _ دەقی دەستوور – هەڵەی ئەستوور.......لاپەڕ ١٠
ئەمجەد شاکەلی _ جەلەولا. ل ١٣
هەلۆ بەرزنجەیی.. هەڵبژاردن ل ٢٠
جەلیل عەباسی_ فەلسەفەی شەترەنج و دەنکەگەنم........لاپەڕ ٢٨
حەکیم کاکەوەیس _ ئاشی حیزب لە کەرکووک...........لاپەڕ ٣٥
زەردەشت میکایلی _ کوردستان و ئاینی ئیسلام ...........لاپەڕ ٣٩
ئەحمەد میراودەلی _ گەردوونگەرایی یا پووچگەرایی ٥١
سیروان کاوسی _ یادی ئەنفال ٦١
سەلام، بیرمەندێکی کوردایەتی ٦٨
ناسر حەفید _ یادی شەهیدانی کەرکووک .................لاپەڕ ٧٨
شێرزاد فاتیح _ چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی پاسۆک.....لاپەرە ٨٠
عەزیز عوسمان _ یەکەم باوکانی کەنیسا کورد بوون ... لاپەڕ ١٠١
عەدالەت عومەر _ لە نوگرە سەکمانەوە ........دوالاپەرە

پەیوەندی: yasnakan@hotmail.com
0770 132 22 30
0770 130 34 87

**پێشپەیڤ:..**

# بۆچی "قەقنەس"؟

قەقنەس، باڵدارێکی ئەفسانەییە کە بە قەقنە، قەقنۆس، قۆقنووس، دەناسرێت. لە زمانی عارەبیدا (العنقاء)، لە یۆنانیی کۆندا (Φοῖνιξ – بە فۆنیکس دەخوێندرێتەوە) و لە زمانی ئینگلیزیشدا بە (Phoenix) ناسراوە. گەلێ دەقی ئوستوورەیی وەک ئەساتیری ئێران و یۆنان و میسر و چین باسیان کردووە و هەر یەکە بە جۆرێک گرینگییان پێ داوە. ئەم باڵندە ئەفسانەییە خاوەنی دەندووکێکە سێسەدوشەست کونی تێدایە و لە هەر کونێکیانەوە دەنگێکی زۆر خۆش و سیحراوی دێتە دەر و بەهەر هەموشیانەوە خۆشترین ئاواز بەرهەم دەهێنن، هەر بۆیەش زۆربەی زۆری ئەوانەی تۆژینەوەیان لەبارەوە کردووە، کۆک و هاوڕا و یەکدەنگ دەڵێن: مۆسیقا لە دەنگی ئەم (قەقنەس)ەوە گیراوە. بە پێی هەندێ سەرچاوە (١٠٠٠) ساڵ و بە گوێرەی هەندێ سەرچاوەی تر (٥٠٠/٦٠٠) ساڵ دەژی کە من بە پشتبەستن بە فۆلکلۆر و گێڕانەوە ئوستوورەییە کوردییەکانی خۆمان (١٠٠٠) ساڵەکە وەردەگرم.

قەقنەس، گیانەوەرێکی تەنیایە و هیچ ژیانێکی هاوبەشی نییە. پاش هەزار ساڵ تەمەن و ئاواز و چریکەی نایاب، دەچێتە سەر بەرزترین لووتکە و بە چرینی ئاوازێکی بێوێنە باڵە گەورەکانی لێک دەدات. بەهۆی لێکدانی باڵەکانیەوە ئاگرێک کڵپە دەستێنێت و قەقنەس خۆی تێدا دەسووتێنێت و دەبێتە خۆڵەمێش. پاش دامرکانەوە و ساردبوونەوەی ئاگرەکە، (بەچکە قەقنەس)ی تر لە خۆڵەمێشەکەی دروست

دەبن و گیان دەگرن و دەس دەکەنە فڕین و ئاواز خوێنی. بەم جۆرەش، ئەم باڵدارە ئەفسانەییە، بە سووتاندنی خۆی دەبێتە هۆی لەدایکبوونی نەوەی نوێ و زۆرتربوونی کۆمەڵەی قەقنەسەکان، بە واتایەکی تر قەقنەسی پیر و بە ئەزموون خۆی دەکاتە قوربانی لە پێناو پەرەسەندن و گەشە کردنی هاوڕەگەز و نەوەکانی خۆی و جیلەکانی ئایەندەدا و سەرەنجام کۆمەڵێک قەقنەسی تر لە دایک دەبن و سروشت پڕ دەکەن لە ئاوازی رەنگین و ژیانی نوێ و ئازاد و ئاوەدان.

لە ئەدەبی کوردیشدا وشەی قەقنەس و خۆسووتاندن و قوربانیدانەکەی ڕەنگیان داوەتەوە و تەنانەت لە پەندی پێشینانیشدا قەقنەس جێی خۆی کردۆتەوە: ئەوەتا هەر زیندەوەرێک و بەتایبەتی هەر مرۆڤێک بسووتێ، دەڵێن: "بۆتە قەقنە/قەقنەس".

کەرکوک، مناڵە تەنیا و هەتیوەکەی کوردستانی گەورەش بە هەموو پێوەرێک قەقنەسە، بەڵام نەک قەقنەسێکی ئەفسانەیی، بەڵکو قەقنەسی راستەقینە و زیندوو. کەرکوکی هەمیشە گڕ، بە گڕە هەمیشە بە کڵپەکەی بابەگوڕگوڕیەوە، بە درێژایی مێژووی سیاسی و کۆمەلایەتیی کورد (قەقنەس)ێک بووە و بە کردەوە رۆڵی قەقنەسی گێڕاوە. کەرکوک، هەردەم و بەردەوام سووتاوە تا رۆشنی ببەخشێتە شەوگاری تاری رۆڵەکانی.. تا گەرمی ببەخشێتە کوانووی ساردی خاکی نیشتمان. ئەم قەقنەسە راستەقینەیەی کورد



بەردەوام خۆی سووتاندووە تا رۆڵەکانی بژیێنەوە.. تا رۆڵەکانی زیندوو بن.

بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ قەقنەس بڕوانە:


١. دربارەی ققنوس، مقالەی د. بهرام گرامی له سایتی (مشاهیر هنر ایران)

٢. اساطیر ایران، جان راسل هینیلز، چاپ دوم، صفحه: ٤٤٦

٣. اساطیر چین، آنتونی کریستی، چاپ اول، صفحه: ٦٨

٤. ققنوس در شب خاکستر، سیدعلی صالحی

٥. ققنوس: ویکیپیدیا



# پەیامی قەقنەس...

ئێمەی کوردیش، وەک هەر میللەتێکی تر، لە جێیەکی سەر ئەم گۆی زەوییەدا خولقاوین و گیرساوینەتەوە و ئەو جێیە بووە بە نیشتیمانمان... ئێسکی باوباپیرانمان و عارەقە و خوێنیان تێکەڵی خاک و خۆڵەکەی بوونە و ڕەگمان بە قووڵایی خاکەکەی و مێژووەکەی و ڕووداوەکانیدا ڕۆچووە و کە چاویشمان کردۆتەوە، ئولفەتمان لەگەڵ پێدەشت و چیا و دۆڵ و ئاو و هەوا و دار و درەخت و گیاندارەکانیدا گرتووە و کە لێی دادەبڕێین، بیری دەکەین و بۆ هەناسەیەکی هەواکەی و قومێ لە ئاوەکەی، هەزار خۆزگە دەخوازین و حەسرەت هەڵدەکێشین. بێبەشکردنمان لەم نیشتیمانە، بێبەشبوونمانە لە ژیانی ئاسایی و زەوتکردنی مافی مرۆییمان...

بەڵام نیشتیمانی ئێمە بە شێوەیەکی دڕندانە دابەش و داگیر کراوە و بە هۆی سنووری داگیرکارییەوە برا لە برا و کوڕ لە دایک دابڕاون. ئەرکی ئێمە ئەوەیە ڕێیەک بدۆزینەوە تا ئەو زوڵمە لە سەر میللەتەکەمان لاچێ و ئێمەش وەک نەتەوەیەکی ئاشتیخوازی لاشەڕ، بە شێوەیەکی ئاسایی و دوور لە زوڵم و زۆرداری، ژیانی ئاسایی لە نیشتیمانی خۆماندا بەسەر بەرین و لە پێشخستنی ڕەوتی مرۆڤایەتیدا بەشدار بین، نەک لە دەست زوڵمی زۆرداران و داگیرکەران پەنا بۆ چەک و خۆبەکوشتدان و خەڵککوشتن بەرین و هەر ڕۆژە و ببینە هۆکاری چارەسەری کێشەیەک و خولقاندنی کێشەیەکی گەورەتر، وەک شۆڕشی ئەیلوول بە لەناوچوونی، بوو بە هۆی چارەسەرێکی مۆلەقی کێشەی نێوان عێراق و ئێران، ئەوجا بەرپابوونی شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە و خولقاندنی کێشە و هەرای کوێت، لە ئەنجامیشدا داتەپینی دەوڵەتی عێراق... هەتا نیشتیمانیشمان داگیر کرابێ، سروشتیش وا دەخوازێ بەرگری بکەین و بۆ بارسووکی خۆمان دەست بۆ هەر هاوکارییەک درێژ بکەین

"بە داخەوە ئەوەی هەتا ئێستا کورد کردوویەتی، هەر ئەوە بووە شۆڕش بەرپا بکات تا چ شۆڕشێک بە ئامانجی سەرفرازییەوە بەرپا نەبێ و گفتوگۆ بکا تا بدۆڕێ و بە پاڵپشتی بێگانە حیزب دامەزرێنێ تا حیزبی ئازادیخواز دانەمەزرێ..."

کە مەزەندەی ئەوەی لێ بکرێ کۆتایی بە چۆڕاوگەی خوێنمان بێنێ یا بە لای کەمەوە لەو چۆڕاوگەیە کەم بکاتەوە.

بە داخەوە ئەوەی هەتا ئێستا کورد کردوویەتی، هەر ئەوە بووە شۆڕش بەرپا بکات تا چ شۆڕشێک بە ئامانجی سەرفرازییەوە بەرپا نەبێ و گفتوگۆ بکا تا بدۆڕێ و بە پاڵپشتی بێگانە حیزب دامەزرێنێ تا حیزبی ئازادیخواز دانەمەزرێ و هەمیشەش دروشمی قەبەی "چارەنووس"ی ناوەڕۆکپووچ و مەرجداری وەک لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و فیدرالی بەرز کراونەتەوە... ئەگەر هەندێ کەسایەتی دڵسۆزی نەتەوە و نیشتیمانەکەمان لەو حیزبایەتی و شۆڕشانە بەشدار نەبوونایە و ژیانیان لە پێناوی نیشتیماندا دانەنایە، مافی ئەوەمان دەبوو پاتەوپات بڵێین: هەرچی حیزب و شۆڕشێکمان لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە بووە، بە فەرمانی داگیرکەران و دوژمنانی کورد بووە، ئەمەش وای کردووە شەڕی بەردەوام جێی شۆڕش بگرێتەوە و گفتوگۆ جێی سەرکەوتن بگرێتەوە و دەستە و تاخمی ناڕازی جێی حیزبی ڕزگاریخواز بگرنەوە و هەمیشەش باجەکەیان ئەوەندە قورس بووە کە تەنها بۆ سەرفرازی دەدرێ و سەرفرازیش، نە لە هیچ کوێی ئاسۆی شۆڕش و حیزبەوە دیار بووە، نە لە هیچ کوێی بەرنامەی حیزب و شۆڕشەکاندا دیاری کراوە و نە کەسیش بە ڕوونیی باسی کردووە یا تێیگەیشتووە. هەمیشەش، لە کاتی شەڕدا سەرانی حیزبەکان و شۆڕشەکان نوقڵی کوردستانیبوونی خۆیان بە زاری پێشمەرگەی دڵسۆزەوە کردووە و دواییش لە ساکارترین و سووکترین گفتوگۆدا، جەختیان لە عێراقیبوونی خۆیان کردۆتەوە و ئەو نوقڵەیان لە زاری پێشمەرگەی خۆبەختکەر دەرهێناوە کە لە کاتی شەڕ و خۆبەکوشتدانیدا بە زارییەوە کراوە و لە جێگەیدا گوژاڵک و ژەهر بە دەمیانەوە کراوە!

شۆڕش، لە ڕاستیدا، بۆ گۆڕینی واقیعێکی نالەبار دەکرێ، کەچی کورد هەم شۆڕشی کردووە و هەم واقیعە نالەبارەکەشی قەبووڵ کردووە و لە ئەنجامدا، هەرچی کردووە و هەرچەندی بەکوشت داوە، لە سەر مێزی گفتوگۆ و ڕێکەوتنێکی کاتیدا دایناوە و ڕیسی کوردی کردۆتەوە بە خوری. کەرکووک و ئەو ناوچانەی لە ئەنجامی ئەوینداری سیاسی نێوان سەرکردەکانی کورد و بەغدادا دەرخواردی ماددەی ١٤٠ دران، سەلماندیان کە کوردی ئەو ناوچانە تەنها قۆچی قوربانیی گەمەیەک بوونە، هەر لە بنەڕەتەوە دۆڕاوە و جێی گومانە شۆڕش و شەڕ بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لەو

ناوچـانەدا نەکرابـێ! لەو کاتـانەدا کە شـەڕی ناوخۆی حیزبەکان گەرم بـوو، کەرکـووک دڵـی کوردسـتان و قودسـی کوردسـتان بـوو، بەڵام لەگەڵ ئاشتبوونەوە و پێکهاتنی ستراتیژییاندا، نە باسـی دڵ لە ئـارادا مـا نە باسـی قـودس... کەرکـووکیش خـرایە بەر ڕەحـمەت و بەزەیـی تەعریبچییەکان! لە کاتێکدا ئاوها بە سەر کوردا شـکایەوە، کە ئەو دوو حیـزبە بە جەمـاوەر و لایەنگـری زۆرەوە دەیـانتوانی لە ڕازاوەتـرین دەرگای مێژووەوە بەژوور بکەون و لە ماوەیەکی کورتـدا ئەو هەڵە و نووچـدان و شکـستانەی پێـشتر تووشـیان بیـوون بـکەنە کەرەسـەی سەرکەوتن و تاجی سەرفرازی لە سەر خۆیـان و میللەتەکەیانی بنێن.

یەکەم حیزب لە مێژووی باشـووری کوردسـتاندا بە ناوی حیزبی نەتەوەییەوە خەتـی نەتەوایەتـی بەردابێ و بە ناوی ڕزگاریخوازییەوە کـاری بـۆ یەکپارچەیی عێـراق کردبـێ، پـارتی دیمـوکراتی کورد بوو کە دواتر بـوو بە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و بـوو بە خـاوەنی جەمـاوەری بەرفـرەوان و شـۆڕش و چەنـدین گفتوگـۆ و هەرەسێکی مـاڵوێرانکەری گەورە و دواکاریـشی دەستبەردان بوو لەو ناوچانەی کە ئەمڕۆ پێیـان دەگـوترێ دابـڕاو یـا کێـشەلەسەر. هەر دەستەوتاخم یا حیزبێکیش لێی ڕازی نەبووبێ و لێـی دابڕابـێ، لە خـۆی عێراقیتـر و ناکوردسـتانیتر بـووە و هەمیـشەش بە نـاوی ڕزگـاریخوازییەوە ئـاگری شۆڕشـی خـۆش کـردووە و لە ئەنجامـدا بە گفتوگـۆ لەگەڵ داگیـرکەرە عێراقییەکانـدا دۆڕانـدوویەتی و دەستکەوتیش بەیاننامەیەکی ڕێککەوتن بووە کە وەک لاستیک، لە سەرەتاوە کشاوە و دوایـیش بە دەم ڕۆژگـارەوە کـرژ بـۆتەوە تـا بە چەکـی تازەی دنیـاوە، شـەڕێکی گەرمتـر لە دژی کـورد بەرپا بۆتەوە. ئەم حیزبە، کە ئەمڕۆ دەسەڵاتی لە دەستدایە و خاوەنی هێز و سامانی کوردسـتانە، ئەگەر بە هەڵەکانی خۆیدا نەچێتەوە و ڕاستیان نەکاتەوە، چەند بەرز فڕیوە و چەند بەهێز بووە، ئەوەنـدە بە تونـدی دادەڕمـێ چـونکە مێـژوو بەزەیی بە کەسدا نایێ و ئەمـڕۆ بـێ یـا سبەی گۆڕەوشـاری عەنتەرەکـانی خـۆی دەدا و هیـوادارین دەسـەڵاتی ئەمـڕۆ سـەردەمی بێدەسەڵاتی خۆی و کورد لە بیر نەکا. شتێک پێویـستە کـورد خـۆی بناسـێ، ئەوجـا بەرانبەرەکەی. بۆ خۆناسینیش کـورد پێویـستی بەوە هەیە ئازایەتی ئەوەی هەبـێ دەسـت بخـاتە سـەر خـاڵە لاوازەکـانی خـۆی و بیـانبینێ تـا بتوانێ چارەسەریان بکا. بە باوەڕی ئێمە، یەکەم خاڵی لاوازی کـورد ئەو خـۆبەکەمزانینەیە کە بە هۆی سـەرکردە و حیزبەکـانیەوە، پێشتریش بە هۆی هەندێ لە مەلاکانیەوە یـا لە ڕێـی ئەوانەوە چـۆتە خـوێنیەوە و وەک خەسـڵەتی بۆمـاوەیی، هەر نەوەیەک بـــۆ نەوەی دوای خــــۆی گواستوویەتیەوە و لە ئەنجامیشدا پەڕیوەتە نـاو فەلسەفە و بەرنامەی حیزبەکان و شۆڕشەکانیەوە و پێی پەروەردە کراوون. هەر ئەم لاوازیـیە وای کردووە کورد جورئەتی ئەوەی نەبـێ خواسـتی خـۆی بە ئاشـکرا ڕاگەیەنـێ و ڕوو بەڕوو بە

داگیرکەرانـــی نیـــشتیمانەکەی بڵـــێ: "ئەی داگیـــرکەرە زۆردارەکـــان، لە نیـــشتیمانی ئـــێمە دەرکەوون و بـــڕۆن!". هەتـــا ڕۆژی ئەمـــڕۆ کە هەنـــدێ جـــار جیهـــادیش لە دژی کـــورد ڕادەگەیەنـدرێ، کەچـی کـورد هەر وەک بـرا و هاونیـــــشتیمان تەماشـــــای داگیـــــرکەر و تەعریبچییەکـان دەکـا و باجەکەشـی خـوێنی هەرزانی کوردە.

دوای خۆناسین، ناسینی نەیار دێ و بمانەوێ یا نەمـانەوێ و دوور لە دەمـارگیری، لە هەمـوو ئەو سەردەمانەدا کە عێراقی پێدا تێپەڕیوە، نەیارمـان هەڵگرانی نەریتی بیابانن کە شەڕ و تـاڵانکردن و داگیرکاری لە خوێنیاندایە و پێش ئیسلامیش هەر ئەوە پیشەیان بووە و ئـاینی ئیـسلامیش لە تەشەنەکردنیدا سـوودی زۆری لەو خەسڵەتەیان بینیـوە. ئەگەر ئەو مـیللەتە سەردەسـتەیەی کە عێراق بەڕێوە دەبا و کورد هەمیشە چەوساوە و کۆیلەی بەردەستی بـووە ئاستی شارستانەتی ئەوەندە هەبێ بتـوانێ یەکسانی و پێکەوەژیـان قەبووڵ بکـا، ڕەنـگە بیانوومـان بـۆ لێکـدابڕان لەگەڵیانـدا لاواز بـێ بەڵام ئەگەر هەر لە سـەر نەریتـی داگیرکـاری و زەوتکـردن و کوشـتن و برین بەردەوام بن و وەکو کۆچەر بەهای خـاکی خەڵکی تـر نەزانـن و ڕێـزی نەریتیـان نەگـرن، پێکەوەژیـان لەگەڵیانـدا، لە باشـترین حاڵەتـدا، دەبێـتە جـۆرێ لە کـۆیلایەتی و لە خراپتـرین حاڵەتیـشدا دەبێـتە خۆکـوژی و بەڵـگەی ئەم ڕاسـتییەش لەوەدا دەردەکەوێ کە هەتـا ڕۆژی ئەمـــڕۆ لە تەعریبکردنـــی نیـــشتیمانەکەمان بەردەوامـــن و کوردیـــان لە شـــاری جەلەولای هەمیشە تـاڵانکراو و غەدرلێکـراودا نەهێـشت و کەرکـووکیش بە چـڕییەک تەعریـب دەکەن لە سـەردەمی سـەددام حوسـێندا وەهـا نەکـراوە و بەعـس ئەو جـورئەتەی نەکـردووە کە ئەمـانەی ئەمڕۆ دەیکەن!

هیچ نەما کـورد بـۆ عـارەبی نەکـا و عـارەبیش چونکە وەک کـۆیلە و مـوالی تەماشـای کـوردی کـردووە و چـی کـردووە بە ئەرکـی زانیـوە، هەرگیـز بە بیریـدا نەهـاتووە چاکەی بە چـاکە بداتەوە. کە سەلاحەددینی ئەویـووبی قودسـی لە خاچهەڵگران ڕزگار کرد، لە بری پێـزانین، هەوڵ دەدەن بـیکەن بە سـەروەری خۆیـان، ئەوەش بەوەی سـەلاحەددین بـکەن بە عـارەب، نەک لاڵ بـن و بڵـێن کوردێـک شـەرەفی کڕیـونەتەوە! کوردە منەوەرەکانی دوای یەکەم جەنگی جیهانی، یەک دوویەکـــی وەک ڕەفیـــق حیلمـــی و پیرەمێردیـــان لـــێ دەرچـــێ، لە دروسـتکردنی دەوڵەتــی عێــراق و سـوپاکەیدا، بە داخێکـی گرانەوە، دەستێکی باڵایـان هەبـوو، کەچـی هەر ئەو سـوپایەی ئەوان دروسـتیان کـرد، کەوتە گیانی کورد و ئەنفالی کرد. سەرانی حیزبەکانی کوردستان لە دوای ڕووخانی بەعس و داتەپینـی دەوڵەتـی عێـراق و هەڵوەشـانەوەی سـوپاکەی، وەخۆ کەوتن و هەم دەوڵەتی عێراقیـان دروسـت کـردەوە هەم سوپاکەشـیان بنیـات نـایەوە و شـــانازیش دەکەن بـــەوەی دەســـتیان لە جێگیربوونی ئاسایشی ناوەڕاست و باشـووری عێراقیـشدا هەبـووە، کەچـی دەوڵەتـی عێـراق و

حکـــوومەتەکەی، لە بەعـــس خراپتـــر خەریکـــی تەعریبی کوردستانن...

(اتق شر من احسنت الیە – خـۆت لە خـراپەی ئەو کەسە لادە کە چاکەت لەگەڵیدا کردووە)، لە کەس بە ڕاســـت نەگەڕابـــێ لە کـــورد بە ڕاست گەڕاوە و چەند چاکەمـان کردبـێ بە خـــراپە بە ســـەرماندا شـــکاوەتەوە و بە دڵنیاییەوە لە داهاتووشدا، ئەگەر گۆڕانکاری لە دەروونـــی خۆمـــان و هەڵـــسەنگاندنی ئەواندا نەکەین، هەر وا دەمێنێ!

سەرنووسەر



**کوردە، وا فەتوا دراوە بۆ جەوازی گوشتنت**

**چارە و مەلجەء نییە، تەحقیقە ئەمجا مردنت**

**وا موحەقەق ئەتکوژن ئەتکەن بە نیشانی تفەنگ**

**با دەوامی بێ بە ڕاستی شۆڕش و شەڕکردنت**

**- ئەسیری**



# دەقی دەستوور - هەڵەی ئەستوور!

**عەبدوڵا پەشێو**

ئەمەی خوارەوە پێشەکیی ئەو دەستوورەیە، کە کادیرانی زمانزانی "**پەرلەمان**"ەکەی "**هەرێم-عێراق!**" نووسیویانە. لایەنی سیاسی و قانوونی بۆ شارەزایان جێدەهێڵم و باسی ئەو زمانە وێرانە دەکەم کە پێی نووسراوە. ئەو جێیانەی هەڵەیان تێدایە سوور کراون[1]. نەمتوانی بە سەرجەمی دەستوورەکەدا بچمەوە، لەبەر زۆری و دووبارەبوونەوەی هەڵەکان. مەبەستی دەقەکە بۆ من زۆر روون نییە، هەر بۆیەش دەستکاریی لایەنی خاڵبەندی و ڕستەسازی و نۆرمم نەکرد. تاکە شتێک جێی دەستخۆشی بێ، ئەوەیە، کادیرانی "دیکۆرلەمان" درێژترین ڕستەیان لە مێژووی ئەدەبییاتی سیاسیدا تۆمار کردووە! ئەدی نابینن، دوای ١٧٤ وشە، ئەوسا بەخێر ڕستەی یەکەمیان تەواو کردووە و یەکەم خاڵیان داناوە؟!

ئەوەی دەیبینین ئەنجامی ئەو تاوانەیە، کە ٢٢ ساڵە نەخوێندەوارانی حیزب- عەشیرەت دەرهەق بە زمانە بێکەسەکەمان ئەنجامی دەدەن. زمانی کوردی، کە کۆڵەکەی گیانیی نەتەوەی کوردە و ڕووبەرەکەی ڕووبەری نەخشەی کوردستانی دواڕۆژە، سووکایەتیی پێ دەکرێ و تووشی ئەنفالێکی وا بووە، کە پێشتر، بە درێژاییی مێژووی پڕ چەرمەسەریی خۆی، نەیبینیوە.

ئەگەر کەسانێک هەبن، بڵێن، مەرج نییە فلان شت وا بنووسرێ... یا دەشێ وا بنووسرێ و وا نەنووسرێ... هتد. بەڵێ، ڕەنگە کەسانێک هەبن نەیانەوێ خۆیان ماندوو بکەن، یا بە پاساوێکی لاواز خۆیان لە هەڵە دەرباز بکەن، بەڵام پرسیارێک هەیە: کێ تووشی گێژاوی بێمەرجەعی و فرەڕێنووسی و فرەنۆرمی کردووین؟ کێ ئەم چاڵەی هەڵکەندووە و ئەم بەرەڵڵایی و ئاژاوەیەی خوڵقاندووە؟ ئاخر، لە کوێ زمانێک هەیە ڕێنووسی جووداجوودای

[1] ئێمە لە گۆڤارەکەماندا، لە بری ئەوەی بە سوور هەڵەکان بنووسین، خەتمان بە ژێریاندا هێناوە. هۆکارەکەش ئەوەیە کە گۆڤارەکەمان ڕەنگاوڕەنگ نییە. لەگەڵ داوای لێبوردنمان لە مامۆستا پەشێو.

هەبێ و هەرکەس ڕێنووسێکی تایبەت بە خۆی پێڕەو بکا؟! گەلۆ، چما ئینگلیزێک، ئەڵمانێک، تورکێک... یا هەر کەسێکی دی، ئاوا، بە دەستی خۆی و پارەی هەڵرژاوی خۆی، زمانی خۆی هەتک دەکا؟ زمانی کوردی وەک شارێکی جەنجاڵی بێ گەراج و ترافیک و پۆلیسی هاتوچۆی لێ هاتووە.

تۆکمەکردن و گشتاندنی نۆرم و کۆدە هاوبەشەکانی زمان بنچینەی سیاسەتی فەرهەنگیی دەوڵەتن، هەر دەوڵەتێک. ئەو نەهامەتییەی زمانی کوردی گیرۆدەی بووە و خەریکە وێرانی دەکا ئەنجامی نەخوێندەواریی ترۆپکی دەسەڵاتی**"هەرێم- عێراق"** ەکەی باشووری وڵاتە، نەک ئەم و ئەو.

لە سەردەمێکدا کە گلۆبالیزم، لە مەیدانی فرەکولتووری و فرەزمانیدا، گەورەترین و بێبەزەییترین جەنگی لە نێو کولتوور و زمانەکانی دنیادا بەرپا کردووە و پرۆسەی لەناوچوونی زمانە بێکەسەکانی لە هەموو کاتێک خێراتر کردووە، ئایا دەشێ لە سەردەمێکی وادا و لە وڵاتێکی نەوتفرۆشدا، نەک هەر سیاسەتێکی روونی فەرهەنگی نەبێ، بگرە ئەکادیمیایەکیش نەبێ بۆ زمان؟! دەزانم، تەلارێک بەو ناوە هەیە و سەتان دۆست و لایەنگری بەرەبابە نەوتفرۆشەکان لە سایەیدا مووچە وەردەگرن، لە کاتێکدا تا ئێستاش فەرهەنگێکی گشتیی زمانی کوردی نییە، کە تێیدا کێشەی ڕێنووس و نۆرمەکانی زمان یەکلا کرابنەوە. ئەنجامیش ئەوەیە کە دەیبینین:

"پەرلەمان!"ێک ناتوانێ لاپەڕەیەکی ئینشایی بە زمانێکی ڕەوان بنووسێ.

لە هەموو دنیادا زمانی فەرمی، یا زمانی دیوان، نموونەی زمانی پەتی، ڕەوان، پاراو و بێگرێیە. هەڵەیەک لە زمانی ڕەسمیدا هەڵلای لێ دەکەوێتەوە. لە کام وڵاتی دنیادا تابلۆی سەر فرۆکەخانە، سەرۆکایەتیی وڵات، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، ناوی قوتابخانە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، بە هەی پەروەردەشەوە، بە هەڵە نووسراون؟ لە کام وڵاتی دنیادا کتێبی قوتابخانان، لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا زانکۆ، لە پێشبەرگەوە تا پاشبەرگ، ئاوا لێوانلێون لە هەڵە و پەڵە؟ سەیری "خوێندنەوەی کوردی"ی پۆلی سێی بنەڕەتی بکەن، هەر لەسەر پێشبەرگەکەی ٣ هەڵە دەمیاوێنن!

نووسینێکی دیوانی سەرۆکایەتیی "هەرێم!"م لایە، کە ناگاتە لاپەڕەیەک، ٢٠ هەڵە زێتری تێدایە.

باسی سەنەد و قەواڵەکانی "دیکۆرلەمان!" یش هەر ناکەم، کە شەکرەزمانی شلک و کەمهاوتای کوردی بە شایانی ئەوە نازانێ بڕیار و یاسایە پەیتەکانی خۆی پێ بنووسێ و پەنا دەباتە بەر زمانی داگیرکەر.

فەرموون ئێوە و پێشەکیی ئەو دەستوورەی، مام هەژار گوتەنی، "کوردییە و کوردیش نییە!":

عەبدوڵڵا پەشێو

٢٠١٣/٩/١٠- هێلسنکی

بەناوی خوای بەخشندە و دلۆڤان

پێشەکی

ئێمە، گەلی کوردستان _ عێراق، لە هەستکردنمانەوە بەو دژوارییەی نەوەکانمان لە سیاسەتەکانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان لە ئەنجامدانی سەرکوت کردن و ستەم و چەوسانەوەی لە ڕادەبەدەر چەشتوویانە، وبێبەشکردنمان لەو مافانەی خوا لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بە ئادەمیزادی بەخشیون وچەندین تاوانی دژە مرۆڤ و هەڵمەتی جینۆسایدو پاکتاوی نەژادیان لە دژمان ئەنجامدا، کە مێژوو بە دەگمەن وێنەی وای بەخۆوە بینیوە کە خۆیان لە خاپوورکردنی سەرلەبەری پتر لە چوارهەزارو پێنج سەد گوند نواندووە وگۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای بەشێکی فراوان لە کوردستان-عێراق لە ڕێگەی بەزۆرە ملێ کۆچپێکردنی دانیشتوان، یان ناچارکردنیان بۆ گۆڕینی شوناسی نەتەوەیان وبەکارهێنانی چەکی کیمیاویو چەکە قەدەغەکراوەکانی تری نێونەتەوەیی لە دژ دانیشتوانی سڤیلی شاری هەڵەبجەی شەهیدو بالیسان وگەرمیان وبادینان وچەندین ناوچەی فراوانی ترو بە هەزاران لاوی کوردی فەیلی لە نێو گێلگەکانی تاقیکردنەوەی کیمیاوی و گۆڕی بەکۆمەڵ بەرەو مەرگ ڕاپێچکردن، ئەوانەی مانەوەش خیزانەکانیان ناچارکران بۆ دەرەوەی عێراق کۆچبکەن و ولاتنامەی عێراقییان لێ سەندنەوە و دوا بە دوای ئەوەش چەندین هەڵمەتی بە کۆمەڵ قڕکردنیان ئەنجامدا کە پتر لە هەشت هەزار بارزانی گرتەوەو پڕۆسەکانی لەناوبردنی بەدوا داهێنا، کە بە ئەنفال ناونران و قوربانی پتر لە هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی لێ کەوتەوە. لە ڕێزگرتنمانەوە بۆ سەرکردەو هێماکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و خەباتگێڕ و پێشمەرگە و شەهیدە نەمرەکان و ئەو قوربانیانەی داویانە لە پێناو ئازادی و پاراستنی ڕووەت و نیشتمان و داننان بە مافی چارەنووسمان بە ویستی پڕبەدڵ و ئازادانەمان، لە دڵسۆزیشمانەوە بۆ ئەو پەیام و ئامانج وبەهایانەی کە گیانی خۆیان لە پێناودا بەختکرد، بۆ هێنانەکایەوەی کۆمەڵێکی مەدەنی لە کوردستاندا،کە شانازی بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانەوە بکات و گیانی برایەتی و لێبووردەیی باڵ بەسەر هەمووان دابکێشی و هێزو توانای ڕۆلەکانی کوردستان بخاتە کار، لە پێناو بنیاتنانی کوردستان کە بۆ هەمووان نیشتمانێکی یەکگرتوو بێت و لەسەر بنەمای بەها دیموکراتیەکان دامەزرابێ و کاربکات لە بەر ڕۆشنایی بنەماکانی مافی مرۆڤ کە یاساو داد تیایدا سەروەربێ، بۆ گەیشتن بە فەرمانڕەواییەکی ژیر، کەلە ویستی ئازادانەمانەوە هەڵقولابێ و بەرجەستەی ئاواتەکانمان بکات و بە ئەمەک بێ بۆ قوربانیەکانمان، ویست و ئارەزوومان لەگەڵ ویستی پێکهاتە نەتەوەییەکانی تری گەلی عێراق و هێزە نیشتمانیەکانیدا بەیەک گەیشتن بۆ ئەوەی کوردستان _عێراق هەرێمێکی فیدراڵی بێ لەناو دەوڵەتیعێراقی فیدراڵدا. و بۆ بەرجەستەکردنی ئەم ویستە و بە دیهێنانی ئەم ئامانجانە، ئەم دەستوورەمان دانا.



# جەلەولا

ئەمجەد شاکەلی

ئیدی کوردەش خۆی دەپێچێتەوە و ماڵ و خانوو و کۆڵان و گەڕەک و شارۆکە جێدەهێڵێ و سەری خۆی و ماڵ و منداڵی هەڵدەگرێ و بە هەڵەداوان دەگاتە کەلار، بێ ئەوەی بیری بە لای ئەوەدا بچێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی بپارێزێ و داکۆکی لە خۆی بکات، ئیدی بە دەستدانە چەک بێت یا بە شەڕەدەست و شەڕەشەق و شەڕەتێلا یا هەر شێوازێکی دیکە.

سەردەمێکم دێتەوە یاد، وشەی جەلەولا، تەنێ لە کتێبی خوێندنگەکان و کارگێڕییە ڕەسمییەکان و دەسگا حوکوومەتییەکان و لە لایەن عەرەبەوە بەکار دەهێنرا. کورد نەیدەگوت جەلەولا و ئەگەر بیشیگوتبا، بە دەگمەن دەیگوت، کورد دەیگوت"قەرەغان" یا "قەرەخان". کوردگەلێکی برێک بە ساڵداچووی ئەو گەرمێنی کوردستانە، ئێستەش لەبری جەلەولا دەڵێن قەرەغان و قەرەخان. دیارە "قەرەغان" یا "قەرەخان"، وشەگەلێکی تورکین و لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنی کوردستان، لە لایەن تورکەوە، دانراون و سەپێنراون. ئەو ناوانە، وەک گەلێک ناوی دیکەی شار و گوند و کەژ و کێو و دەشت و دۆڵی کوردستان، گۆڕدراون و تورکێنراون.

مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی"یادی بەخێر"، کە باسی جەلەولا دەکا، بە ناوی "گوڵوڵالا/گوڵوڵالە" ناوی دەبا. کوردستان، لە سەردەمی خەلیفەی دووەم"عومەری کوڕی خەتتاب/ عمر بن الخطاب"دا، داگیر کرا. سەرداری ئەو سپایەی کوردستانی داگیر کرد، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس"سعد بن أبي وقاص" بوو. پاش داگیرکردنی مەدائینی پێتەختی دەوڵەتی ساسانیان و هەڵهاتنی "یەزدەگورد"ی شای ساسانییان، سپای داگیرکەری عەرەب"ئیسلام"، لە نارەوەنەوە"نهروان" پێدا هاتن و بەرەوژوور بوونەوە بەرەو "شارەبان" و خوسرەواباد"قزل ڕەبات"[1] و گوڵوڵالە"جەلەولا" و خانەقین و تا گەیشتنە "حەلەوان" و کرماشان و لەو بەینەشدا،

---

1 کە ئێستا گۆڕاوە و کراوە بە سەعدییە"سعدیة".

کــوردێکی زۆریـــان کوشـــت و ئیـــدی دوای داگیرکردنی وڵاتی چیا لە لایەن سپای عەرەبەوە، عومەری کوڕی خەتتاب، نامەیەکی بـۆ سـەعـدی کوڕی ئەبی وەققاسی سەرداری سپاکەی نووسی، کە:"حەزم دەکرد لە نێوانی ئێمـە و چیـادا(بـلاد الجبال – کوردستان) بەرزە بەندەنێکی ئـاگرین هەبووایە، نە ئێمە بەرەو ئەوان ڕێمان هەبووایـە، نە ئەوان بەرەو ئێمە. ئێمە ڕەشەخاکی عیراقمـان بەسە"[٢].

ئەگەر لەنێو هەر هێزانێکدا لەو ١٨٠٠ هێزانەی، کە جەلەولایان جێهێشتووە، یەک کەسیان توانستی چەکهەڵگرتن و بەرگری و جەنگ و سەرەڕوویی و شەڕەشەقی هەبێت، ئەوا لەو ١٨٠٠ هێزانە، یەک سپا یا ڕێکخراو یا گرۆ یا هێزێکـی چـەکـداری ١٨٠٠ کـەسـی، دروست دەبوو و پێکدەهات. هێزێکی ١٨٠٠ کەسیی، دەیتوانی نەک تەنێ پارێزگـاریی شـارۆکەی جـەلـەولا و کوردەکانی بکات، بەڵکە دەیتوانی خوسرەوابادا(قزل ڕەبات، سەعدیە) و شـارەبـان و مـەنـدەلـی و بـەدرە و جەسسان و زرباتییەیش رزگار بکات

عیراق ئەو دەمە، تەنێ ئەو خاکەی نێوان بەسـرە و کووفە بووە، کـە عـەرەب پێـی گوتـووە"أرض السواد" و بە کوردییش دەبێتە"ڕەشـەخـاک". لـە بـەر زۆریـی داری خورمـا، خـاکی ئـەو دەڤـەرە، ڕەش نواندوویەتی، بۆیە ئەو ناوەی لێ نـراوە[٣]. لە دوای ئەو خاکەوە، واتە لە ژووررووی ئەوێـوە، کـە ئیـدی کـەژ دەسـتی پـێ کـردووە و "بـلاد الجبال"ی پێ گوتراوە، کوردستان بووە و عیراق نەبووە و نامەکەی عومەری کـوڕی خـەتتـابیش، ڕێک ئـەو ڕاسـتییە دەردەخـات. دۆکتـۆر شـاکر خـەسـباک(شـاکر خـصباک)یـش پێیوایـــە، لەوجێگەوە، دەشـتاییەکـان تـەواو دەبـن و چیـا دەست پێ دەکات، ئیدی خاکی کوردستانە[٤].

جەلەولا لە ساڵی ٦٣٧ی زایینەوە، لە لایەن سپای عەرەبەوە، داگیر کرا. لەو سەردەمەوە تا ئـەمـڕۆ، جـەلـەولا، هـەمیـشە پێگـەیـەکـی سـەربـازی و نێوەندێکی سپایی و بازرگانی بووە. شـوێنگەی جیۆگرافیی جەلەولا لە سەر ڕووباری سـیروان و لە نێوان بەغدا و شاری خانەقین و گـەرمێن و

[٢] واقـدی"گوایـە" نووسـیویە، وڵاتگیریـی ڕەشـەخـاکی عیـراق(فتـوح سـواد العـراق)، ڕۆژبـەیانی، کردوویـە بـە کوردی و لێی کۆڵیوەتەوە و پەراوێزی لەسەر نووسیوە، چاپی دووەم، دەزگـای چاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ٩.

[٣] واقدی.... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦.

[٤] خەسباک، دۆکتـۆر شـاکر، کـورد و مـەسـەلـەی کـورد، ئەمجەد شاکەلی کردوویە بە کوردی، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوێد ١٩٩٧، ل ٤٣ – ٤٤.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو گرنگییە سەربازی و بازرگانییەی پێ داوە.

گولۆلاله"جەلەولا، قەرەغان، قەرەخان"، ئێستا ناحیەیەکی سەر بە خانەقینە و خانەقینیش سەر بە ئوستانی دیالەیە. گولۆلالە"جەلەولا" و خوسرەواباد"قزل ڕەبات، سەعدییە" و خانەقین، ئێستا بەشێکن لەو دەڤەرانەی، بە "دابڕێنراو" و "دابڕاو" و "کوردستانیی دەرەوەی هەرێم" و "کێشە لەسەر" و "جێناکۆک"، ناو دەبرێن. ئەو دەڤەرانە، دەڤەرگەلێکن، ماددەی بەدناو و بێفەری ١٤٠، دەیانگرێتەوە، کە وەک نەخشەڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە لایەن سەرکردەیەتی کورد و حوکوومەتی عیراقەوە، پەسەند کراوە و تائێستەش بە زیانی کورد و ئەو دەڤەرانەی کوردستان، گەڕاوەتەوە و یەک بەستە خاکی دابڕاوی کوردستانی نەگەڕاندووەتەوە سەر کوردستان.

هەردی عوسمان، لە ماڵپەڕی"سبەی"یدا، دەنووسێ: "**بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا رایدەگەیەنێت لە ساڵی (٢٠٠٣) وە تائێستا زیاتر لە (١٨٠٠) خێزانی کورد بەهۆی خراپی رەوشی ئەمنی ناحیەی جەلەولاوە ناحیەکەیان بەجێهێشتوە ئەو رێژەیەش لە نیوە زیاتری خێزانە کوردەکانی ناحیەیەکە پێکدەهێنێت. ئەنوەر حسێن، بەڕێوبەری ناحیەی جەلەولا بە (سبەی) راگەیاند: بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە لە بەردەستماندایە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لەساڵی (٢٠٠٣) تائێستا زیاتر لە (١٨٠٠) خێزانی کورد ماڵ و حاڵی خویان بەجێهێتشتوە و رویان لە ناوچەکانی هەرێم کردوە بەتایبەت قەزاکانی کەلار و کفری و چەند شوێنێکی تر.**

**ئاماژەی بەوەشکرد، بەپێی ئامارەکانی کۆبونی خۆراک و وەزارەتی بازرگانی، لە ساڵی (٢٠٠٣) زیاتر لە (٣٥٠٠) خێزانی کورد لە ناحیەی جەلەولادا دەژیان، بەڵام لەئێستادا نزیکەی (٦٠%)ی ئەو رێژەیە ناحیەکەیان بەجێهێشتوە بەهۆی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی لە ناحیەکەدا ئەنجام دەدرێت بەتایبەت بەرامبەر هاوڵاتیانی کورد. بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا، رەخنەی لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی گرت بەوەی نەیانتوانیوە چارەسەرێک بۆ ئەو لێشاوە کۆچکردنەی کوردان لە ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان بدۆزنەوە.**

**ناحیەی جەلەولا سەر بە قەزای خانەقینە و یەکێکە لە ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا و لە ئێستاشدا ئەو ناوچەیە بە هۆی بەجێهێشتنیەوە لەلایەن کوردانەوە خەریکە مۆرکی کوردبونی لەدەستدەدات**"[5].

بە گوێرەی قسەی بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا، لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، ٣٥٠٠ خێزانی کورد، لەو شارۆکەیەدا هەبوون و لەو ساڵەوە تا ئەمڕۆ(٢٠١٣)، ١٨٠٠ خێزان، کە ڕێژەیان

[5] http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=24471&LinkID=4

دەکاتە ٦٠%ی دانیشتووانی کوردی جەلەولا، شارۆکەکەیان جێهێشتووە و ڕوویان کردووەتە، کەلار و کفری و شوێنی دیکە. بەڕێوەبەری ناحیەکە، هۆی بارکردنی ئەو خێزانە کوردانە دەگێڕێتەوە بۆ، خراپی ڕەوشی ئاسایش و هەڕەشەی تیرۆریستان و پێیشی وایە، جەلەولا خەریکە مۆرکی کوردبوونی لەدەست دەدا.

ئەگەر لە نێوان ٢٠٠٣ – ٢٠١٣ دا، کە دەکاتە دە(١٠) ساڵ، ١٨٠٠ خێزانی کورد، شارۆکەی جەلەولایان جێهێشتبێ، دەکاتە ئەوەی، کە لە ماوەی هەر یەک ساڵدا، ١٨٠ خێزانی کورد، ئەو شارۆکەیان جێهێشتووە و دەکاتە ئەوەی، کە لە هەر دوو ڕۆژ جارێکدا، یەک خێزانی کورد، باری کردووە. ئەگەر هەر خێزانێکی کورد، بە پێنج کەس بژمێرین، ئەوا دەگەینە ئەوەی، کە لە ماوەی یەک ساڵدا ٩٠٠ و لە ماوەی یەک مانگدا ٧٥ و لە ماوەی دوو ڕۆژدا ٥ کەس و لە ماوەی ئەو دە(١٠) ساڵەشدا، ٩٠٠٠ تاکی کورد، ئەو شارۆکەیان جێهێشتووە.



سوپای مالکی لە جەلەولا

بارکردنی کورد لەو شارۆکەیە و جێهێشتنی، بەڵێ ترس و دڵەڕاکە و ڕەوشێکی نائارامی و نەبوونی ئاسایش و دڵنیایی، پاڵنەرێتی، لێ کارێکی خۆبەخش و ئارەزوومەندانەیە. ئەو خێزانە کوردانە، بۆ خۆیان و بە ئارەزووی خۆیان، جلک و جەواڵ و شرە و شیتاڵی خۆیان دەپێچنەوە و خانوو و زەوی و موڵکی خۆیان جێدەهێڵن و ڕوو دەکەنە، کەلار و ئەو دەڤەرانەی، کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی تێدایە. دیارە کەس نییە، لەم جیهانە، هەوڵی ژیانێکی ئاسوودە و ئارام و خۆشتر نەدات و لە تەنگانە و ناخۆشی و کێشە، هەڵنەیەت، ئەوەش مافێکی سروشتی هەموو مرۆڤێکە، لێ ئەو خەڵکە کوردەی ئەو شارۆکەیە و گەلێ شارۆکەی دیکەی وەک: خورماتوو، تاووغ، مەندەلی، شەنگال، قەرەتەپە، کەرکووک، مووسڵ و...جێدەهێڵن، کە هەمان کێشەی شارۆکەی جەلەولایان هەیە، ئەو خەڵکە، بێ هیچ کاردانەوە و بەرهەڵستیکردنێک و ڕووبەڕووبوونەوەیەک و دەمەقاڵەیەک و دەستدانە یەخەی یەکدی و شەڕ و بەرگرییەک و دەستدانە تێلایەک و شەڕەجوێنێک، سووک و ئاسان، ماڵەکەیان دەخەنە ئوتۆمبیلەکەوە و بەرەو کەلار، کفری، سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە، ڕانیە یا هەر جێیەکی دیکەی ئەو هەرێمەی کوردستان، تێیدەتەقێنێن و وڵات بۆ تیرۆریست و عەرەب و داگیرکەر، چۆڵ دەکەن! هیچ یەکێک لەو ماڵانەی بار دەکەن، لەو کەسانەی شارۆکەکەیان جێدەهێڵن، هەرگیز گچکەترین بەرگرییان لە خۆ نەکردووە. عەرەب و داگیرکەرانی ئەو شارۆکەیە، نامەیەک فڕێ دەدەنە ماڵە کوردێکەوە و هەڕەشەی لێ دەکەن، کە دەیانکوژن و چی و چییان لێ دەکەن، ئەگەر لە ماوەی دوو یا سێ

ڕۆژدا، بار نەکەن. جاری وایش هەیە، مۆڵـەتـی یەک ڕۆژیان پێ دەدەن، ئیدی کوردەش هـەمـان ڕۆژ خۆی دەپێچێتەوە و ماڵ و خانوو و کـۆڵان و گەڕەک و شارۆکە، جێدەهێڵێ و سەری خـۆی و ماڵ و منداڵی هـەڵـدەگـرێ و بـە هـەڵـەداوان دەگاتە کەلار، بێ ئـەوەی بیـری بـە لای ئـەوەدا بچێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی بپارێزێ و داکۆکی لە خۆی بکات، ئیدی بە دەستدانە چەک بێت یا بە شەڕەدەست و شەڕەشەق و شەڕەتـێلا یا هەر شیوازێکی دیکە.

ئەگەر لەنێو هەر خێزانێکدا لەو ١٨٠٠ خێزانەی، کـە جـەلـەولایـان جێهێـشتووە، یـەک کـەسـیان توانستی چەکهەڵگرتن و بـەرگـری و جـەنـگ و سەرەڕوویی و شەڕەشـەقی هـەبێت، ئـەوا لـەو ١٨٠٠ خێزانە، یەک سپا یا ڕێکخراو یا گرۆ یـا هێزێکی چەکداری ١٨٠٠ کەسی، دروست دەبـوو و پێکدەهات. هێزێکی ١٨٠٠ کەسیی، دەیتـوانی نەک تەنـێ پارێزگـاریی شارۆکەی جـەلـەولا و کوردەکانی بکات، بەڵکە دەیتوانی خوسرەوابـاد (قزل ڕەبات، سەعدییە) و شارەبان و مەندەلـی و بەدرە و جەسسان و زرباتییەیش ڕزگار بکـات. لەبـری ئـەوەی کـوردانی جـەلـەولا و و تـەواوی بـاژێڕ و شـارۆکەکـانی مانـەنـدی ئـەو، زۆر خوێنـساردانە، چـاوەڕوانـی ئـەوە بـن، نامـەی هەڕەشە بخرێتە ماڵەکانیانـەوە، بـۆ ئـەوەی بـار کەن، دەبوو ئەمان خۆیان، نامەی هـەڕەشـەیـان، بخستبایەتە نێو ماڵە عەرەبـە داگیرکـەرەکانـەوە، بۆ وەی ئەوان باریان کردبا و هەڵهاتبان و ئـەو دەڤەرانەیان جێهێشتبا. دەبوو ئەمان دەسپێشخەر

بووایەن لە تۆقاندن و ڕاونانی داگیرکەر. دەبوو ئەمان چووبانە سەر ماڵـە عـەرەبـی داگیرکـەر و هەڕەشەیان لێ کردبان. ئەم گوێڕایەڵییەی کـورد و قـایلبوون بـە هـەڵهـاتن، بـەرانبـەر سـووکە هەڕەشەیـەکـی داگیرکـەرانـی عـەرەب، وەنـەبـێ شتێکی نوێ بێ و تەنێ لە جەلەولادا بەرجەسـتە بێت. پرۆسێسی ئەنفالیش، کە لە لایەن خەڵکەوە (ئـەنفالکراوانـەوە)، تاکـە یـەک بـەرگـری و یـاخیبوون و ڕووبـەڕووبوونـەوەی بـە خـۆوە نـەبینـی، بـەڵکـە تـەواوی ئـەو خـەڵکـە، بـێ بچووکترین و لاوازترین بەرگریی، دران لەبەر و خرانـە نێـو ئۆتـۆمبیلی سـەربازییـەوە و بـۆ خوارووی عیراق و بێئاوانەکانی، گواسـترانەوە. ئەگەر هاتباو ئەو خەڵکە کوردە، بـەرگرییـان لـە خـۆ کردبـا، بێگومـان کۆمـەڵێـک سـەربـاز و چەکداری عیراقی لـە گونـدە ئـەنفالکراوەکـانی کوردسـتان، دەکـوژران و خـەڵکـانێکی کـورد، هەڵدەهاتن و ئەو کـوردە گوندنـشیانەشی، کـە دەکوژران، هەر هیچ نەبا، لـەنێـو گونـد و دۆڵ و دەشـتایی و پـەنـادیواری، زێـدی خۆیانـدا، دەکـوژران و نـەدەبـران بـۆ ئـەو دەشـتاییانەی عیـراق. کـورد، ئـەو حـەڵـە ئـەوەی نـەکـرد و ئێستاش، هەڕەشەنامەیەکی عەرەبێک لە جەلەولا، سەدان کیلۆمیتر، هەڵیدەفڕێنێ و وڵاتی پێ چۆڵ دەکا. بڕوا ناکەم، هیچ خـەڵکێـک لـەم جیهانـەدا، مانـەنـدی کـورد، وا سـووک و ئاسـان، دەستبەرداری هەموو شتێک بن و چنگ لـەسـەر شـان هـەڵبـێن. عـەرەب، کـە باسـی خـەڵکـی بەرگەنەگر و قووچێن و هەڵاتوو بکـەن، دەڵـێن: لە هەڵاتندا وەک ئاسکن"وفي الهزيمة كالغزال..".

لە ڕاستیدا کورد، لەو بوارەدا، وەک ئاسک وایە و هەمیشە، خاکی بۆ دوژمنانی جێهێشتووە.

تۆ ئەگەر، بەراوردێکی کورد لەگەڵ فلستینییەکان بکەیت، نابەرانبەرییەکی یەکجار زەق و لەبەرچاوت بۆ دەردەکەوێ. فلستینییەکان، کە لە ١٩٤٨ەوە تا ئەمڕۆ، ڕۆژانە، داگیر دەکرێن، وەدەر دەنرێن، ماڵیان دەرووخێنرێ، ڕەزیان دەسووتێنرێ، خانوویان لەگەڵ خاکدا یەکسان دەکرێ، دەکوژرێن، زیندانیی دەکرێن، ئێستاش، پیاویان، ژنیان، منداڵیان، پیریان، لاویان، کچیان، کوڕیان، بەرگری دەکەن و لەسەر دارەزەیتوونێک، بڕکەترۆزییەک، تەپۆڵکەیەک، جۆگەلەیەک، دیوارێک، بەردێک، بەرگری دەکەن و بە هەموو شێوازێک، تەنانەت بە بەرد و تێلاو و چەپۆک و بەردەقانی و دارلاستیک و تف و جوێن، بە گژ، جوولەکەی داگیرکەردا دەچن. لێیان دەکوژرێ و لێیان زیندانی دەکرێ و لێیان لە زێدی خۆی دووردەخرێتەوە، لێ ئەوان زیاتر بەرگری دەکەن و بەرخودانیان پتر پەرەدەستێنێ و هەرگیز لە خەبات و کارە شۆڕشگێڕییەکانی خۆیان، بۆ یەک خولکە و یەک سات و یەک چرکەیش، سارد نابنەوە و کۆڵنادەن.



ژنە فەلەستینییەک ڕێ نادا دارەکە ببڕنەوە

حوکوومەت و حیزب و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، هەرگیز لە پرسیی دەڤەرە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا، پەرێزپاک و بێتاوان نین و ئەوان دڵسۆز و خەمخۆر و بەتەنگەوەهاتوو و جیددی و لێبڕاو، نەبوون و ناشبن و بەرپرسیی دۆڕانی ئەو دەڤەرانە و ئەو ڕەوشەی ئەو دەڤەرانەی تێدایە، هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، لێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە خەڵکی کوردی ئەو دەڤەرانە، هیچ بەرپرسیاریەتییەکیان لەو پرسەدا نەبێت! خەڵکی کورد، لەو باشووره تەنبەڵخانە و مشەخۆرخانەیەی کوردستان، وا ڕاهاتووە، ئەگەر جۆگەلەیەکی چلکاوبەر بەبەر دەرکەی ماڵەکەیدا بڕوات و ڕۆژێک ئەو جۆگەلەیە، ئاوماڵکە و خاشاک بەری بگرێ و چلکاوەکە بەرزبێتەوە و بەر ماڵەکەی پیس کات، ئەوا دێتە سەر تەلەڤزیۆن و دەڵێ حوکوومەت هیچمان بۆ ناکات و ئەوەتا ئەو جۆگەلە چڵکاوە خاوێن ناکاتەوە! ئەو کارە بە هەر مرۆڤێکی دانیشتووی ئەو کۆڵانە دەکرێ و مرۆڤ دەتوانێت لە خۆیەوە و لە کار و ئەرکە گچکەکانەوە، دەست پێ بکات! کورد، ئەگەر چاوەڕوانی حیزب و سەرکردەیەتی سیاسیی کوردستان و دەسەڵاتدارانی هەرێم بن، بۆ پاراستنی کوردستانیەتی جەلەولا و دەڤەرەکانی دیکەی وەک جەلەولا، ئەوا ئەنجامەکەی لەم دە ساڵەی ڕابوردووە باشتر نابێ! خەڵک دەتوانن، لەو دەڤەرانەی وەک مووسڵ، کەرکووک، خورماتوو، داقوق، قەرەتەپە، مەندەلی، جەلەولا، قزلرەبات، شارەبان و تەواوی ئەو دەڤەرانە، سەدان ڕێکخراو، دەستە،

کۆمەڵە وگرۆی ڕزگارکردنی ئەو دەڤەرانە و پاراستنی خەڵک و خاکی ئەو دەڤەرانە، سازکەن و پشت بە خۆیان ببەستن و پێش ئەوەی داگیرکەران، دەستیان لێ بکەنەوە، ئەمان دەستی خۆیان بوەشێنن و پێش ئەوەی ئەوان بیانکەن بە شیو، ئەمان ئەوان بکەن بە فراقین.

١٧ – ١٠ - ٢٠١٣

<u>بانگەواز</u>

ڕووناکبیرانی کورد، نووسەرانی نەتەوەکەمان، ڕۆژنامەنووسانی ڕێگای سەرفرازی و ئازادی، هونەرمەندانی تێکۆشەر!

قەقنەس، دەنگی ئێوە و نەتەوە و نیشتیمانی ئێوەیە، ڕەگی لە خاکی کەرکووک داکوتاوە و بە ئاگری کوردبوون و کەرکووکی بوون دەسووتێ و گەشە دەکا. هیواداریین دەنگتان لەگەڵ دەنگماندا بێ و دەستتان بە دەستمانەوە بێ و هەوڵ بدەن بۆ ئەم (قەقنەس)ە بێ پشت و پەنایە، پشت و پەنا بن. با پێکەوە بیسەلمێنین کەرکووک و ناوچە دابڕاوە دۆڕاوەکان، بێخاوەن نین و کەس ڕێی نییە قوماریان لە سەر بکا.

لاپەڕەکانی قەقنەس، بۆ نووسین و بەرهەمتان لە بارەی کەرکووک و ناوچە داگیرکراو و دۆڕاوەکانی گەرووی ماددەی پیلانی سەدوچل والایە!

لەگەڵ خۆشەویستیماندا بۆ ئێوە و بۆ خاکەکەمان

قەقنەس

# هەڵبژاردن...

هەڵۆ بەرزنجەیی



من لەنێو هەموو کتێبخانەی شەودا

من یەک کتێبم هەڵبژارد

ئەمیش پاداشتی تەنیایی ئەستێرەیەکی غەریب بوو!

لەنێو هەموو گۆرانییەکانی چیادا، من یەک گۆرانیم هەڵبژارد

ئەمیش گۆرانی ئازادیی داربەڕوویەکی شەهید بوو

لەنێو هەموو خەونەکانی یادگاردا، من یەک خەونیانم هەڵبژارد

ئەویش خەونی زەردوسووری منداڵی بوو

بەڵام من خۆم

نە ئەوینی خاک و خۆڵی کوردستانم هەڵبژارد و

نە ئەوینی چاوی دایکم...

کەچی هەردووکیان لە گشت ئەوینێکی دیکەی دنیای گیانم

ڕووناکتر و

گەرمتر و

گەورەتربوون !...

ئەم کۆپلە شیعرەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس، دەکەمە دەروازەیەک، بۆ چوونە نێو دنیای پەلکەزێڕینەئاسای شاعیرەوە، تاوەکو ڕاگوزەرانەش بێت تێگەیشتنێکی فراوانمان بۆ چەمکی شیعر و جوانی وشە و ئاوازی ڕستە و بنەمای بیرکردنەوەکان لا دروست بێت.

هەر لەم سەر سەکۆیەوە، هەوڵی ئەوە دەدەین وێنە شیعرییەکانی ئەم کەڵە شاعیرە، وەک فلیم

بهێنییە بەرچاوی خۆمان.. تاوەکو بتوانین لە پێکهاتە و مانای شیعری نەتەوەخوازی شاعیر نزیک ببینەوە.

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەو کەرەسانە بکەین،کە کۆشکی شیعری مامۆستا شێرکۆ پێکدێنن. بە باوەڕی من:

تراژیدیای پرسی کورد و کوردستان، وەک بوونێکی نەتەوەیی و جوگرافیایی و مێژوویی و فەرهەنگی..،

ژیان و ئازادی،وەک پێشمەرگە و شەهید....،

بیرکردنەوە و سەربەستی، وەک هەبوون و قەوارە....،

بەرپەرچدانەوەی ستەم، وەک خەبات و تێکۆشان...،

هاوار و بانگەواز لە بێدەنگیدا، وەک شاعیر و مرۆڤدۆست....،

جووڵە و بزاڤ لە وەستاندا، وەک گۆڕانخوازێک...،

هەوڵ بۆ پێشکەوتن، وەک کەسێ دژی پاشڤەڕۆیی و هەمیشە چاو لە ئاسۆی سەرکەوتن بڕیوە...،

وڵات و دوورە وڵاتی و ئازار و ژانی میللەتانی جیهان. لەتەک دیمەنی جوان و ژنی شۆخ و شەنگ و دار و بەرد و چیا و دەشتی نیشتمان، وەک عاشقە سروشت... هۆنراوەکانم

هەڵبەستەکانم باوەڕن
نائومێدی و خەم ئەنێژن

ڕێی تاریکیی ژیان ئەبڕن
بۆ ئازادیی،خوێن ئەڕێژن

مەشخەڵی دەس جەنگاوەرن
بەڵێنی ڕێی کۆڵ نەدانن

لوولەی تفەنگی سەنگەرن
سروودی دەم شەهیدانن



هەموو ئەمانە بە گشتی ئەو کەرەسە سەرەکییانەن،کە تابلۆی شیعری شێرکۆ بێکەس پێکدێنن.

لە شیعری شێرکۆدا... زمانی دڵ و کامێرای چاو و بیرکردنەوەی مێشک و مەعریفەی عەقڵ ، یەک میکانیزم و دینەمۆ هەڵییاندەسوڕێنێ، ئەویش بیری کوردایەتییە... زەمینەی ئەم هزر و جیهانبینییە، ماکی لەدایکبوون و رسکانی بەشی هەرە زۆری بەرهەم و شاکارەکانی شاعیرە.

وەک شاعیرێ، شێرکۆ لە مەیدانی خۆیدا، سوارچاکێکی لێهاتووی سەرکەوتوو بوو، چونکە دەسەڵاتێکی گەورەی بەسەر زمانی نەتەوەکەیدا

دەشکا. هەر وەک چۆن مەلەوانێکی باشی دەریای زمان بوو، ئاوهاش راوچییەکی کارامەی راوی ووشە و پەیڤە پرشنگدارەکان بوو، بە ئاواتی رازاندنەوەی ملوانکەی مرواری بۆ ملی شیعر و نیشتمان.

مامۆستا شێرکۆ، شارەزایەکی پسپۆڕئاسای مێژووی نەتەوە و جوگرافیای نیشتمان و فەرهەنگی کوردەواری بوو. داگیرکەر و دوژمنناسێکی باش بوو. دەرد و ئازاری میللەتەکەی بە جوانی هەست پێدەکرد. بەهرە و سەلیقەی شاعیرانەی مەزن بوو، چاوی کامێرای زیت بوو. وورد وورد سەرنجی لە رووداو و پێشهاتەکان دەگرت و تێیان ڕادەما .

ئەو رۆژەی لە سەهۆڵبەنداندا مەهاباد پاڵتۆکەی فڕێدا!

"مەهاباد" هەر هەموو برووسکەکانی لای خۆی

کۆکردبۆوە. هەر هەموو بارانەکان. هەر هەموو شینە شاهۆکان و

هەر هەموو چراوگەکانی وڵات

لە سلەیمانییەوە گردی یارە و دارتووەکەی "مەلیک مەحمود" و

چەند قەسیدەی یاخی و چەند گوڵی باخی گشتیی گەشتبوونە ئەویَ

لە هەولێرەوە، جەند دیواری "قەڵا" و چەند بازی دەشتی

قەرەچوغ" و چەند دارهەرمێی "شەقلاوە" گەشتبوونە ئەویَ.

لە کەرکووکەوە، چەند کڵپە و، چەند کۆڵانی"رەحیم ئاوا" و

چەند دار پرتەقاڵ بە هەناسەبڕکێوە گەشتبوونە ئەویَ

لە کۆیەوە چەند دار مازوویەکی "هەیبەت سوڵتان" و پێنج پەنجەی "حاجی" و دوو پشکۆی دڵدار و

چاویلکەکەی "مەلای گەورە" گەشتبوونە ئەویَ لە باکوورەوە مێزەرەکەی "شێخ سەعید" و پاڵتۆ شڕەکەی بەری و دوو قولانجیش لە پەتی قەنارەکەی گەشتبوونە چوارچرای ئەویَ لە رۆژئاواشەوە لاوێک بە قاچێکی بڕاو و دارشەقێکەوە و دوو شیعری "جگەرخوێن" لە بنهەنگڵدا گەشتبوونە ئەویَ

کاک شێرکۆ هەستناسک و بیری تیژ بوو، بە رۆحێکی تەڕ و روانگەیەکی گەشەوە نیگای جیهانی دەکرد. وێڕای هەموو ئەمانە، خوێندەوارێکی چالاک و بە ئاگای رۆشنبیریی نەتەوەکەی بوو. شیعر لای شێرکۆ بێکەس، بە زمانی سادە و پاراو، دوور لە تەمومژی ئاڵۆز و بە پێچوپەنا دارێژراوە و رستە و بەیتی بەهێز و ماناداری خوڵقاندووە..

شیعر دوای هەژان و پەنگخواردنەوە لە تاقگەی دەروون و قەڵەمەکەیەوە هەڵدەڕژایە سەر کاغەز و دەبنە گوڵەمێخەکی ملی کچان، وەک چەک دەچنە شانی پێشمەرگە، چەشنی سروود قوتابیان دەیڵێنەوە، دەشبنە کەرەسەی رەنگاورەنگ بۆ تابلۆی شێوەکاران و بەستە و

مەقامی هونەرمەنـدان. ئینجا وەک بژێو دەبـنە خۆراکی ژیان.گەر ئەرشیفی نیوسـەدە ئامـادەیی شـیعری شـێرکۆ لە مێـژووی ئەدەبـی کوردیـدا هەڵبـدەینەوە، دەبینــین سـات لە دوای سـات و بەرهەم لە سەر بەرهەم، بەرەو هەڵکشان چووە و لە هەنووکەشــدا لە لــووتکەی کەشــکەلانی دواسنووری دوورایـی ئەسـتێرە و هەسـارەکانی دیــکەی گەردوون دا، لە شــەقەی باڵــدان و ناسرەون و ناسرەون و لە فـڕین نـاکەون. هـیچ کـایە و بـوار و دیـاردەیەک نەمـاوە مامۆسـتا شێرکۆ بە شیعر نەخشی دانەڕشتبێ. شـاعیر پەنــای بــۆ جۆرەهــا دەرفەت و شــێوازی شیعرنووسـین بـردووە تـا هەسـت و نەسـت و هزری خۆی تێدا جێگـا بکـاتەوە. شیعر، وەک شــیعر، چیرۆکەشــیعر، پەخــشانەشیعر، داستانەشـیعر، رۆمانەشـیعر، پۆستەرەشـیعر و شیعری کاریکاتۆریش...

شێرکۆ بێکەس خاوەنی کورتترین و درێژتـرین شـیعرە و دیـوانی مـار و خـاچ و رۆژمێـری شاعیرێ لە ٥٦١٢ رستەدا بەرجەستە بـووە و بە یەک هەناســە لە بەرگــی رۆمانەشــیعرێکدا خەملیوە.

لە مەودا و پانتایی نزیکەی (٣٠) دیوانە شیعردا، زۆر بەدەگمەن نەبـێ دووبـارەبوونەوەی وشـە و خوێندنەوەی بابەت بەرچاو نـاکەون. بەڵکـو بە پـێچەوانەوە لە تەک هەر بەرهەمێکـدا داهێنـانی نوێ، ئەزموونی تازە و ڕێچکەی هاوچەرخـانە و دەنــگ و ڕەنگــی ســەربەخۆیانەی پێـشکەشی ئەدەبی نەتەوەکەی کردووە.

دەتوانین شێرکۆ بـێکەس، بە شـاعیری ژیـان و وێنەگر و تۆماری ئازار و ژانەکـان، بـانگەوازی خواسـتی تـاکی کـورد، داکـۆکیکەری ئامـانجە رەواکـانی نەتەوەکەی و تـاکە مافخوراوەکـانی دابنێین.

ئەو رۆژەی لە سەهۆڵبەنداندا مەهابـاد پـاڵتۆکەی فڕێدا!

"مەهاباد" هەر هەموو برووسکەکانی لای خۆی

کۆکردبۆوە. هەر هەموو بارانەکـان. هەر هەمـوو شینە شاهۆکان و هەر هەموو چراوگەکانی وڵات

لە سـلەیمانییەوە گـردی یـارە و دارتـووەکەی "مەلیـک مەحمـود" و چەنـد قەسـیدەی یـاخی و چەند گوڵی بـاخی گـشتیی گەشـتبوونە ئەوێ لە هەولێرەوە،چەنـد دیـواری "قەڵا" و چەنـد بـازی دەشــتی" قەرەچــوغ" و چەنــد دارهەرمێــی "شەقڵاوە" گەشتبوونە ئەوێ.

لە کەرکــووکەوە، چەنــد کڵــپە وچەنــد کۆڵانی"رەحیم ئـاوا" و چەنـد دار پرتەقـاڵ بە هەناسەبڕکێوە گەشتبوونە ئەوێ لە کۆیەوە چەند دار مــازوویەکی "هەیــبەت ســوڵتان" و پێــنج پەنــجەی "حــاجی" و دوو پــشکۆی دڵــدار و چاویلکەکەی "مەلای گەورە" گەشـتبوونە ئەوێ لە باکوورەوە مێـزەرەکەی "شـێخ سـەعید" و پـاڵتۆ شــڕەکەی بەری و دوو قــولانجیش لە پەتــی قەنارەکەی گەشتبوونە چوارچرای ئەوێ

لە رۆژئاواشــەوە لاوێــک بە قـاچێکی بـڕراو و دارشـەقێکەوە و دوو شـیعری "جگەرخـوێن" لە بنەنگڵدا گەشتبوونە ئەوێ ئەم چەپکە خەسڵەت

و تایبەتمەنــدییانە، بە تێکڕایـــان مەشـــخەڵی هەمیشە داگیرساو و هەردەم بڵێسەداری ژینگەی شیعر و شاعێریتی مامۆستا شێرکۆ بوون. ئێمە دەزانین شیعر لای شێرکۆ، پێش ئەوەی گـوڵ، جوانی، رووبار، ئـاواز، ژن و لەزەت بێ، شیعر نیـشتمان و خـاک و نەتەوە و ئـازادی بـووە. شیعر فەرهەنگی زمان و دەریای وشە و تـریفەی پەیڤ و شیلەی قسەکردن بووە.

ئاخر بەم لێوەشاوەییەوەی توانی لە نیو سـەدەی رابـــووردوودا، تەلاری شـــیعری کـــوردی بە جـوانترین و پڕبەهـاترین و پڕشـنگدارترین و پرمانـاترین وشـە و رسـتە، هەڵچنێ و تـابلۆ و پەیکەرێکیان لێ دروست بکـات، بێ پێنـاس و پەسـاپۆرت، رووی چـوونە هەمـوو پێـشەنگا و مۆزەخـــانە و رەفەی کتێبخانەکـــان و دڵـــی خوێنەرانی سەرتاسەری جیهانی هەبێت.

شیعری شێرکۆ، چەند رەگێکی بەنـاخی زەویـدا داکوتـــاوە و جۆرەهـــا رەهەنـــدی هزریـــی و کــۆمەڵایەتی و فەرهەنگــی و شارســـتانێتی و ئیـــستاتیکێتی هەیە. شـــیعرەکانی بە تێکـــڕا ئاوێنەی باڵانومـای واقیعـی سـەخت و ئـاڵۆز و دژواری نەتەوە و خاکێـــک نمـــایش دەکەن،کە داگیرکراوی و دابەشکراوی و ستەم و زۆرداری دیـــاردەی هەرە بەرچـــاوی گـــوزەرانێتی. هەر رووداوێ، بەســـەرهاتێ، دیمەنـــێ، باسوخواســـتێ ســـەرنجی راکێـــشابێ و هەســـتی جوڵانـــدبێ، دەمودەســـت لە چوارچێـــوەی شـــیعرێکی تەڕ و زینـــدوودا ئەفرانـــدوویەتی. رەنـــگە بتـــوانم بە ئـــازایەتییەوە بڵـــێم، روخـــسار و نـــاوەڕۆک لە شـــیعری شـــێرکۆدا لە بەشـــی هەرە زۆری بەرهەمەکانیـــدا هاوشـــانن. بەواتـــایەکی دیـــکە هیچیـــان نەبـــوونەتە قوربـــانی ئەوی دیکەیـــان. عەشقی ئەدەبی و پەیـام لە شـیعری شـاعیردا، لە سـەر بنەمـای بیـر نەخـش بـووە و هـزریش بنچیـنەی مەحکەمـی کۆشـکی شـیعرە. لێـرەدا کوردایەتی هەوێنی پێناسەی زامی بە سفتوسـۆی و خەون و هیوای نەتەوەیە.

ئەوەی بۆ خودایە و ئەوەی بۆ خاکە

ئەرخەوانێکی دووگیانی ژێر لمی "عەرعەر"یـش ئەیوت:

منیان نەهێنا بـۆ ئێـرە لە ژیلەمـۆی لـم نەگیـرام، لەبەر ئەوەی

ئایەتێکی موسڵمان بووم یـان مریەمێکـی دییـان بووم

یان مامزێکی سوننە بم، یاخود قومرییەکی شیعە

لەبەر ئەوانە هیچیان نا...

تەنها و تەنها لەبەر ئەوەی

ژنە درەختێکی کورد و مانگەشەوی

سەر شاخێکی کوردستان بووم!

لەبەرئەوە منیان هێنا

لەم روانگەیەوە...چوونە ژوورەوە بـۆ ژیـنگەی شیعری شێرکۆ بێکەس، رەنگە ئاسـان بـێ، لـێ دەمانخـاتە بەردەم ئەرکێکـی گـران لە رامـان و لێکدانەوە، کە دەرچوون لێی گەلەک زەحمەتە.

مامۆستا شێرکۆ... تا دوا تەمەنی مێشکی شیعر و پەیڤی لە کارنەکەوت، بەهرەی وشکی نەکرد، زمانی ستایشی لە گۆ نەکەوت و چاوی بینینی کز نەبوو و سەلیقەی شاعیرانەشی کوێر نەبۆوە. وەک رووبار، هەردەم خوڕە و هاژەی هاتووە، بە وێنەی بولبول بەردەوام جریواندوویەتی، چەشنی ئەستێرە و مانگ و خۆر بێ پشوودان لە هەڵهاتندا بووە. ئەم کاراکتەرەیشی وای کردووە، بە درێژایی ئەزموونی شاعیرێتی، لە کاروانی شیعر هەرگیز دوانەکەوێ.

شاکارە شیعرییەکانی {مردووی زیندوو، جارێکی تر سمکۆ ناگەڕێتەوە سەرخوانی مردن، من تینوێتیم بە گڕ دەشکێ، داستانی بەردە قارەمان، چیرۆکەشیعری داڵ، داستانی مامە یارە، قەسیدەی ژەهر، شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر، ئاسک، بەیتی ئاگر، دەربەندی پەپوولە، مارو خاچ و رۆژمێری شاعیرێک و ئافات و من ئێستا کچێک نیشتمانمە و قەسیدەی مەرگ} و... چەندان شاکاری دیکە،گەواهی لەسەر توانا و بەهرە و ئامادەگی شاعیرانەی مامۆستا شێرکۆ لە رووبەری ئەدەبەکەمان دا دەسەلمێنن.

شاعیر لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ:

"من خۆم بە کوردێکی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازی دیموکرات دەزانم، من پێم وایە لە رێگەی کوردایەتییەوە مرۆڤایەتی ئەدۆزینەوە... بە لای منەوە لەم رۆژگارەدا خەباتی نەتەوەیی رزگاریخوازی گەلی کورد لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەیدا، لە پێناوی پاراستنی بوونی کورد و زەحمەتکێشانی ئەم گەلەدا ئەرکێکە پێش لە هەموو مەسەلەیەکی ترەوە."

رەنگە ئەم دید و بۆچوونە لە زمانی شاعیر خۆیەوە بەس بێت،کەوا سەنگەری بیر و شیعر و خەبات و ئاوات و حەز و خولیای بەدیاری رەنگرێژ بکات.

کاک شێرکۆ نزیکەی ٥٠ ساڵ زیاترە هاوشانی رەوتی ئەدەبی کوردی، ئەسپی خۆی تاوداوە. لە مەودای کات و شوێنی پڕ لە هەوراز و نشێو و گۆڕان و پێشهاتی کتوپڕ و ناوەختدا، رەنگە کەلێن و کێماسی و کورتهێنانێک دروست بوو بن، کە جێی سەرنجی من و رەخنەی تۆ و نیگەرانی کەسێکی تر بێت. رەنگە ئەو سەنگەرەی من هەڵمبژاردووە، کاک شێرکۆ یەکێکی تەنیشت منی بۆ خۆی دیاری کردبێ، ئەو رەنگەی لای ئەو جوانە، بە دڵی تۆ نەبێ و حەز و ئارەزووەکانی کاک شێرکۆ هاوشێوەی ئەوی ترمان نەبووە.

لێ دەبێ هۆشیار بین لە هەڵسەنگاندن و نرخاندن و بڕیارداندا و لە یادمان بێت، شێرکۆ بێکەسیش، وەک من و تۆ و ئەو، مرۆڤە و تاکی میللەتێکی دواکەوتووە و کەم و زۆر قوربانییەکی دیار و بەرچاوی سیاسەتی نەفرەتلێبووی حیزبایەتی سەقەت و ملشکاوی کوردییە.

هاوزەمان ئەوە بسەلمێنین، کە گشت لە گشتی ئەم راستییە تاڵانە و سەراپای پانۆڕامای ژیانی شاعیرانە و کەسیی مامۆستا شێرکۆیان لە

بەهرەی شاعیرانە و بالآی شیعر و شاکاری بەرهەمەکانی دوانەخستووە و کەمناکاتەوە.

شێرکۆ بێکەس، کوڕی فایەق بێکەسی شاعیر و پەروەدەی سلێمانی و خەمخۆر و پەرۆشی هەموو کوردستان و ئالآبەدەست و سیمبۆلی کوردایەتییە. ئاپۆڕەی تووڕە

لە یەک کاتدا

سەرم سەری کرماشانە و

شان و ملم شان و ملی " قامیشلو"وە و

لە یەک کاتدا "ئامەد" سنگمە و

"کەرکووک" دڵمە و

"گەرمێن" قاچمە و

"سلێمانی"یش چاوەکانمە

"کوردایەتی" چراوگی هەمیشە رۆشنکەرەوەی رێگەی ژیان و کلآورۆژنەی تەماشاکردنی جیهانی بووە. هەر ئەم بنەما و مۆرکە هزریی و فەرهەنگییە، بێ چەند و چوون مۆری گەورەیی، سەرکەوتن، زیندوویی و بە جیهانیبوونە دەدات لە { ناو و باڵ و سەنگ و جوانی و رەهەند و مانا}ی شیعر و شاعیرێتی مامۆستا شێرکۆ.

بە ناچاری دەمەوێ جارێکی دیکە، پەنابەرمە بەر شیعرجاڕی مامۆستا و بۆ دەوڵەمەندکردنی بۆچوونەکان، کۆپلەیەک شیعری دیکە بۆ ئێوەی خۆشەویست راگوێزم..

لە شاکارە شیعرێکدا بە ناوی (لە چلەی قەڵەمێکی کەڵدا)،کە بۆ مامۆستا" فەرەیدون عەلی ئەمین"ی هاوبیر و مامۆستا و خزمی وتووە، دەڵێ:

خوێندکارێکی پۆلی بەردەستی مامۆستا (فەرەیدون عەلی ئەمین) بووم

ئەو لە گۆمی پیرۆزی کوردایەتی هەڵکێشام و یەکەمین وانەی

عەشقی سەربەستی و سەربەخۆیی پێوتم و ئینجا بە بست

بە بستی نەخشەی ئەم کوردستانە ئازیزەدا گەڕان و

چیرۆکی رەگ و ریشەی خۆمی لە میدیاوە بۆ گێڕامەوە

تا ئەگاتە سەر چریکە و هەڵمەتەکانی ئاوباریک و دەرسیم و

سەقز و تا پەتەکەی ملی قازی و

هەر ئەویش مەلآشووی بە شیعری حاجی و بێکەس و گۆران

هەڵدامەوە و دەرگای مێشکمی لەسەر هەتاوی ئازادی کردەوە...

جێی خۆیەتی سوپاس و ستایشی مامۆستا فەرەیدون بکەین،کە شێرکۆ بێکەسی وا گۆش کرد، ئەو قوتابخانە هزرییەش ئاوەدانتر بێت، کە شاعیری تێدا پەروەردە بووە. هەزاران هەزار چەپکە گوڵی رەنگاورەنگیش بۆ سەر گڵکۆی مامۆستا شێرکۆ بێکەس، کەوا کوردایەتی کردە

چراوگی ڕێی گەشتی شاعیرێتی و مەشخەڵی دەستی بەرەو ئاسۆ و ڕووناکی...

بەڵێ بەم پانۆڕاما خێرایەدا بۆمان دەردەکەوێ،کە مامۆستا شێرکۆ، بەم جیهانبینییە شیعرییە و ڕێچکە تایبەتە بە خۆی و ئاوات و هیوای بەرزی لە ژیاندا، توانی مەرگی دێوەزمە ببەزێنێ و بۆ هەتا هەتایە بە نەمری و سەرکەشانە ناو و شیعر و یادگاری بمێنێ.

بە هیوام، وەک ئەمەکێک بەرانبەر وەسێتنامەکەی، بە بەستەی گۆرانی و لەرەی مۆسیقا و بەزمی هەڵپەرکێ و خەڵاتی بێکەسەوە، لە پارکی ئازادی و لە کوردستانێکی ئازاد و یەکساندا، ساڵی ئایندە ئاوپرژێنی ڕەوانی شاد و یادگارەکانی بکەینەوە .

**تا ملکەچی یەکی نەخستوین**

**با بۆ ئازادی یەك بگرین**

لە مێژووی نێزیکماندا، لە هەرەس و کۆڕەو و ئەنفال و کیمیابارانەدا، وەک یەک و یەکگرتوو بووین. چەکی داگیرکەر، وەک سەرما و برسێتی، جیاوازی لە نێوان ئەم حیزب و ئەو لایەن، ئەم پیاوی دیندار و ئەوی تری بێ باوەڕ نەدەکرد. منداڵ و گەورە، ژن و پیاو، گەنج و پیر، هەموو وەک یەک بە گەرووی کارەساتدا دەچووین یەکگرتوو بووین.

بەڵام کە دەرفەتی سەرکەوتن لە بەردەمماندا کرایەوە، یەکگرتنمان نەما... لێک دابڕاین و کەوتینە دروستکردنی پێناسەی ئەم حیزب و ئەو حیزب بۆ پیاوانی داگیرکەر، تا لە ئەنجامدا کەرکووکمان بە ماددەی ١٤٠ خنکاند.

# فەلسەفەی شەترەنج و دەنکەگەنم لای ئەشوو زەردەشت:

جەلیل عەباسی





پەیامی زەردەشت چ وەک ئایدیۆلۆژی و دین سەیر بکرێت و چ وەک فەلسەفە، لە هەردوو حاڵەتەکەیدا پەیامێکی قووڵی ئینسانی و مەزن و زیندووەو دەکرێ وەکوو بناغەیەک وەربگیرێت کە هەنووکەش و تا دوایین چرکەکانی ژیانیش کۆشک و تەلاری بەرزی هۆشمەندی و هوشیاری و کامەرانی و بەختەوەریی مرۆڤانەی لەسەر بنیات دەنرێت و لە ڕابردوو و ئێستا و ئایندەشدا مەشخەڵێکی ڕووناکیبەخش و درەوشاوەیە کە شاڕێگای گەیشتن بە سەربەستی و کەرامەتمەندی بۆ مرۆڤ ڕووناک دەکاتەوە. مەشخەڵێک کە هەرچی سووچ و کون و قوژبنی نەناسراوە ڕۆشنی دەکاتەوەو دێوەزمەی تاریکی دەتارێنێ، تاریکاییەک کە لای ئەو بە سەرچاوەی درۆ و نادروستی و کەج ئەندێشی و ئاکاری خراپ دەژمێردرێت و بەیەکەمین دوژمنی مرۆڤی ڕاستگۆ و بەکەرامەت دادەنرێت. ئەم پەیامە پیرۆزە لە قاڵبە ئایدیۆلۆژییەکەیدا ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت کە ئەقڵانی بیر بکەینەوەو خۆمان لە تەوتەم و تابۆ پەرستی ڕزگار بکەین و یەکەمین کەس بین کە دژی سیستەمی هەرە دۆگم و ئاڵۆزی چەند خودایی بوەستین و سەرجەم بتەکانی جەهل و نەزانی تێک بشکێنین و بڵێین: کەون و کاینات تەنیا یەک خواوەندی هەیە، یەک خواوەند بەواتای خاوەن کە ئەویش نەک (معبود) و (قادری

موتڵەق) و (منتقم) و (متكبر) و (جبار)، بەڵکوو وەک دۆست و یار و پێشڕەو کە مرۆڤ نەک عەبد و زەلیل و تەسلیمی دەستی بەهێزیەتی، بەڵکوو دۆست و هاوکار و یاریدەدەریەتی بۆ بەرەو پێشبردن و گەشەپێدانی ژیان و جیهان. ئەم خواوەندە، لەدینی زەردەشتدا بەناوی دۆستی زانا و سەروەری بەئاگا دەناسرێت و هاوسەنگەری مرۆڤە لەشەڕو بەربەرەکانێ دژی درۆ و تاریکی و نەزانیدا و هاوڕێیەتی لە کاروانی سەربەرزی و ڕاستیخوازی و هەوڵا و کۆششی بنیاتنەرانەدا.



**زەردەشت و ویشتاسپ**

هەروەها لەقاڵبە فەلسەفییەکەشیدا ئەقڵانیتر و زانستیتر ژیان و جیهان و واتاکانی زیندەگیمان پێدەناسێنێت و خۆشەویستتریان دەکات لە لامان تا زۆرترو دڵگەرمتر هەوڵبدەین لەپێناو پراکتیزە کردنیان و بووژاندنەوەو زیندووکردنەوەی زۆرتری ژیانی مرۆڤانەمان بەشێوەیەکی ڕۆژانەو بێ وچان و بێ خەمساردی. دەتوانین سەرجەم واتاو مەبەست و پەیامی ڕاهێنانەکانی زەردەشت لەهەردوو قاڵبەکەدا (دین و فەلسەفە) لەدوو خاڵدا ببینینەوە واتە لە (شەترەنج و دەنکەگەنم)ێکدا:

لەوانەیە تائێستاش مێژوو و بەسەرهاتی شەترەنج بۆ زۆرکەس ساغ نەکرابێتەوە، یاخود هەرکەسەو ڕاوبۆچوونێکی لەسەر دابێت. گەرچی پێشتر و لەژمارە(٤٣٦)ی هەفتەنامەی گوڵان لە ستوونی (فەرهەنگی یەسنا)دا بەکورتی ئەم باسەم ورووژاندووە و لەبابەتێکدا بەناونیشانی (کش و مات) کورتە ئاوڕێکم لەو بوارە، واتە لە مێژووی شەترەنج داوەتەوە، بەڵام بە پێویستی دەزانم لێرەدا بە تێروتەسەلی لێی بدوێم و لەگەڵا خاڵی دووەم واتە (دەنکەگەنم)دا باسیان لێوە بکەم تا ناوەڕۆکی ئەو پەیامە فەلسەفی و جیهانبینیە قووڵا و بەرفراوانەی زەردەشت لای خوێنەری کورد زۆرتر بناسرێت و ڕۆشنتر بکرێتەوە:

زەردەشت لە سیهەمین (٣٠) ساڵی پاشایەتیی (ویشتاسپ)ی شای کەیانیدا سەری هەڵدا و بەرەبەرە پەیامەکەی پەرەی سەند و ناوبانگی لە سنووری شاخە سەرکەش و باخە چڕوپڕەکانی هەورامان تێپەڕی و بە سەرتاسەری ئێرانی ئەو سەردەمەدا بڵاو بووەوە. لەوکاتەدا پاشای پیرو کامەران تووشی دڵساردی و نائومێدی و ڕەشبینی دەبێت.. پێی وایە جیهان بۆ ئەو کۆتایی هاتووەو ژیان هیچ واتایەکی نەماوەو

ئەویش هیچ بیانوویەکی نییە پێی بژێت و پێی ئومێدەوارو دڵخۆش بێت چونکە لە وڵات و دەسەڵات و ماڵا و سامان هەیەتی و سەرکەوتووە بەسەر جیهاندا و گەیشتووە بەسەرجەم ئاوات و خواستەکانی و ئیدی نزیک بۆتەوە لە خاڵی کۆتایی! ئەم خەیاڵە نائومێدانەیە دەبێتە خوورە و دڵی دەخواتەوە و تووشی نەخۆشی و پەژارە و ڕەش ئەندێشیی کردووە. هەواڵی ئەو ئاڵۆزی و پەشۆکاوییە دەگەیەنە لای زەردەشت و داوای چارەسەری لێدەکەن.. زەردەشت پەی بە مەسەلەکە دەبات و تێدەگات کە نائومێدبوونی پاشا هۆی ئەوەیە کە بەتەواوەتی لە فەلسەفەی ژیان و جیهان و بوون نەگەیشتووە و تاقە ڕێگەچارەش هەمان هۆشیار کردنەوەو ڕاچڵەکاندن و تێگەیاندنیەتی.. بۆیە سەرجەم فەلسەفەی ژیان لەناو چەند خانەی ڕەش و سپی و چەند مۆرەی جۆراوجۆری تایبەتی خانەکاندا پڕ دەکاتەوەو شەترەنج دادەهێنێ.. پاشان هەموو یاساکانی یاری دەنووسێتەوەو چوارچێوەکەی دیاری دەکات و دەینێرێتە لای پاشا. زەردەشت لە داهێنان و دیاریکردن و یاسامەندکردنی شەترەنج دەیەوێت نەک بە تیۆری بەڵکوو بە کردەوە فێرمان بکات و پێمان بڵێت: (( ژیان بزاوتێکی ئاڵۆز و پڕجووڵەو پڕ ڕەمزوڕازە کە تاهەتایە لە جووڵە ناکەوێت و هیچ کۆتاییەکی بۆ نییە، ئەم بزاوتە هەرە زیندووەش لە گۆڕەپانێکدایە، پێی دەڵێن گێتی کە دەبێ بەپێی یاساو ڕیسا و دیسیپلینێکی تایبەت و شایستە هەوڵا بدرێت بۆ بەرینتر کردن و ئاوەدانکردنەوەی زۆرتری ئەو جیهانە و بەرەوپێشتر بردن و بەگوڕتر کردنی ژیان تێیدا. ئەو چەند مۆرە جۆراوجۆرە سیمبولی مرۆڤ و زیندەوەرە بەسوودەکانە کە دەژین و دەبێ هەمیشە لە جووڵە و بزاوتدا بن بەبێ ئەوەی ماندوو ببن و کۆڵ بدەن، ئەو چەند خانەیەش ڕەمزی ئەم گۆی زەویەیە کە تێیدا دەژین، زەوییەک کە بریتییە لە دوو لایەن، دووخاڵ، دوو خواست و دوو واتا کە ئەوانیش ڕەش وسپی، ڕووناکی و تاریکی، ڕاستی و درۆ، دادپەروەری و بێدادگەری، مروەت و دڵڕەقی، خۆشەویستی و کینە، ئاسوودەیی و بێزاری...! ئەو دوولایەنەش هیچکات پێک نایەن و هەمیشە و تاهەتایە لەشەڕو ململانێدان کە ئەو شەڕوململانێ و پێکدادانە هەمیشەییە لەو جیهانە ئاڵۆزەدا بە هۆی مۆرەکان (مرۆڤ)ەکانەوە پراکتیزە دەکرێت و درێژە دەکێشێت. مرۆڤ بۆیە دروست کراوە کە جیهان ئاوەدان بکاتەوەو گەشە بە ژیان ببەخشێت. ئەم پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانەش شتێک نییە کە بە ئاسانی بگاتە ئەنجام و کۆتایی پێبێت، بەڵکوو پرۆسەیەکە لە ئەزەلەوە تا ئەبەد واتە بۆ تاهەتایە هەر دەبێت و ڕۆژبەڕۆژیش نوێ دەبێتەوەو لەسەرەتاوە دەسپێدەکاتەوە. کەوابوو مرۆڤ بۆی نییە هیوابڕاو بێت و لە ژیان دڵسارد بێتەوە و دەست لە جیهان بشوات بەڵکوو هەموو بەیانییەک واتە لەگەڵا هەموو دەسپێکێکی نوێی ژیان، دەبێ هەوڵە بێ وچانەکانی زۆرتر و هەمەلایەنەتر بکات بۆ ڕۆژێکی باشترو ژیانێکی گەشاوەتر و ژیارێکی ئاوەدانتر. واتە دەبێ مرۆڤ بڕوای بەو ڕاستییە

هەبێت کە ژیان ناوەستێت و جیهان تەواو نابێت و مرۆڤی ژیرو زیندووش ئەوەیە کە هەمیشە و بەبێ وچان لەهەولا و تێکۆشاندا بێت بۆ نەهێشتنی تاریکایی و درۆ و ستەم و ناتەبایی و... تا بەمچەشنە واتایەکی شایستەتر بە ژیان و جیهان ببەخشێت... )) بەلام ئاشکرایە کە پاشای پیرو هیوابڕاو (ویشتاسب) لە پەیامەکەی زەردەشت نەگەیشتووە و فەلسەفەکەی نەناسیوە بۆیە بەبێ ئەوەی سەری لێدەر بکات، تەنیا بە ئامێرێکی یاری و سەرگەرمیی دادەنێت و ئەمجارە بەدوای چارەسەرێکی یەکجارەکیدا نزیکەکانی خۆی لەگەڵ کاروانێکی زێڕو گەوهەردا بە دیاری بەرەولای زەردەشت دەنێرێت تا داوای لێبکەن بچێت و بێتە مامۆستا و ڕاهێنەری پاشا یاخود یەک لە قوتابیەکانی بنێرێت تاکوو دەردی دەروونیی پاشا چارەسەر بکات. زەردەشت وێڕای وەرنەگرتن و گەڕاندنەوەی دیاریەکان، دەنکە گەنمێک دەخاتە ناو سندووقێکی زێڕینی بچکۆلانە و پێیان دەڵێت: "بە پاشا بڵێن ئەوا نەک خۆم یا قوتابیەکم بەڵکوو مامۆستاکەی خۆم دەنێرمە لای". شاندی نوێنەران دەگەڕێنەوەو لەگەڵ گێڕانەوەی قسەکانی زەردەشت، سندووقە بچکۆلانەکە دەدەنە پاشا. ئەویش سەری دەسووڕمێت کە ئەم سندووقە دەبێ چیی تێدا بێت و چۆن بۆتە مامۆستای زەردەشت؟.. کاتێکیش کە دەیکاتەوەو تەنیا دەنکە گەنمێک دەبینێت، دوو هێندەیتر سەرسام دەبێت چونکە بە هیچ جۆرێک بۆی لێک نادرێتەوە و پەی نابات بەرەمزی کارەکەی زەردەشت ئەوەندە نەبێت کە بەخۆی دەڵێت: ئەمە حیکمەتێکی تێدایە و ئەم دەنکە گەنمە بۆ خۆی چارەسەری دەردەکانم دەکات، هەربەو ئومێدەشەوە دەیخاتەوە ناو سندووقە زێڕینەکە و هەڵیدەگرێت.. بەڵام پاش ماوەیەک کەبە هیوای مۆجیزەیەک سندووقەکە دەکاتەوە، دەبینێ دەنکە گەنم هەمان دەنکە گەنمی جارانە: ورد و وشک و بێ بایەخ! پاشا تووڕەو پەست دەبێت و پێی وایە زەردەشت گاڵتەو سووکایەتیی پێکردووە، بۆیە دەنکە گەنمەکە فڕێ دەدات و ئەمجارە دەنێرێتە دووی زانایەکی ناسراو و بەناوبانگی هیندی

(لەو سەردەمەدا تەنیا دووکەس لەهەموو جیهاندا ناوبانگی زانایی و حیکمەتیان دەبێت ئەوانیش زەردەشت و ئەو زانا هیندییە دەبن کە بەداخەوە من ناوەکەیم لەبیر کردووە) پاش ماوەیەک زانای هیندی لەگەڵ نێردراوانی پاشا دەگاتە کۆشکی شاهی و دەچێتە لای پاشا و پێش هەموو شتێک پێی دەڵێت: تۆ لێرە زەردەشتت هەیە چۆن ناردووتە بەدووی مندا.. هاتنی من زۆرتر بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەم بووە! ویشتاسب سەرجەم سەربوردەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.. زانای هندی سەیرێکی شەترەنجەکە دەکات و بە خوێندنەوەی ئەو یاسایەی کە زەردەشت بۆی داناوە چەندانی تر شەیدای زەردەشت و فەلسەفە قووڵەکەی دەبێت و بە پاشا دەڵێت: زەردەشت مەزنترین خزمەتی بۆ تۆ ئەنجامداوە کەچی تۆ هێشتا کلیلی خۆشبەختیی ڕاستەقینەت نەدۆزیوەتەوە.. پاشان

هەواڵــی دەنــکە گەنــمەکە دەپرسـێت و پاشـاش دەبیـــاتە ئەو شـــوێنەی کە کـــاتی خـــۆی لێـــی فڕێدابوو.. دەبینن دەنکە گەنم ڕواوەو سـەوز و جـــوان و زینـــدوو قەدی هەڵبڕیـــوە و هێـــشوە گەنمێکیشی بەرداوە.. زانـای هنـدی لە کاتێکـدا سەرسامی توانای فکری و هۆشـمەندی و بیـری ورد و قووڵی فەیلەسـووفانەی زەردەشـت بـووە، ڕووو لە ویشتاسب شا دەکـات و پێـی دەڵێـت: لە ڕاســتیدا زەردەشــت نەک ســووکایەتیی پێــت نەکردووە بەڵـکوو بەوپەڕی ڕاستگۆیی لەگەڵـت جووڵاوەتەوە.. زەردەشت کەسێک نییە گـاڵتە بە دیتــران بکـات بەڵـکوو مامۆسـتایەکی مەزنە کە مــرۆڤ ئاشـنای شـارێی کەرامەت و بەختیـاری دەکـات.. زەردەشـت مامۆسـتای مرۆڤـایەتییە و شایانی ئەوپەڕی ڕێز و وەفایە.. بەڵێ زەردەشت مامۆستایەکەی خۆی ناردۆتە لای تـۆ بەڵام ئەوە تــۆی کە نەتناســیوەتەوە چــونکە بە دیــدەی وردبینی زانایی و تێفکرین سەیرت نەکـردووە.. زەردەشـــت لە نـــاردنی شـــەترەنجەکەدا بۆتـــۆ ویــستوویەتی پێــت بڵێــت: (( ژیــان لەم گــۆی زەویەدا تەواو نابێــت و مرۆڤـــایەتی کۆتـــایی نایەت، بەڵکوو هەمیـشە لە گـوڕوتین و هەڵـبەزو دابەزدایە و هەردەم لە گۆڕانکـــــــــاری و نوێبوونەوەدایە و مرۆڤی ژیـرو ڕاسـتگۆش ئەو کەسەیە کە بە پێی یاسا و ڕیساکانی مەزدیەسنا و ئەشـــا و ڕاســـتیخوازی ڕێچـــکەی ئەو نوێبوونەوەیە بەرنەدات و هەمیشە لەگەڵا تاریکی و نەزانی و درۆ لەشەڕدا بێت و هەوڵا بـدات لە پێنــاو سەرخــستنی ڕاســتی و ڕوونــاکی و هوشـیاریدا.. لەم پرۆسـەیەدا گەر بەشـێک یـا بەرنــامەیەک گەیــشتە ئەنجـام، ئەوا بەشـێک و بەرنـامە و ئەرکێکـی نـوێتر دەسـپێدەکات و لە ئاکامدا ژیـان و جیهـان هـیچ ڕاوەسـتانێکی بـۆ نیـیە و مرۆڤـی بەخـتەوەریش ئەو مـرۆڤەیە کە سەر بـکەوێ بەسـەر دێـوی درۆ و نائومێـدی و هیوابڕاویـدا.. کەواتە تـۆ بەهەڵەدا چوویـت گەر وات زانیبێ گـوایە جیهـان بۆتـۆ تەواو بـووە و گەیـشتووی بە سـەرجەم خواسـتەکانت و ئیـدی بیانوویەک نییە تا بۆی بژیت...)) دواتریش بە نــاردنی دەنــکە گەنــمەکە ویــستوویەتی بە شـێوەیەکی کرداریتـر پێـت بڵێـت: (( ژیـان و بەردەوامبـوونی زینـدەگی پێویـستی بە هەوڵا و کۆشـــشی بەردەوام و هەرواش بە هەســـت و هەناسە و زینـدوێتی هەیە دەنـا ڕادەوەسـتێت و ڕاوەستانیش لە ڕەوتی ژیان واتە مەرگ و نەمان کە ئەویـــش هەمـــان چۆکـــدادانە لە بەرامـــبەر خواسـتی چەپەڵـــی ئەهریمەنـــدا.. گەر وردتـــر بڕوانین دەبینین هەموو واتـاو فەلـسەفەی ژیـان لەو دەنـکە گەنـمەدا شـاردراوەتەوە.. ئەو دەنـکە گەنـمە بچـکۆلانەیە لە ڕاسـتیدا هەڵـگری وانە و پەیـــامێکی هەرەمەزنە لە مەڕ کەون و کاینـــات، خیلقەت، ژیان و زیندوو مانەوەو گەشە کـردن و پێشکەوت.. ئێمە دەتوانین بە تەسلیم بوونێک لە بەرامـــبەر ئەهریمەنـــدا، واتە بە ڕاوەســـتان و نائومێد بوونمـان، ژیـان بمـرێنین و یاسـاکانی خیلقەت پێشێل بکەین و جیهـان بەرەو نەمـان و وێرانـــی بەریـــن، لە هەمانحاڵـــدا دەتـــوانین بە پەیڕەوی لە فەلسەفەی ئـاهوورا و ئەشـا واتە بە هەوڵا و کۆشش و بزاوتێکی هەمیـشەیی، ژیـان ببووژێنینەوەو بنەماکـانی خـیلقەت بەرجەسـتەتر

بکەینەوەو جیهان ئاوەدانتر و پڕگەشەتر و ژیانیش پڕجووڵەتر و زیندووتر ڕابگرین و بەرەوپێشی بەرین. ئەو دەنکە گەنمە ورد و بێ گیانە، ئەو هەموو ماوەیە کە لەناو سندووقێکی جوانی بە زێڕ نەخشێنراودا بوو، هیچ نەبوو جگە لە هەمان دەنکە گەنمی ورد و وشک و بێ گیان کە بە دڵنیاییەوە پاش ماوەیەکی دیکە دەپووکایەوەو بۆ هەمیشە دەمرد.. چونکە لەو سندووقەدا هیچ ئامراز و هۆکار و پێداویستییەکی ژیانی لەپاڵدا نەبوو بەڵکوو دیلی وێرانە و چۆڵەوانیەکی مەرگاوی ببوو. بەڵام دیتمان پاش ئەوەی کە تۆ فڕێت دایە سووچێکی ئەو زەوییە، گیانی وەبەردا هاتەوەو زیندوو بوویەوەو بووە هۆکارێک بۆ زیندوومانەوەو گەشە سەندن. دەنکە گەنمەکە کاتێک بووژایەوەو گیانی گرت و بوو بە گوڵە گەنم کە لە جێی شیاوی خۆیدا دانرا .

ڕوان و سەوزبوونی ئەو دەنکە گەنمە پێمان دەڵێت: هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانی زیندەگی دەبێ بکەونە گەڕ تا ژیان زیندوو بمێنێ. دەنکە گەنمەکە چووە ناو خاک و ئەو گەردیلە هەرە ورد و نەبینراوانەی تێیدا بوون تێکەڵی خاک و هەوا و ئاو و ئۆکسیژین و تیشکی هەتاو بوون و هەموو ئەمانەش پێکەوە ژیانیان دامەزراند و گیانیان خستە دەنکە گەنمێکی وشکەوە، دەشبینین ئەو دەنکە گەنمە بۆتە گوڵە گەنمێک و ئەو هێشووە گەنمەش دەبنە چەندان گوڵا و هێشووی دیکە و بەم چەشنە بەردەوامی بە سووڕی ژیان و زیندوێتی و گەشە دەدەن. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمەی مرۆڤ بەتەنیا خۆمان هیچ نین و هیچمان پێناکرێت بەڵکوو دەبێ لە وزە و توانا و ئامادەگی هەمەلایەنەی هەموو لایەکمان کەڵک وەربگرین و هەرەوەزی بژین بۆئەوەی زیندوو بین و هەردەم گەشە بکەین و سەرکەوین. لەم حاڵەتەشدا دەبینین ژیان هیچکات کۆتایی بۆ نیە و خواستەکانی ئێمەش تەواو نابن بەڵکوو پێویستە و دەبێ هەردەم لە بزاوت و جووڵەدا بین بۆ بەرەوپێشبردنی ژیان و پەرەپێدانی جیهان و گەیشتن بە لووتکەی کامەرانی و هەست و هەناسەی مرۆڤایەتی.)) پاشا شەرمەزار بوو لە نەزانی و بێ ئاگایی خۆی و لە ناخەوە ورە و هیوای هەست پێکرد و منەتباریی خۆی بۆ زەردەشت و زانای هیندی دەربڕی و پاشان لەگەڵا زانای هیندی و خێزانی دەربار و دەسەڵاتدا کەوتنە ڕێ بەرەو لای زەردەشت. کە گەیشتنە ناو باخەکانی هەورامان دەبینن زەردەشت لە ناوەڕاستی قوتابییەکانی لەژێر سێبەری درەختێکدا دانیشتووە و خەریکی ڕاهێنانیانە. دواتر ویشتاسب خۆی و زانای هیندیی پێناساند و سوپاسی ئەو خزمەتە مەزنەی کرد و زانای هیندیش بوو بە یەک لە قوتابییە بەهرەمەندەکانی زەردەشت. پاشا ڕووی لە زەردەشت کرد و گوتی: من پاشایەکی بەدەسەڵاتم.. داوای شتێکم لێبکە تا بۆت دابین کەم. زەردەشت تێگەیشت کە هێشتاش پاشا بەخۆیدا نەچووەتەوە و هێشتاش بێ ئاگا و لاسارە بۆیە ئەمجارەش بە ڕێگەیەکی دیکە ناخی هەژاند و گوتی: من پڕ بە خانەکانی

شـەترەنج دەنـکە گەنمـم دەوێـت، خـانەی یەکەم یەک دانە و هی دووەم دوو دانە و تا دواهەمـین خـانە بەوجـۆرە بە دووبەرامـبەری، ئایـا پاشـا دەتـوانێ بـۆم دابـین بکـات؟! پاشـا پێکەنـی و داواکارییەکەی بە شتێکی هەرەسادە و لاوەکی و تەنانەت ساویلکانەش هاتە بەرچاو بەڵام لەخۆی ڕانەبینی بیدرکێنێ. ئەمری کرد بەزووترین کات داواکـارییەکەی زەردەشـت جێبەجـێ بکرێـت. نـزیکەی مـانگێکی پێچـوو تـا کلیلـداری خەزانە هاتە لای پاشا و پێی ڕاگەیاند کە: ناتوانین ئەو هەمـوو گەنـمە بـۆ زەردەشـت دابـین بکەیـن.. سەرجەم سایلۆ و عەمبارەکانمان بەشی ئەو بـڕە گەنـمە نـاکەن کە زەردەشـت داوای کـردووە ! ئەمجارەیان ویشتاسب تێگەیـشت کە هێـشتاش هەڵە بـووە و خـۆی بە گەورە و دەسـەڵاتدار زانیـوە... هێنـدەیتر شـەرمەزاری ئەو بـێ ئاگاییەی خۆی بوو و سەرلەنوێ پەنای بـردەوە بەر زەردەشت و ئەمجارەیان بە پـاڕانەوە داوای بەخـشین و لێبـوردنی لێکـرد.. ئەو، لە ئەنجـامی تێڕامـانێکی زۆر و بەخـۆدا هـاتنەوەی ناخیـدا بڕوای بە زەردەشـت هێنـا و بـوو بە یەکێـک لە موریـــد و پەیڕەوەکـــانی و یەکێـــک لە شـوێنکەوتوانی ڕاسـتی و ئەشـا.. ئـایینی زەردەشـــــتیش هەر لە ڕێـــــگەی ئەوەوە لە سەرتاسـەری ئێرانـی بەرینـی ئەو سـەردەمەدا پەرەی سـەند و وەک دینـی ڕەسـمیی وڵات و بناغەی سەرەکیی ژیان پێناسە کرا و جێی خۆی گرت .

بەم چەشنە ئەشو زەردەشتی بیرمەند و پێغەمبەر نەک تەنیـا پاشـایەک بەڵـکوو جیهـانێکی لە نائومێـدی و ڕەش ئەندێـشی ڕزگـار کـرد و خستیە سەر شـاڕێی بەختەوەریـی ڕاسـتەقینە و لەسەر بیـری چـاک و زمـانی چـاک و کـرداری چاک ڕای هێنا و پەروەردەی کرد .

❊

سەرچاوە:

بۆ نووسینی ئەم بابەتە کەڵکم لەم بەرهەمانەی خـوارەوە وەرگرتووە:

١_ ادبیات سنتی زرتشتی/ هاشم رچی/ تهران، فروهـر ١٣٥٣

٢_ اوستا کهنترین گنجینه مکتوب ایران باستان/ ترجمه و پـژوهش: هاشـم رچـی/ چـاپ دوم: ١٣٨٠ تهـران انتشارات بهجت.

هەروەها بۆ زانیاریی وردتر لەمەڕ پەیوەندیی شەتـرەنـج بە ئەشو زەردەشتەوە بڕوانە:

The World Picture Of Zarathashtra. Usa 1953

# ئاشی حیزبەکانمان لە کەرکووك بەتاڵ بووە!

**حەکیم کاکەوەیس**



من پێم وانەبوو پارتی لە هەڵبژاردنەکەی (٢٠١٣)دا، لە ٢٠ کورسی پتر بێنێ. پێم وانەبوو یەکێتی ١٦ کورسی بێنێ. وام دانابوو گۆڕان، لەبەر ئەوەی لایەنێکی بەرهەڵستکاری کاریگەرە و کورد جارێ بە دەسەڵاتەوە نەیدیوە، بە تەنها پتر لە ٤٠ کورسی بە دەست بێنێ.

ئەوجا خوێنەری هێژا ناهەقی نییە پێم بڵێ: "تەڕ مەزەندەکەت ڕاست دەرنەچوو!!" ڕەنگە حیسابی من بۆ دەنگهێنان و کورسیهێنان جیاواز بێ. من حیسابێکم دەکرد و ئەو خەڵکەی دەنگیان دەدا و تەنانەت زۆر لەوانەی کەوتوونەتە قوڕگی (١٤٠)ەوە و مافی دەنگدانیشیان نەبوو، حیسابێکی تریان دەکرد. ئاخر گاڵتە نییە دوو حیزب ببنە هۆکاری لەدەستدانی نیوەی باشووری کوردستان و ئێستاش ئەوەندە دەنگ بێنن کە بتوانن حکوومەت پێک بهێنن! گاڵتە نییە خەڵکانێکی نەتەوەیی، کە کێشەی یەکەمیان ئەو ناوچە دۆڕاوانەیە، لە ناو نەتەوەیەکی هەمیشە دۆڕاودا، هەمیشە یەک مەنجەڵ یاپراغ بەشیان بکات! دەبێ نهێنییەک لەوەدا بێ کوردی نەتەوەیی لە وڵاتی خۆیدا و لە ناو میللەتی خۆیدا غەریب بێ و عارەبی تەعریب خاوەنماڵ بێ! جێی سەرنجە بیری نەتەوەیی لە تلیاک قاچاختر بێ و بیری تلیاکیش، ڕۆژ بە ڕۆژ دەمەزەرد بکرێتەوە!

من بۆیە پێم وا نەبوو پارتی و یەکێتی ئەوەندە دەنگ بێنن حکوومەتێکی پێ دامەزرێنن، هەندێ وردە حیسابم هەبوو و ئاگام لەوە نەمابوو ئەم میللەتەی ئێمە بیریان لێ ناکاتەوە. ئاخر میللەت نییە بیر لە شتی وا نەکاتەوە:

یەکەم. حیزبێک یا حکوومەتێکی کوردی کار بۆ ئەوە بکا عیراقی داگیرکەر لە ژێر باری بەندی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچێ، هی ئەوەیە چەند دەنگ بێنێ؟ ئەگەر نازانن بەندی حەوتەم چییە، با بیزانن کە کردنەوەی دەستی

دەوڵەتی عیراقە بۆ کڕینی چەکی قورس لە کاتێکدا هێشتا زۆر کێشەی چارەنووسساز لە نێوان کوردستان و بەغدادا، بە بێ چارەسەری ماونەتەوە و ئەوەندە گرنگن شەڕیان لە پێناودا بکرێ.

دووەم. ئەو دوو حیزبە، واتە پارتی و یەکێتی، ئەو عیراقە ڕووخاوەیان بە دەستی خۆیان دروست کردەوە کە ببوو بە تەوقی غەزەب و لە ملی کورد ئاڵابوو و کەرکووکی ئازادکراویان بە دەستی خۆیان تەعریب کردەوە و ئەو سوپایەیان دروست کردەوە کە ژانی ئەنفالی کورد کوشتی. ئەرێ ئەو دوو حیزبە هی ئەوەن کورد دەنگیان بداتێ؟

سێیەم. کەرکووک عارەبی تێدا نەما، بەڵام ئەو دوو حیزبە لە ململانێی یەکتردا عارەبیان بە پێناسەی زەرد و سەوزەوە گێڕایەوە کەرکووک، ئەوجا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ قەرەبوویان کردنەوە تا کەرکووک چۆڵ بکەن بەڵام بە جۆرێ پشتیان گرتن، ئەوەی یەک خانووی هەبوو بیکا بە دوو. ئەرێ ئەو دوو حیزبە هی ئەوەن بیست کورسیی پەرلەمان بە دەست بێنن؟

چوارەم. من حیسابی گەندەڵی و دزی و دروستکردنی مۆڵی بەرپرسان و بزربوونی سەدان ملیۆن دۆلار و سەپاندنی کوڕی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس بە سەر پەرلەمان و دەزگاکادا ناکەم، چونکە هەموو ئەوانە یەک بست خاکی کەرکووک ناهێنن، بەڵام حیساب بۆ خوێنی ئەو هەموو کوردە دەکەم کە لە ١٩٧٥ بە دواوە کرانە قوربانی حیسابی هەڵە و پلانی داگیرکەران و کەرکووک و ئەو دوو حیزبەش کەرکووکیان کرد بە قوربانی دوو قسەی قۆڕی ناو ماددەی ١٤٠ کە لە بنەڕەتدا داننان بوو بە عارەبایەتی کەرکووک. حیزبی وا هی ئەوەیە بیست کورسی پەرلەمانی بەر بکەوێ؟!

پێنجەم. دەسەڵاتی کوردی بە بەغدای گوت: فیرقەی ١٢ مەهێنە کەرکووک و هێنای. گوتیان پرۆسەی دیجلە لە کەرکووک نزیک مەخەرەوە و کردی بە کەرکووکدا. گوتی عارەب مەهێنە کەرکووک و عارەب بە لێشاو دێن. دەسەڵاتی کوردیش لە سێکانیان و گورگەچاڵەوە بە دووربین تەماشای کەرکووک دەکەن. ئەمانە هی ئەوەن بیست کورسی پەرلەمان بە دەست بهێنن؟!

> **کەرکووک عارەبی تێدا نەما، بەڵام ئەو دوو حیزبە لە ململانێی یەکتردا عارەبیان بە پێناسەی زەرد و سەوزەوە گێڕایەوە کەرکووک، ئەوجا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ قەرەبوویان کردنەوە تا کەرکووک چۆڵ بکەن بەڵام بە جۆرێ پشتیان گرتن، ئەوەی یەک خانووی هەبوو بیکا بە دوو.**

شەشەم. منداڵی بەرپرسان لە خوێندنگەی تایبەت و بە زمانی بێگانە دەخوێنن و منداڵی دەنگدەرانیش بە کتێبی هەڵە و بەرنامەی

خوێنــدنی هەڵە و کــوردیی هەڵەوە زســتان بە هەڵلەرزیـــن و هـــاوین بە عارەقەڕشـــتن بەڕێ دەکەن، ساڵ لە دوای ساڵیش جیاوازی خەڵـک و ئەوان زیاتر دەبـێ و دەنگـدەرانیش ئەوە بـاش دەزانـــن. ئەرێ ئەو حیزبـــانە هـــی ئەوەن ٢٠ کورسی پەرلەمانیان بەر بکەوێ؟!

> مەزەندەی مـن هەڵە نەبووە بەڵکە دەنگدەران هەڵەیان کردووە و ئاگایان لە خۆیان نییە چی دەکەن! مـن کە جەلەولا دەبینم کوردی تێدا نەماوە و کەرکووک دەبینم هەمیشە خەڵتانی خـوێنە و ئەو بەرپرسـانە، تەنـانەت سەرخۆشـیش لە خەڵکـی کەرکـووک ناکەن، دەڵێم: مەحاڵە کورد دەنگیان پێ بدا

حەوتەم. ئەو تەعریبەی ئێستا بە بەر چـاوی ئەو حیزبانە و بە ڕەزامەنـدی ئەوان دەکـرێ، قەت لە سـەردەمی بەعـسدا نەکـراوە و هەرگیـز جەلەولا ئەوەندە بێ کـورد نەبـوو و سـەرانی کـوردیش قڕوقەپیان لێ کـردووە و هەر باسیـشی نـاکەن. ئەرێ ئەوانە سەرکردەی میللەتێکـی زنـدوو بـان، چەند دەنگیان دەهێنا؟

لە کۆتاییدا دەڵـێم: مەزەنـدەی مـن هەڵە نەبـووە بەڵکە دەنگدەران هەڵەیان کردووە و ئاگایـان لە خۆیان نییە چی دەکەن! مـن کە جەلەولا دەبیـنم کوردی تێدا نەماوە و کەرکووک دەبینم هەمیـشە خەڵتـانی خـوێنە و ئەو بەرپرسـانە، تەنـانەت سەرخۆشیش لە خەڵکی کەرکووک ناکەن، دەڵێم: مەحاڵە کورد دەنگیان پێ بـدا. کە دەنگیـان پـێ دەدەن، هەڵە لە شوێنێکی تـرە و مەزەنـدەی مـن هەڵە نییە.

هیچ میللەتێکی ئەم جیهانە ئەوەنـدە کـوێر نیـیە! هـیچ میللەتێکـی ئەم جیهـانە وەکـو کـورد دژی بەرژەوەنـــدی و چارەنووســـی خـــۆی کـــاری نەکـردووە. هیــوادارم ئێـستا بە ئەنجـامی ئەم هەڵبژاردنە بۆمان سـاغ بـووبێتەوە کە نەبـوونی دەوڵەتــی کــوردی نە پیلانــی ئیــستیعمارە و نە سـیڤەر و لـۆزان و ئیـسلام و جـوو و سـایکس بیکۆ خەتابـارن، چـونکە ئەوەتـا ئـێمە بە ڕۆژی ڕووناک و بە بێ ئەوەی کەس تەوژمی خستبێتە سەرمان، خۆمـان ئەو لایەنەمـان دەوێ کە بـووە هۆی تەعریبکـردنەوەی کەرکـووک و کـوردی لە جەلەولا نەهێـشت و تەنـانەت لە پـشت خەتـی (٣٦)یشەوە، دەستی بە چاندنی عـارەب کـردووە تا لە ڕۆژی خۆیدا پشتمان لێ بگرن!

ناهەقمە مەزەندەی وام بووبێ؟! کێ بـاوەڕ دەکـا میللەتێک دەنگ بەو بابەتە حیزبە بـدات؟! ئـێمە میللەتێکین، لە بری ئەوەی زیـوان لە گەنـم بـژار بکەین، گەنم لە زیوان بژار دەکەین! نازانم کـامە زانای یۆنـانی کـۆن گوتـوویەتی: کـۆیلە، ئەگەر ئازادیی بە سەردا بباری، چەتر هەڵدەدا... ئێمەی کوردیش ئازادیمان بە سەردا باری، بەڵام بە بـێ چەتر هڵناکەین!

پێم وایە دەستمان لە بنی هەمبانەوە دەرچـووە و ئەمڕۆ سبەی ئیمـزای دەسـتبەردان لە کەرکـووک دەکەوێـــتە ســـەر کـــاغەز و ئاشـــی حیـــزبە

دەسەڵاتدارەکانمان لە کەرکووک بەتاڵ دەبێ، بەڵام کەرکووکییەکان دەستبەرداری شەڕی خۆیان نابن و دەبن بە جانەوەری سەیروسەمەرە: یەکێ خوێنی سەوزە و یەکێ خوێنی زەردە... ئەمڕۆ سبەی جانەوەرێکی تریش پەیدا دەبێ و دوای هەموو تەقینەوەیەک کە منداڵی کورد لەتوپەت دەکا، دەقیژێنێ: من خوێنم خمە!

ئەوانەی ئەمڕۆ بە بێ کەرکووک خۆیان بە براوە دەزانن و کورسی زۆری پەرلەمانیان بەر کەوتووە، بۆیە خۆیان بە براوە دەزانن تەنها دەرپێکانیان بۆ ماوەتەوە و بە بۆنەی مانەوەی دەرپێکانیانەوە پیرۆزباییەکی گەرمیان لێ دەکەم!

دەی سا ئێمەی کەرکووکیش، ئەگەر لە سەر خەسڵەتی خۆمان بەردەوام بین و بەئاگا نەیەینەوە، کوڕاوکوڕمان ئاشی بەتاڵی کەرکووکمان عافێت بێ وەک بابەلباب عافیتمان بوو!

ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە

سەرت شۆڕ کە

ملت کەچ کە

چاو مەگێڕە

بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا

ئەوەی بستێک خاکی نەبێ

خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا

# کوردستان و ئاینی ئیسلام

## باسێکی مێژوویی

نووسین و ئامادەکردنی
زەردەشت میکایلی

کاتی ئەوە هاتووە لە سەنگەری کوردیشەوە بڕوانینە مێژوو و لەگەڵ نەفرەتکردنی نەفرەتکەران لە کورد، نەفرەت لە خۆمان نەکەین!

### ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:

ئەگەر بە وردیی تەماشای خەسڵەتەکانی کورد بکەین و خاتری کەس نەگرین و گوێ بەناڕەزایی و ڕەزامەندی کەس نەدەین، دەبینین ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەک یا وەک کۆمەڵەخەڵکێک، زۆر دەردەدارین و ماکی ژێردەستەییمان لە ناخی خۆماندا هەڵگرتووە و لە خۆخۆریدا بەشی کەسمان نەهێشتۆتەوە. ئەمە، نە نەفرەت و غەزەبی خوایە و نە نیشانەی خواپێدان و ئیمانداریيە. پێویستە میللەتناسان و کۆمەڵناسان لە دیاردەی خۆخۆری و بێگانەپەرستی کورد بکۆڵنەوە و بزانن ڕەگەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە! میللەتانی دەوروبەرمان هەموو بوون بە موسوڵمان بەڵام تەنها کورد لەو موسوڵمانبوونە زەرەری کردووە. میللەتانی دنیا و دەوروبەرمان بوون بە چەپ و مارکسی و کۆمۆنست بەڵام لە ناویاندا تەنها کورد زەرەری لەو چەپایەتی و کۆمۆنستییە کردووە. مەسەلەکەش هەر لەوەدایە کە جگە لە کورد، هیچ میللەتێک ئامادە نەبووە خۆی بکاتە قوربانی

ئیسلام یا مارکسیزم یا هەر باوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی تر. بەڵام کورد، هەمیشە ئامادە بووە خۆی و نیشتیمان و نەتەوە بکاتە قوربانی باوەڕێک کە چۆتە ناخیەوە... بوو بە موسوڵمان و کەوتە گیانی ناموسوڵمانی خۆی و بوو بە چەپ و کەوتە گیانی نەتەوەییەکانی خۆی و کە هۆگری فەلسەفەی ڕۆژاواش بوو شەقێکی مزری لە بەرژەوەندییەکانی میللەتی خۆی و نیشتیمانی خۆی هەڵدا. هۆکاری ئەم دیاردەیە چییە؟ چۆنی بدۆزینەوە تا هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین؟

ئەم باسە، یەکێکە لەوانەی کە پێویستە بە وردیی لێی بکۆڵینەوە. ئاخۆ لەشکری ئیسلامی کە ڕووی کردە کوردستان چ کاریگەرییەکی لە سەر دەروونی خەڵکەکەی جێهێشت؟ بۆچی کورد وای لێ هاتووە خەسڵەتی کۆیلە هەڵگرێ؟ ئەی ئەو ئەنفالانەی لەم سەردەمەدا بە سەر کورددا هاتن و بوون بە سەرباری ئەنفالە کۆنەکان چییان لە دەروونی کورد کرد؟

لە بەر ئەوەی کورد هەمیشە ژێردەستە بووە و خاوەنی کیانی خۆی نەبووە، مێژووکەشی لە لایەن کەسانی ترەوە نووسراوە و لە سەنگەری ترەوە تەماشای کراوە و هەڵسەنگێندراوە. شەڕی نێوان لەشکری ئیسلامی و کورد، هەر لە سەنگەری عارەبی یا ئیسلامییەوە باس کراوە و چی بۆ ئەوان چاک بووە، وا تۆمار کراوە، با بەجنۆکەکردنی کوردیش بووبێ. کاتی ئەوە هاتووە لە سەنگەری کوردیشەوە بڕوانینە مێژوو و لەگەڵ نەفرەتکردنی نەفرەتکەران لە کورد، نەفرەت لە خۆمان نەکەین! بە باوەڕی ئێمە ئاینی ئیسلام چارەنووسمانە و نە دەتوانین لێی بینەوە نە دەکرێ لێمان بێتەوە. بەڵام دەکرێ بە لۆژیکی لێکدانەوەی مرۆڤانەی مێژوو پێیدا بچینەوە و جارێکی تر لێی بڕوانین. پێویستە بپرسین: ئەوانەی لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا هێرشیان هێنایە سەر کوردستان، چ جۆرە بەشەرێ بوون! لە جۆری مەلایەکەت بوون یا سەرباز و چەکدارەکان کوڕی ئەو دایک و باوکانە بوون کە کیژی خۆیان زندەبەچاڵ دەکرد؟ ئەرێ ئەوانەی هاتن، لە ئیسلام و لە قورئان تێگەیشتبوون یا هێشتا دەنگی ئایاتی جەنگ و پاداشتی هەردوو دنیا نەبێ، نەیانبیستبوو؟! ئەگەر ئەوان لە ئیسلامدا تەنها ئایاتی جەنگ و کوشتاریان زانیبێ، پێویستە کوردی ئەمڕۆش لە سەر هەمان ڕێباز، (تەنها) ئایاتی خۆڕزگارکردن و سەرفرازی لە ئیسلام تێبگا و پەیڕەوی بکا.

ئەوەی ئاشکرایە، وەک لەم بابەتەی کاک (زەردەشت میکایلی)دا باس کراوە، عارەب، بە هەندێ لە مام و کەسوکارەکانی موحەممەدیشەوە (د. خ)، لە خۆڕا و بە بێ شەڕ نەچوونە ڕیزی ئیسلامەوە و لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا، هێشتا قورئانیش کۆ نەکرابۆوە و بەخۆشیان بە تەواوەتی لێی تێنەگەیشتبوون، بەڵام هەندێ لە مەلا و ڕۆشنبیرانی کورد، بە ناهەق وای باس دەکەن کە کورد لە دوورەوە ئامێزی بۆ ئەو ئیسلامە کردبێتەوە. ئەگەر عارەبی بتپەرست، کە قورئانەکەش بە زمانی

خۆیان بوو بەو حاڵە بوویێتنە موسوڵمان، چۆن لە کوردێکمان گەرەک بێ ئامێزی بۆی کردبێتەوە کە یەکتاپەرست بووە و دینی خۆی هەبووە و لە سەر ئەوانەشەوە یەک وشە لە قورئان تێنەگەیشتووە. ئەمە جێی باوەڕ نییە و هەر دەبێ ئەوپەڕی بەربەرەکانەی لەشکری عارەب کرابێ و ئەوەی کاک زەردەشت میکایلی لەم باسەدا بۆمانی دەگێڕێتەوە، زۆری ڕاست بێ و ئەوەی کە دەشمێنێتەوە جێی دەمەتەقێیە... دەمەتەقێ لە سەر کەسایەتی خالیدی کوڕی وەلید و ڕەفتارەکانی، وەک نموونە.



لەشکری عارەب، بە پێی هەموو سەرچاوەکان، ڕێیان هەبوو کچان تالان بکەن و سەر بپەڕێنن و ماڵی خەڵکی، ئەگەر نەبوونایەتە موسوڵمان یا جزیەیان نەدابا، تالان بکەن. جێی دەمەتەقێ نییە کە ئەو نەریتانەش لە ناو عارەبی بیاباندا، لە پێش ئیسلامەوە هەبوونە و لە پاڵ کەڕ و فەڕدا، لە خەسڵەتەکانی دانیشتوانی بیابان بوونە و لەشکری ئیسلام بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکە سوودێکی زۆری لێ دیوە و لە لایەکی تریشەوە ئەو غەزایانە بۆ خاوەنی ئەو خەسڵەتانە بوون بە دەرفەتێکی وا ئارەزوو و حەز و ئاواتیانی هێنایە دی. ئەم دەرفەتقۆستنەوەیە، بە داخەوە هەتا ئێستاش لە ناو بیابان نشینەکاندا ماوەتەوە و نموونەش کڕینی ئەو منداڵە لێقەوماوانەی سووریایە کە بیاباننشینەکان، دەرفەتی لێقەومانیان بۆ تێرکردنی ئارەزووی خۆیان دەقۆزنەوە، با باسی ئەو دەرفەتانەش نەکەین کە هەمیشە لە بەرانبەر کوردی لێقەوماودا قۆستوویانەتەوە.

ئەوەی گومان هەڵناگرێ ئەوەیە کە سەرباز و سەرکردەی ئەو لەشکرانەی هێرشیان هێناوەتە سەر کوردستان بنیادەم بوونە و بنیادەمیش، لە پێغەمبەرەوە (د.خ) بگرە تا دوا سەربازی لەشکری ئیسلام و لەو سەردەمەوە هەتا ئێستاش، کەسیان (مەعصوم) نەبووە و نییە... ئەگەر وەک مەلایەکەت بیر لە موحەممەد بکەینەوە و پێمان وابێ لە هەڵە بەدەر بووە، لەگەڵ دەقی قورئاندا دەکەوینە ناکۆکییەوە، چجای بەو چاوە تەماشای ئەو لەشکرە بکەین کە بەهەشت لە سێبەری شمشێردا ببینێ. ئەوجا دەبێ سەربازێکی چەکبەدەستی شەڕکەری وەک خالیدی کوڕی وەلید یا عەمری کوڕی عاص یا

هەر کـامێکی ژێـر فەرمانـدەیی ئەوان چەنـد (مەعصوم) بووبێ!

ڕەنـــگە بـــۆ ئەو کارەســـاتانەی لە کـــاتی لەشکرکێـشیدا بە سـەر کوردسـتاندا هـاتوون ئەسـەف و داخ لە نووسـینەکەی (زەردەشـت)دا بەدی بکرێ و ئەوەش جێی خۆیەتی، وەک کە عارەب بـۆ ئەوەی عەنتـر بە عەبـلە نەگەیـشتووە داخـدارن ئەوجـا بـا تەماشـای جیـاوازییەکەش بکەین!

لەم نووسینەدا، هیچ نەبێ کۆمەڵێ نـاوی کـوردی ئەو سـەردەمە کەوتـوونەت ڕوو لەگەڵ شـێوەی ژیانیان و جۆری چەکیان و تەکنیکی شـەڕیان. ئەو سـەردەمەی مێـژووی کـورد تـا ڕادەیەک تاریکە و کاک زەردەشت بە چرایەکەوە خەریکی گەڕانە بە کەلـێن و پێچەکانیـدا و بـۆ ئـێمەی ئاشکرا دەکا تا ئێمەش، ئەوەندەی سوودی بـۆ مـیللەتە ژێردەسـتەکەمان هەبـێ، ئـاوڕی لـێ بـدەینەوە و بە پێـی توانـا شـیکردنەوەی بـۆ بکەین.

ڕووداوەکانی ئەم دوایـیەی دەوڵەتە عارەبییەکـان بۆچـــوونی نەختـــێ تونـــدڕەوانەی لە نـــاو موسوڵمانانیدا پەیدا کردووە و بەرانـبەر ئەوەش خەتێکـی زەقـی دژە ئیـسلام لە نـاو کـورد و ناکوردیدا، وەک کاردانەوە پەیدا بووە و خەریکە ببێتە دیـاردەی ڕەتکـردنەوە. هـیچ کـام لەو دوو دیاەدەیەش، پێ ناچێ لە بەرژەوەندی کوردیدا بێ و کـاری ئـێمەش گەڕانە بە دووی بەرژەوەنـدی میللەتەکەماندا. دەکرێ لە خەتی ئاینی ئیسلامەوە و لە سەر ڕێبازی پیاوێکی گەورەی وەک شەهید (شـــێخ مەعـــشووق خەزنەوی) خزمەتـــی نەتەوەکەمـان بکەیـن و ئەوانەش کە دژەدیـنن، خوا بکا بسمارکێکی لادین بۆ کـورد بـدۆزنەوە و بە هەردوو لا، کوردسـتانی لەتـوپەتکراو یەک بخەن. ئیتر ئەوە ئێـوە و ئەوەش نووسـینەکەی کاک زەردەشت.

لە کۆتاییـدا دەڵێـین: خـۆزگە لەشـکری ئیـسلام وەک بەڵایەکـی ناگەهـان نەدەهـاتە کوردسـتان، بەڵکـو وەک هەڵگـری پەیـامێکی ئاشـتیخوازانە دەهـــات و شـــارەزاکان ڕێـــوجێی ئاینەکەیـــان پیـــــشانی خەڵکـــــی دەدا نەک وەک هەر شەڕفرۆشـێک ئەو خەڵـکە یەکتاپەرسـتە بـخەنە بەردەم سـێ هەڵبـژاردنەوە و چوارەمیـان نەبـێ: "یا ببنە ئیسلام، یا پارە بـدەن، یـا شـەڕ!!" و لە کاتێکدا خۆشیان زۆر شارەزای ئیسلام نەبوونە، دەبێتە شەڕفرۆشتن!! ئەمەش، کاریگەری بە سەر هەموو میللەتە ناعارەبەکانەوە، هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ مـاوە و ڕۆژبەڕۆژیـش ئـاینی ئیـسلام کەرتـک دەکات!

**قەقنەس**

## بەشی یەکەم

(١)

ئەم بـابەتە، گێڕانەوەیەکـی مێـژووییە و باسـی هاتنی سـوپای ئیـسلام دەکـات بـۆ کوردسـتان. هەوڵ دەدەم بە چەند بەشێک بڵاوی بکەمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر تاقەتی خوێندنەوەی هەبێت.

تەبەری، ئەم مێژووەمان وا بۆ دەگێڕێتەوە:

**هـاتنی سـوپای عـومەری كـوڕی خەتـاب و داگیركردنی كوردستان:**

ئەبـو عوبەیـدەی جەڕاح، كە لە ولاتـی شـام و ئەرمەن و دەوروبەری موسڵ سەركردەی سـوپای ئیسلام بـوو، نـامەیەک دەنووسـێت بۆعـومەری كوری خەتاب. لە نامەكەیدا پرسیار دەكات ئـایە بەرەو ڕۆژهەلات بـڕۆین یـان ڕۆژئـاوا. نـامەكە تەواو دەكات و دەیداتە دەست (عەبدوڵلای كوڕی ئەنەس)ەوە و وشترێكی خۆشڕەویشی دەداتێ. عەبدوڵلای كوڕی ئەنەس لە باسی ئەنجامی ئەو سەفەرەدا دەڵێ:

شـەو و ڕۆژ بەڕێـوە بـووم، دەمەوعەسـرێک گەیشتمە مەدینە و چوومە سەر قەبری مـوحەمەد و دوو ڕكـات نـوێژم كـرد. دوایـی چـوومە لای عومەری كوڕی خەتـاب، بینـیم لە لای ڕاسـتیەوە علی و لە لای چەپیەوە عوسمان دانیـشتبوون. لە چواردەوریـان عەباسـی كـوری عبـدولموتەلیب و عەبـدوڕەحمانی كـوڕی عەوف و سـەعد كـوڕی زەید و تەلحەی كـوڕی عەبـدولّلا و كۆمەڵێـک لە یارانی موحمەد دانیشتبوون. عومەر نامەكەی لـێ وەرگرتم. زۆر دڵخۆش بوو بە داگیركردنـی ئەو ولاتـانە و دەسـتكەوتەكانی شـەڕەكان. عـومەر ڕووی كردە كۆمەڵەكە و گـوتی: ئێـوە چـی بە چاک دەزانن؟ عەلی گوتی: نامەیەک بنووسە بـۆ ئەمیری موسڵمانان لە شام، پێی بڵێ بـا خالیـدی كـوری وەلیـد بنێرێـت بـۆ داگیركردنـی ولاتـی كوردان. عومەری كوری خەتاب دەڵێـت: خۆشـم هەر وام دانـابوو، چـونكە موحمـد گوتـویەتی خالید شمشێری خوایە و ڕووبەڕوی دوژمن قەت شمشێر نانێتە كێلان.

(دەڵێن خالیدی كوری وەلید مرۆڤێكی داوێنپـیس و درندە بووە و هەموو ژیانی لەشـەڕدا بـردۆتە سـەر، شـارەزاییەكی كەمـی لە دینـی ئیـسلام هەبووە. ئامانجی ئەو، شەڕكردن بووە لە پێناوی تالانی و بەدەستهێنانی كەنیزە).

عەبدوڵلای كـوری ئەنەس دەڵێـت: ڕۆژی دوایـی كە دەیكـردە ڕۆژی پێـنج شـەمە (٢٠جمـادی یەكەمی ١٦ی كۆچی) وەلامی نـامەكەم لە عـومەر وەرگـرت. ئەمەی تێـدا نوسـرابوو: "لە عـومەری كوری خەتابەوە بۆ ئەمیری سوپای ئیسلام ئەبو عوبەیـدەی جەڕاح لە شـام و موسـڵ. سـەلام و بەرەكەتی خواتان لـێبێت. بەسـەركەوتنەكانتان دڵشاد بووین. ئێستا ئەسپەكانتان ئامادە بـكەن و بەرەو ولاتی كوردان بڕۆن. (٤٠٠٠٠)سەرباز بدە بە خالیدی كوڕی وەلید تا دژی قەومی كورد بجەنگێن. پێویستە ئەم سەركردانەش هاوكـاری بكەن:

١- زوبێـری كـوری عـوام ٢ - فەزلـی كـوری عەبـاس ٣ - مقـداد اسـود ٤ - عبـدالرحمان كوڕی ئەبوبەكری سـدیق ٥ - زراری ازور ٦- عبـدالّلەعمری ٧ - ابـو دوجـانە ٨ – ئەبـو ئەیوبی انـساری. لە درێـژەی نـامەكەدا دەڵێـت: بیستوومە لە كوردستان چەند پاشایەكی بە هێـز هەیە: ١- _فـروخ پاشـا لە مەرگـە ٢ - پاشـا ئەژدەر_لەپـــشتدەر ٣ - دانیكـــور پاشـــا لە دووگۆمـــان ٤ - جـــاتلیس پاشـــا لە هەولێـــر. هەروەهـا ئاگاداریـان دەكـاتەوە لە بەهێزتـرین

پاشای کورد کە ئەویش فروخ پاشای کوڕی ئەهرانە. ئەم پاشایە خاوەنی سەربازی زۆر و قەڵای بەهێزە. لەژێر نامەکەدا نوسیوێتی:

فاقتلوا المشركين والحمدالله رب العالمين.

مۆری موحمد لە نامەکە دەدا.

عەبدوڵڵا ئەنەس دەڵێ: بە نامەکەوە کەوتمە ڕێ، کە گەیشتمە سوپای ئیسلام نیوەڕۆ بوو. نامەکەم دایە دەست ئەباعبیدە و ئەویش سوپای ئیسلامی کۆ کردەوە و نامەکەی عومەری بۆ خوێندنەوە. خالید و لەشکرەکەی هاواریان کرد ئێمە ئامادەین بۆ جەنگ. پاش سێ ڕۆژ گەیشتنە سنووری هەولێر و لەوێ خێوەتیان هەڵدا.

(٢)

لەشکرەکەی خالیدی کوری وەلید کە پێکهاتبوو لە ٤٠٠٠٠ (چل هەزار) سەرباز، لە نزیک قەڵای هەولێر خێوەتی هەڵدا.

با بزانین خالیدی کوری وەلید کێ بوو! بابزانین ئەو پیاوە کێ بوو وا ئەو وڵاتانەی ئەو بۆیان چوو، بە هۆی جوانی ڕەوشتی و بەرزی ڕەفتاری و بەخشندەییەوە، بە بێ دوودڵی و بێ سڵەمینەوە، وازیان لە ئاینی باوباپیرانیان هێنا و پۆل پۆل چوونە ناو دینێکەوە، لە کاتێکدا نە لە زمانەکەی تێدەگەیشتن نە لە کلتوورەکەیانەوە نزیک بوون و نە ئاشنایەتییان لەگەڵیدا هەبوو، نە خالیدی کوڕی وەلیدیش هێندە بەڕەوشتبەرزی بەناوبانگ بوو. دەبێ ئەو نهێنیە چی بێ؟ خۆ



پێغەمبەری ڕەحمەت و خۆشەویستی وئاشتی لە٢٣ ساڵی تەمەنی پێغەمبەرایەتیدا ٢٨ شەڕی لەگەڵ خزم و ناسیاو و خێڵەکەیان و خێڵە دراوسێکان و لەگەل هاوزمانەکانی و هاوکلتورەکەیدا کرد، لە کاتێکدا قورئانیش بە زمانی عەرەبی بوو و بە باشی لێی حاڵی دەبوون تا بڕوای پێ بێنن. لە سەر ئەوەشە بڕوایان پێ نەدەهێنا. ئەم هەموو شەڕەی لەگەل کردن، لە دوای مردنی موحمەدیش کۆمەڵێکی زۆریان هەلگەڕانەوە و دەستبەرداری ئەو دینە بوون کە بە زۆر بە سەریاندا سەپێنرابوو. ئەمانەش ناوی شەرەکانە: حرب الفجار، غزوة الأبواء (ودان)، غزوة بواط، غزوة العشيرة، غزوة بدر الأولى، غزوة بدر الكبرى، غزوة بنى سليم، غزوة بنى قينقاع، غزوة السويق، غزوة ذى أمر، غزوة بحران، غزوة أحد، غزوة حمراء الأسد، غزوة بنى النضير، غزوة ذات الرقاع، غزوة بدر الآخرة، غزوة دومة الجندل، غزوة بنى المصطلق، غزوة الخندق، غزوة بنى قريظة، غزوة بنى لحيان، غزوة ذى قرد، غزوة الحديبية صلح

الحديبية، غزوة خيبر، غزوة عمرة القضاء، فتح مكة، غزوة حنين، غزوة الطائف، غزوة تبوك.

خالیدی کوڕی وەلید، ساڵی ٥٩٢ز لە مەککە لە دایک بووە و ساڵی ٦٤٢ز لە سوریا کۆچی دوایی کردووە. خالید بەشداری زیاتر لە سەد جەنگی کردووە، لەوانە: جەنگی ئوحود و خەندەق دژی موسوڵمانان، پێش ئیسلامبوونی. لەو شەڕەدا حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب کوژرا و موحمد بریندار کرا. لەو جەنگەدا هێزەکەی خالید توانی سەربکەوێ بە سەر هێزی موسڵماناندا. پاشان جەنگی یەرموک و جەنگی موتە دژی ڕۆمەکان و جەنگی کورد و جەنگی فیراز دژی فارسەکان کە تێیدا توانی سەرکەوتن بە دەست بێنێ. لە ئایاری ساڵی ٦٢٩ز خالید لە مەککەوە بەڕێکەوت بۆ مەدینە. لە ڕێگا چاوی بە عەمری کوڕی عاس و عوسمانی کوڕی تەلحە کەوت، پێکەوە بەڕێکەوتن بۆ مەدینە و بوون بە موسڵمان، لە دوای موسڵمانبونی کۆمەڵێک کاری دڕندانە و خراپی کردووە، هەتا موحمد و ئەبوبکر و عومەریش لە کارە خراپەکانی ناڕازی بوون. جارێک موحمەد خالیدی ناردە فەلەستین و لەوێ بەبێ هیچ هۆیەک ٥٠٠ مەسیحی سەربڕی. هاوەڵەکانی لە لای موحمەد شکاتیان لێی کرد، ئەویش پێی گوت نەدەبوایە کارێکی لەو جۆرە بکەیت. دەڵێن خالید زۆر بە تورەیی وەڵامی دایەوە و گوتی من ئەوە دەکەم کە خۆم دەمەوێت. من خالیدم. خێڵی (جذیمە)ی هێنایە سەر ئاینی ئیسلام و هەربۆ خۆشی هەموویانی سەربڕی. دەڵێن کاتێک موحمد بەمەی زانی، ڕووی کردە خودا و گوتی: من ئەوکارەم پێ نەکرد، خۆی کردی. پێیان گوت لە کار لایبە. گوتی: نا، ئەو شمشێری هەڵکێشراوی خودایە و لە دژی کافرەکان بە کاری دەهێنم چونکە باش ترس دەخاتە دڵیانەوە.



خالید تەماح لە ژنە جوانەکەی مالک بن نویرة دەکات. مالک بن نویرة سەردەبڕێ و سەرەکەشی دەسوتێنێ بە بیانووی نەدانی زەکات. هەر دوای سەربڕینەکە لەگەڵ ژنەکەدا دەچێتە جێگەوە. لە سەر ئەم کارەی، عومەر پێی دەڵێ خالید بتهێشتایە خۆێنی مێردەکەی وشک بوایەتەوە ئینجا لەگەڵیدا بچویتایە جێگەوە. عومەر زۆر پەست دەبێت لێی بە ئەبو بەکر دەڵێت خالید شمشێرەکەی بۆ زوڵمکردن نەبێت بەکار ناهێنێت و دەبێت لابریێت. ئەبو بەکریش هەمان قسەی موحمد دەکاتەوە و دەڵێت: بۆ شەڕی کافرەکان پێویستمە. لە هەموو شەڕێک کە کردبێتی ئەسیرەکانی کوشتوە و گوتویەتی حەز دەکەم لافاوی خوێن ببینم، لەشەری

هەڵگەراوەکاندا لەگەڵ موسەیلەمە ٤٠٠٠٠ هەزار کەس دەکوژێت بە ئەسیرەکانەوە، دەڵێن ١٢٠٠٠موسڵمانیش دەکوژێت و هەر ئەو شەوە لە ناو ئەو هەموو لاشەیەدا خالید ژن مارەدەکات و لەگەڵیدا دەچێتە پەردەوە. ئەبو بەکر پێی دەڵێت بتهێشتایە خوێنی هاوەڵەکانت وشک بوایەتەوە ئینجا ژنت بهێنایە.

ئەمە بەشێکی کەم بوو لەژیانی درندەترین سەرلەشکری ئیسلام. لە بەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ئەبوبەکر دووری خستەوە لە خۆیان و ڕەوانەی شەرەکانی رۆم و کورد و فارسی کرد. لە کۆتایی ژیانیدا بە تۆمەتی دزیکردن لەو پارانەی کە لە تالانکردنی ولاتان دەستی کەوتبوو، لە سەرلەشکری لایان برد. ئێستا دەتوانم بڵێم خالید دەناسین.

(٣)

ڕۆژی دووشەممە بوو، لە شکرەکەی خالیدی کوری وەلید گەیشتە سنووری شاری هەولێر و خێوەتەکانیان هەڵدا. ژمارەی سەربازەکان ٤٠٠٠٠ (چل هەزار) بوو. (ئای لەو رۆژە ڕەشەی کە بۆ کورد بەرێوەیە، ئەو گەلەی کە بیری چاک و گوتەی چاک و کرداری چاک کلتوریان بوو و خاوەنی دینی کورد بوون و زەردەشت پەیامبەریان بوو و ئاشتی و ئاوەدانکردنەوە تاکە ئامانجی دینەکەیان بوو و شەڕ و خوێنڕشتن حەرام بوو، نەمام ڕواندن و جۆگە هەڵکەندن عیبادەت و خۆشەویستی خوا بوون، بەڵام ئەمرۆ کۆمەڵێ خوێنڕێژ بە سورەتی ئەنفالەوە و بەئایەتی بکوژە و ببڕە حەڵاڵی خۆتەوە، بەتەماحی تالانی سەروماڵەوە هاتوون و لەدەرگای وڵاتەکەت دەدەن.

پاشای هەولێر ناوی چاتلیس بوو. ئەم پاشایە زۆر سوارچاک بوو. دەڵێن لە شەڕدا زۆر فێڵباز بووە. ئەم پاشایە خاوەنی١٤٠٠٠ (چواردە هەزار) سوارە و پیادە بوو و زۆر جار لە دژی هەرقلی ڕۆم، یارمەتی کیسرای فارسی دەدا.

**یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای چاتلیس و خالید:**

کاتێ چاتلیس بینی سوپای عەرەب لە نزیک قەڵای هەولێر هەڵیانداوە، هێرشی کردە سەریان و شەڕ دەستی پێ کرد. خالیدی کوری وەلید دەڵێت ئەمە یەکەم شەڕە ئێمە لەگەڵ نەتەوەی کوردا دەیکەین و داوام لە سوپاکەم کرد کە دەستیان لێ نەپارێزن. ئەگەر کوژراین شەهیدین و جێگەمان بەهەشتە. پێغەمبەر دەڵێ (الجنه تحت ظلال السیوف – بەهەشت لە سێبەری شمشێردایە) ئەگەر سەرکەوتین، سەرو ماڵیان بۆ ئێوەیە. ئێمە چەند ساڵێکە لەشەڕداین و تەواو شارەزای شەڕین، بەڵام سوپای کورد زۆر دەمێکە شەڕیان نەکردووە، هەروەها سوپای کورد لە سوپای کیسرا و سوپای ڕۆم زیاتر نیە. شەڕێکی یەجگار گەورە دەستی پێ کرد و تەپوتۆزی سمی ئەسپەکان بەری خۆری گرتبوو و بەهەزارەها مرۆڤ کوژران و چەندەها دەست و قاچ بڕان و چاوەکان کوێر کران و خوێن و خۆڵ تێکەڵ بوون. ئەم شەڕە چەند ڕۆژێکی خایاند. هەولێرییەکان تا دوا سەرباز جەنگان و

پاشا چاتلیس بە دەستی ضرار بن الأزور کوژرا.

(ضرار بن الأزور کێیە؟ لە دوای فەتحی مەککە بوو بە موسڵمان. شاعیر بوو و یەکێ بوو لە پیاوکوژەکان و زۆر حەزی لە شەڕکردن بووە و دەڵێن زۆر بێ بەزەیی بووە، هە ر نەیارێکی خۆی بەر دەست کەوتبێت بێ دوودڵی سەری بڕیوە و خۆشەویستی موحمد بووە. موحمد گوتوویەتی ضرار جێگەی لەدڵی مندایە. دەڵێن ناوهێنانی بەس بووە بۆ ئەوەی ترس بچێتە دڵی دوژمنەکانیەوە). شەو بوو شەڕەکە کۆتایی پێ هات و ۱۰۰۰ (هەزار) کوردی هەولێری بە دیل گیرابوون. بۆ ڕۆژی دوایی هێنایاننە بەردەم خالیدی کوری وەلید. خالید پێی گوتن ئیسلام بن. ئەوانیش ڕازی نەبوون و گوتیان دینی خۆمان هەیە. بۆیە فەرمانی کرد هەموویان سەربڕن. دوایی سەرکەوتنە سەرەوە بۆ قەڵای هەولێر و کەوتنە تاڵانکردنی سەرو ماڵیان، لە پارە و لە ژن و کچ و لە مێردمنداڵ و وەک دەستکەوتی شەڕ دەستیان بەسەردا گرتن. بەشێکیان بۆ خۆیان گلدایەوە و بەشەکەی تریان دەنارد بۆ مەدینە بۆعومەری کوری خەتاب ئەویش زۆر عادیلانە تالانیەکانی پارە و کەلوپەلی ناوماڵی دەکردە بەیتول مالەوە و دوایی دابەش دەکرا بەسەر موسڵماناندا. هەروەها هەرچی ژن و کچ و مێردمناڵەکانە، لە بازاڕەکانی مەککە و مەدینەدا، وەک کەنیزە و غولام دەفرۆشران و دەکڕدران.

خالید، دوایی خۆی ڕوی کردە قەڵای هەولێر و ڕۆیشتە ناو خەڵکەکەوە و پێی گوتن ئەوەی ئیسلام نەبێ، دەبێت جزیە بدات یان هەمووتان دەکوژین. ئیتر خەڵکەکە ڕازی بوون بە جزیە (دەڵێن خلید زۆر دڵخۆش بووە بە موسڵماننەبوونیان و ڕازیبوونیان بە جزیە لەبەر ئەوەی جزیە هەمیشەیی وەک سەرمایەیەک وابووە بۆیان، خەرجی شەرەکانیان پێ دابین کردووە. لە دوای داگیر کردن وتالانکردن وسوتاندنی هەولێر، ڕوو دەکاتە عەبدوڵڵای جندلی کە سوپایەک بەرێت و ڕوو بکاتە ئەرمۆتە بۆداگیر کردنی.

سەرچاوە کوردستان و ئایینی ئیسلام لە گێڕانەوەی ابوطبری /المستدرک لحاکم، ج ٣، حدیث رقم 5043

(٤)

تەبەری ئاوا ئەم مێژووە دەگێڕێتەوە:

پاش ئەوەی لە شەڕی نابەرابەری هەولێردا بەهەزارەها لاوی کورد خەڵتانی خوێن کران، پاشا چاتلیس بە دەستی زراری بن ئەزور بە نێزەیەکی ژەهراوی سنگی لەت کرا و کوژرا، بەڵام لە سوپای عەرەبی موسڵمان تەنها ٩٠٠سەرباز کوژران!! کوژراوەکانیان هەر لەجێگەی خۆیاندا ناشت. دوا بەدوای ئەم شەرە، خالیدی کوڕی وەلید ڕووی کردە عبدڵلە جندلی و پێی گوت سوپایەک بەرە و بڕۆ بۆ (ئەرموتە). ئەرمۆتە دێیەکە لە نزیک شاری کۆیە. کاتێ

عبدڵلە جندلی بە خۆی و سوپاکەیەوە بەرێکەوت، دەگەیشتنە هەر ئاواییەک تالآنیان دەکرد. سوپای ئیسلام زۆر دڵخۆش بوون بە کۆکردنەوەی ئەو هەموو مەڕومالآتە، بەلآم پیاوانی ئاواییەکان بە نهێنی دێیەکانی خۆیان بە جێ هێشتبوو و چووبوونە کەمینەوە بۆ سوپای ئیسلام و توانییان هێزێکی باش دروست بکەن و گەمارۆی سوپاکەی عبدڵلە جندلی بدەن. پاش شەڕێکی گەورەی دەستەویەخە، کوردەکان توانییان عبدڵلە جندلی بکوژن و سوپاکەشی تەفروتونا بکەن و تالآنیەکانیشیان لێ بسێننەوە.

هەواڵی کوشتنی عبدڵلە جندلی و لەناوچونی سوپاکەی گەیشتە خالیدی کوری وەلید، ئەویش لە هەولێر بەشێک لە سوپاکەی کۆکردەوە و ڕووی کردە ئەرمۆتە. لە پاش ڕۆژ و نیوێک، گەیشتنە ئەرمۆتە. خالید کەوتە تۆڵەسەندنەوە لەو ئاواییانەی کە عبدڵلە جندلی و سوپاکەیان لەناوبردبوو. خالید سوێندی خوارد و گوتی دەبێ هەموویان بکوژرێن تا ببن بە پەند بۆ ئەوانەی دێنە سەر ڕێگای سەربازەکانمان. ئەوە بوو هەموو ئەو ئاواییانەیان تالآن کرد و هەموو پیاوەکانیشیان سەربڕی. پاشان لە نزیک گوندی ئەرمۆتە سوپاکەی خالید خێوەتی هەڵدا. بەچواردەوری ئەرمۆتەدا دیواری بەردی بە هێز هەبوو ژمارەیەکی زۆر لە گاوران و پاڵەوانانی کوردی زەردەشتی کە گوێیان لە دەنگی سەربازەکانی ئیسلام بوو کەوتنە جنێودان پێیان، ئەوانیش بەهەمان شێوە. عبدالرحمانی کوری ئەبوبکری سدیق دەڵێت لەم شەڕەجنێوەدا بووین، خۆمان ئامادە کرد بۆ شەڕێکی گەورە، ئێمەش هەر بۆ ئەوە هاتبوین.

عبدالرحمان کێیە؟

(کوڕی ئەبوبەکری سدیقە یەکەم خەلیفەی موسڵمانان برای عائیشەی ژنی محمد، کە لە جاهلیدا ناوی عبد الكعبة بوو و موحەمەد ناوی گۆری بۆ عبدالرحمان، عبدالرحمان سوارچاک و شەڕانگێز بووە و لە مرۆڤکوشتندا لێزان بوو. شاعر بوو و دوژمنی سەر سەختی موحمد بوو. لە هەموو شەڕەکاندا دژی موسڵمانان دەوەستایەوە و لە شەڕی بەدردا سنگی دایە پێش و هاواری کرد موسڵمانان ئەگەر پیاوتان تیادایە، بێتە دەرەوە و ڕووبەڕووم بێتەوە. ئەوە بوو ئەبو بەکری باوکی ڕقی هەستا و گوتی من دەڕۆم دەیکوژم. محمد دەستی گرت و نەیهێشت. عبدولڕەحمان بە کافری مایەوە هەتا سوڵحی حدیبیە. دوایی کە کەس نەما، ئەمیش بە ناچاری موسڵمان بوو. ئێستا هاتووە خوا بە کوردی زەردەشتی بناسێنێت!!)

لە خۆئامادەکردندا بوون بۆ شەڕ، عبدوڕەحمان دەڵێت لە ناکاو بینیمان قەشەیەک لەلایەن کافرەکانەوە هات. کڵاوێکی سوری لەسەردا بوو، بە سواری هێسترێکەوە بوو لە دورەوە بە عەرەبیەکی زۆر باش هاواری کرد. زۆرمان بە لاوە سەیر بوو کوردێک ئەتوانێت بە عەرەبی قسە بکات. هاواری کرد: قەومی عەرەب کێ سەرکردەتانە؟ با سوپا سالارتان بێتە پێشەوە

تا قسەی لەگەڵدا بکەم. دەستبەجێ خالید چووە پێشەوە و گوتی: من سەرکردەیانم. قەشە پێی گوت: هەتا ئێستا هیچ پاشایەک نەیوێراوە بێتە وڵاتی ئێمە و شەڕمان لەگەڵدا بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێوە لە جێیەکی دورەوە هاتوون، لەبەر خاتری خودا شتێکتان دەدەینێ کە بیخۆن و بڕۆن. ئە گەرنا، ئەوە توشی شەڕێکی سەخت دەبن لەگەڵماندا. خالید لە وەڵامدا گوتی وڵاتی کورد لە فارس و ڕۆم زیاتر نیە. کۆتایی بە قسەکانیان هات و قەشە گەڕایەوە بۆلای پاشاکەی کە ناوی پتروسی کوڕی کرباش بوو، قەشە قسەکانی خالیدی گێڕایەوە بۆ پاشاکەی، ئەویش زۆر تووڕە بوو. یەکسەر سوپای ئامادەکرد و بەرەو ڕووی موسڵمانان هێرشی برد. خالید هاواری کرد ئەی موسڵمانینە ئێمە ئەگەر بکوژرێن باغ و باغاتی بەهەشت و حۆریەکانی چاوەڕوانمانن (ئەوانیش دەتۆپن و دەچنە جەهەنەم). دوابەدوای ئەم قسانە، هەردوو سوپاکە تێکرژان و شەڕێکی گەورە قەوما و ڕۆژی حەشر هەستا. ڕۆژی ڕوناک لە تەپوتۆزی سمی ئەسپەکان تاریک بوو. هاوارهاواری دەستوقاچ براوەکان گوێی کەڕ دەکرد و چەندەها ئەسپ بە بێ سوار لەو ناوە دەسوڕانەوە. ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە شەر بەردەوام بوو و خالیدی کوڕی وەلید توانی زەفەر بەرێت بە پاشا پترس و لە دورەوە بە رمێک بیکوژێت. بەمە، ورەی سەربازەکان ڕووخا و گەڕانەوە ناو قەڵاکە و خۆیان ئامادەکردەوە. بۆ ڕۆژی دوایی براکەی پترس کە ناوی برابری بوو شەڕی دەست پێکردەوە و شەر بەردەوام بوو. کۆمەڵێکی زۆر لە هەردوو لا کوژران و دوایی زرار کوری ئەزور توانی برابرای بکوژێت، سەربازەکان هەڵهاتن و چوونەوە ناو قەڵای ئەرمۆتەوە، بەڵام موسڵمانان نەیانتوانی قەڵاکە بگرن. دەڵێن لەو شەڕەدا ٧٠٠٠ کورد کوژران، بەڵام مێژوونووسەکە باسی کوژراوە موسڵمانە عەرەبەکان ناکات. (٨٠٠) کەس بە ئەسیری دەبەنە بەردەم خالید، ئەویش پێیان دەڵێ یان موسڵمان بن یان جزیە (واتە سەرانە) بدەن. ئەوانیش ڕازی نابن. خالید دەڵێت لە سەریان بدەن ئەوانیش هەموویان سەر دەبڕن. (ئەگەر دڕندە نەبێ ئاخر چۆن دیانەت بەو جۆرە بڵاو دەکرێتەوە؟ ئاخر خالید تۆ خۆت هێشتا نازانی قورئان چی تێدایە و ئەسڵەن ئەو کاتە قورئان کۆنەکرابۆوە و خۆت تازە بە شەرتی تاڵانی موسڵمان بووی، ئیتر چی دەگەیەنیت بە یەکێک لە زمانەکەت تێ ناگات؟

سەرچاوە رجال حول الرسول/خالد محمد خالد بيروت : دار الفكر ص ٥٢٨ – ٥٣١

«ئاڤێستا بە هەر پێنج بەشیەوە... لێی دەوەشێتەوە بە کۆنترین فەرهەنگی زمانە ئێرانیەکان حیساب بکرێت، چونکە هەرچی نووسینی دیکەی ئێرانی هەبێ بە دوا ئاڤێستادا هاتوە. لە ڕووی تین هێنان بۆ ویژدانی پێڕەوەکانی ڕەنگە لە بەرایی هەموو کتێبێکەوە بێت چونکە:

١) نووسینی لە خۆی بە پێشەوە نەبووە ببێتە هاوبەشی لە تاو و تەئسیر.
٢) باوەڕی پێش خۆی ڕەش کردەوە و یەکێکی تازەی هەڵنا.
٣) هەموو ڕوویەکی ژیانی گرتەوە بە فکر و ئایین و ڕەوشت و گوزەرانەوە.

هەر کتێبێکی دیکە بکەیتە جێی بەراورد کردنی بەلای کەمەوە یەکێک لەو سێ لایەنانەی تێدا بزرە. ئاڤێستا هەرچەند لە ڕەوی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر ڕۆژهەڵات (لە بەرەو کۆتایی صەدەی چوارەمی پێش عیسا) دووچاری نسکۆیەکی کوشندە هات، دیسانەوە لە ئاکامدا بۆوە بە تاکە سەرچاوەی باوەڕ و ویژدان (تا ڕادەیەکی هەڵکشاویش هی گوزەران) لە ئیمپراتۆریەتی ئێران (ئەشکانی و ساسانی هەتا فەتحی ئیسلام. یەزدگورد لە ٦٥٢ ز کوژرا). بەو پێیە ئەگەر ماوەی حوکمی سلووکیەکان لە حیساباندا دەربکەین، هەر لە پێغەمبەرایەتی زەردەشتەوە (ساڵی ٦١٨ پێش ز: ل، ٨٥ مزدیسنا و ادب پارسی) هەتا ٥٠- ١٠٠ ساڵێکیش دوای یەزدگورد کە دینی زەردەشت باوی مابوو (پتریشی دەوام کرد) بۆ ماوەی پتر لە ١١٠٠ ساڵ ئاڤێستا سەرچاوەی ئیلهاماتی گەلە ئێرانییەکان بوو چ لە ڕووی باوەڕەوە بێت و چ لە ڕووی کاری دنیاییەوە بێت.

سامانی وەها فرەوان کە لە ئاڤێستا کەوتۆتەوە. بێگومان، هۆی ساماندرابوونی هەر زمانێکە بووبێتە وارسی دینی زەردەشت و ئاڤێستا. بە داخەوە زمانی کوردی ئەو وارسە نەبوو چونکە نەک هەر دەوڵەتی نەبوو، بەڵکوو نووسینیشی نەبوو. وارس خاوەنی دەوڵەتی ئێران و دینی ڕەسمی دەوڵەت بوو کە فارسەکان بوون.

مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە» - لاپەڕە 363 سایتی مامۆستا
www.mamosta.net



# گەردوونگەرایی یان پووچگەرایی ؟

د. ئەحمەد میراودەلی

لەم سەروبەندەدا کە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش ئەمەریکا بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ڕۆژهەلاتی نێوین، گریان لە ناوچەکە بەرداوەتەوە، وەلێ ئەم جارەیان لە ژێر پەردەی شەڕی دژەتێرۆڕ و دابینکردنی ئازادی، دیمۆکراسی، دادگەری و سەربەخۆیی میللەتاندایە. ئەم جارەیان پارە و چەک لە داگیرکاران و هێسک و گۆشت و خوێن لە ڕەشورووتی ناچەکە و، تۆز و خۆڵ و دووکەڵیش لە دایەنیشتیمان.

ئەم جارەیان بەهۆی تێکنۆلۆجیای نوێ و داهێنانی چەکی زیرەک و کوشندەترەوە، زلهێزەکان بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ناوچەکە و پاراستنی بەرژەوەندەکانیان، پێویستیان نەبوو هێندەی شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم، خوێنی شینەبەگزادەییەکانی خۆیان بڕێژن. وەلێ هەر دەبوو هێندێکیش بکەنە قوربانی.

زۆر نین ئەوانەی ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکەدا بەڕێوەن، لە بەر خاتری چاوی ڕەشی دانیشتوانی ناوچەکەدا نییە. ئەم گۆڕانکارییانە پێشوەخت کاری لە سەر کراوە و لە بەناو، کۆمەڵەی "نەتەوە یەکگرتووەکاندا" پێشتر بڕیاری دەستێوەردانی ئەو وڵاتانە درا کە کۆمەڵکوژی هاووڵاتیانی خۆیان دەکەن. ئەو بڕیارە هەرچەندە لە بنەمادا بڕیارێکی مۆراڵی و ئێسیکییەکی هەتا بڵێیت بەهادار و جوانە، وەلێ لەهەمان کاتیشدا پەردەپۆشیی نیازێکی پیسیش دەکات.

هەموو شتێک گوماناوییە وەڵی نابێت زۆر پاسیمیست "نەرێنی" بین لەو گۆڕانکاریانە، چونکە زلهێزەکان دەزانن ئەمڕۆ میللەتانیش تۆزێک چاویان کراوەتەوە و ملکەچی هەموو شتێک نابن، لە بەر ئەوە، دەبێ جێگرەوەی سیستێمە رووخاوەکان/ رووخێندراوەکان، سیستێمێک بێت نە شیش بسووتێنێ نەکەباب-

بەواتای ئەوەی دەبێ دەسەڵاتێک بێت لەوەی پێشوو باشتر بێت، بەڵام پێش هەموو شتێک دەبێت پارێزەری بەرژەوەدەکانی ڕۆژئاوا بێت. هێندێک جار خراپە چاکەی بەدوادا دێت. لێرەوە - بە واتای پاراستنی بەرژەوەندی ڕۆژئاوا، ئاسۆیەک بەڕووی نەتەوەیەکی وەک کوردی دابەشکراو و ژێردەستەدا دەکاتەوە بۆ گەیشتن بەخەونی هەزار ساڵەی، بەو مەرجەی خۆخۆر نەبێت و ڕۆشنبیرانی بەئایدیای پووچ و نالۆجیکی و ڕەتکراوە، هاووڵاتیانیان لەخشتەنەبەن.

جێگەی داخە کە لەجیاتی هەوڵدان بۆ داڕشتنی بیر و بەرنامەیەکی تۆکمەی نەتەوەییانە، هێندێک لەڕۆشنبیرانمان، وەک قەلەندەر و وشکەسۆفی گۆشەگیر، دژی ناسیۆنالیزم دەدوێن، بێ ئەوەی هیچ جێگرەوەیەک/ ئاڵتیرنەتیڤێکیان هەبێت. هێندێکیشیان فیلۆسۆفیای" گەردوونگەرایی" مان پێ دەفرۆشن، ئەو فیلۆسۆفیایەی کە ڕۆژێکیش ڕووناکی نەبینی.

هەستی گەردوونگەرایی؛ ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر زووی یۆنان، بۆ ئەو کاتەی لە" سوکرات"یان پرسیبوو، کوێندەریت؟ ئەویش لەوەڵامدا گوتبووی "من، نەئەسینیم نەیۆنانی، بەڵام هاو وڵاتییەکی ئەم زەمینەم". دەڵێن لە "دیۆجێنێس Diogenes" یان پرسیوە، لەکوێوەهاتوویت، ئەویش لە وەڵامدا گوتوویتی"من هاووڵاتیی ئەم دنیایەم".

دواتر ستۆیکەکان Stoics ، گوتەکەی دیۆجێنێسیان وەرگرت و کردیانە بڕوایەکی تایبەت – هەموو کەسێک لە دوو کۆمەڵگەدا دەژی، کۆمەڵگە خۆجێییەکەی/ لۆکالییەکەی، ئەو شوێنەی لێی لەدایک بووە و، کۆمەڵگەی گشت مرۆڤ. بەڵام گەردوونگەرایی ستۆیک "بازنەیی"یە و، بازنەی یەکەم لە خودەوە دەستپێدەکات ئەوجا خێزانی نزیک، خێزانی گەورەتر، کۆمەڵی ناوچەکە، هاووڵاتیان و دوای ئەمانە هەمووی، ئینجا بازنە گەورەکە گشت مرۆڤ. بەپێی ئەو فیلۆسۆفیایە، مرۆڤ دەبێت لە پێش هەر شتێکی دیکەوە بەتەنگ خۆیەوە بێت ئەوجا بازنەکە فراوانتر بکات تا دەگاتە نەتەوە و هاووڵاتیانی، دواتریش پەلی هاوپەڕۆشی بۆ هەموو مرۆڤایەتی بهاوێت. کەواتەبەپێی فیلۆسۆفیای ستۆیک، ناسیۆنالیزم، پێش گەردوونگەرایی دێت.

سەردەمێکی زۆر دواتر ئیمانوئێل کانت؛ ساڵی ١٧٩٥ دەربارەی کۆسمۆپۆلیتان - یاسا و ماف، بابەتی نووسیوە. لەم سەردەمەشدا، جاک دێریدا و هێندێکی دیکەش لەو بارەیەوە دەنووسن. بۆچوونەکانی دێریدا و کانت، چوارچێوەی پێوەندی لەنێوان ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا و دوور لە هەموو بەند و بڕگەیەکی یاسای نووسراو، دادەڕێژن. بە بڕوای کانت، بنچینەی ئێسیک، بریتییە لە ئەرکی ئاگاداری و هاوکاری یەکدی، بەبڕوای وی مۆڕاڵی یونیڤێرساڵ/ سەرانسەری دنیا، بوونی نییە، بەڵام بەرپرسیاری" چاککاری، بەزەیی هاتنەوە،

خێرخوازی" هەیە بۆ ئەو کەسە لاوازەی داوای دەکات. ئەی کورد لاواز نییە و داوای هاوکاری ناکات؟ ئەی بۆ کەس بە هانایەوە نایەت؟

گەردوونگەرایی Cosmopolitanism : بڕوابوونە بەوەی کەهەموو گرووپە ئێتنییەکان سەر بەیەک کۆمەڵگەن، ئەویش لەسەر بنەمای، مۆراڵی هاوبەش. ئەوەش ئەو پرسیارە دەهێنێتە پیشێ، ئایا مۆراڵێ هاوبەش لەئارادایە؟ ئەگەر هەیەلە چ ئاستێکدایە؟ لەسەر ئاستی تاکە یان گرووپ و نەتەوەی جیاواز؟ دڵنیام خوێنەرەوەی بەڕێز وەڵامی پرسیارەکەی لایە و پێویست ناکات من بیدرکێنم.

ئەو ڕۆشنبیرە کوردە دژەناسیۆنالیستانە. هەموو نەهامەتییەکانی مرۆڤ و ناڕەوایی و خوێنی ڕژاو بەدرێژایی ئەم دوا دووسەتەی مێژووی مرۆڤ لەگەردنی بیری نەتەوەیی"ناسیۆنالیزم" دەئاڵێنن و گوتەی دانستەی فیلۆسۆفانی وەک "تاغوور و دێریدا" بەگوێی خوێنەرەوەدا دەدەن، گوایە نەفرەتیان لەبیری نەتەوەیی کردووە، بی ئەوەی بیر بکەنەوە کە مەرج نییە هەرچی فیلۆسۆف گوتبێتی شتێکی ڕاست و لۆجیکیی بێت. مێژوو بۆی سەلماندووین کە زۆر فیلۆسۆفیا لە پوچگەرایی زیاتر هیچی دیکە نەبووە و نییە. هەر بۆ نموونە؛ نیچی، لە پەرتووکی "لەودیوی چاکە و بەدی Beyond Good and Evil "دا، زۆر لەفیلۆسۆفیا کۆنەکان، لەسەردەمی گریکەوە تا دەگاتەسەردەمی خۆی، بە زۆرێک لەوانەی کانت و سپینۆزا و شۆپنهاوەر و......

زۆری دیکەشەوە، کە ڕۆشنبیرانی کورد بە تایبەتیش دژە نەتەوییەکان، لە نووسینەکانیاندا، پەنا دەبەنە بەر گوتە نەستەقەکانیان و بەکاری دەهێنن، پووچ دەکاتەوە. ئەوجا پرسیار دێتە سەر ئەوەی کام فیلۆسۆفیا درووستە؟ ئەوەی نیچی، یان ئەوانەی نیچهی بەپووچگەراییان دەزانێت؟

پلێتۆ یەکێکە لە کەڵەفیلۆسۆفەکانی سەردەمی کۆنی یۆنان، ئایا بیرۆکە کۆمارییەکەی پەسەند کرا؟ خۆ هەر لە "کۆماریشدا " ئافرەت بە هاوتای پیاو نازانێ بەڵام بەخێری خۆی دەڵێ "دەبێ مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا بکەین". ئەریستۆتال ئافرەت لە بەشداریی جینیۆلۆجی منداڵدا، بێبەری دەکات و هەمووی دەداتەوە بە پیاو، ئەریستۆ لە سەردەمی خۆیدا هەر ئەوەندەی لەزانست زانیوە، دڵنیام ئەگەر لەسەردەمی ئەودا زانست وەک ئێستا پێشکەوتوو بوایە تووشی ئەو هەڵەیە نەدەبوو. نیچەش بە پیاو دەڵێ" ئەگەر چوویت بۆ لای دۆستەکەت، قامچیەکەت لەبیر نەچێت"، و زۆر شتی دیکەی قێزەوەنتریشی دەربارەی ئافرەت گوتووە. ئەوجا کە ڕۆشنبیرێک هەرچی فیلۆسۆفان گوتوویانە بەڕاست بگرێ، دەبێ لە ماڵەوە قامچییەکیشی هەبێت بۆ بیرازکردنی هاوسەرەکەی و لەسەر فیلۆسۆفیاکەی" ئەریستۆتال"یش بەهاوسەرەکەی بڵێت "تۆ هیچ مافێکت بە منداڵەوە نییە" و هەموو کات باوک خاوەنی منداڵە. بێ گومان ئەوەش کاکڵی پیاوسالارییە. ئەگەر ڕۆشنبیرێک ئەوە بڕوای

بێت، ناتوانم لۆمەی بکەم کە لەدوای مەلایەک، قەشەیەک، مالمێک، پاشنویژ بگرێت. ئەوجا بە پێی فیلۆسۆفیای" مانی و شۆپنهاوەریش" ئەگەر خوشمان نەکوژین دەبێ خۆ لەسێکس بەدوور بگرین، دەبێت هاوسەرگیریش نەکەین بۆ ئەوەی زوو بگەینە ئەوەدنیا، چونکە ئەم دنیایە هەمووی ئێشوئازار و نەهامەتی و سەرئێشە و نەخۆشییە!! ئەرێ بەراستی برای فیلۆسۆف و رۆشنبیری کوردم، ئەمە هەمووی پووچگەرایی و فالگرتنەوە نییە؟ ئەگەر هێندە بڕوات بە فیلۆسۆفیایە، فەرموو ئەوە تۆ و شۆپنهاوەر و مانی، شوپنهاوەر بەئاشکرا گوتی "من لە خۆکوشتن ترسام بۆیە خۆم نەکوشت" ئەی تۆ لەچی دەترسی، بۆ خۆت ناکووژی؟ یان درۆ دەکەی و بۆ خۆ فشکردنەوە نەبێت بڕوات بەفیلۆسۆفیا نییە؟ لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە هەر رۆشنبیرانی ئێمەی کورد، بەپێی پیویست و مەرامی تایبەتی، گوتەی فیلۆسۆفێک دەکەنە بەڵگەی ئەوەی خۆیان بڕوایان پێیەتی، یان وادەزانن ئەوە راستییە– بەلام بەو مەرجەی لەگەڵ راکەیاندا گونجابێت. خۆ ئەگەر ئاگایان لە را و گوتەی پێچەوانەی سەت فیلۆسۆفی دیکە هەبێت لەسەر ئەو بابەتە، ئەوا وەک کەرەی شەربەتەکە، خۆیانی لێ گێل دەکەین.



Platon – پلێتۆ – ئیفلاتون

کات و " واقیع" گەورەترین فیلۆسۆفیای سەردەم" ماددی" رەوانەی پەراوێزی مێژوو کرد. فیلۆسۆفی و ئەزموونی بەردەست "واقیع" دوو شتی جیاوازن. دوای ئەوەش، بەبڕوای من کە ئەوەی تاغوور و دێریدا و کێ کێ لەو بارەیەوە گوتوویانە" واقیعی" نییە... کێ دەڵێ رۆژێک نایەت وەک فیلۆسۆفیای کۆماری پلێتۆ و ئاوڵەمەی ئەرپستۆ پووچ نەکرێنەوە؟ ئەی باشە هەر ئەریستۆتالی فیلۆسۆف نییە دەڵێ "ئەوە رۆژێکی خەمبارە بۆ مرۆڤایێتی کاتێک یەکێک بەپێویستی دەزانێت کە شێوازێک داڕێژێت بۆ ئەوەی هەموو کەسێک لەسەری بژی"؟ باشە ئەم گوتەیەی ئەریستۆ پێچەوانەی فیلۆسۆفیاکەی

> زۆر رۆشنبیری کورد، هێشتان لە نیوان وەهم و دیماگۆگی فیلۆسۆفیادا سەریان لێ شێواوە و ئەوەی لە کۆلکە پەرتووکێکدا "ئەگەر نووسەرەکەی تەنها بە ناویش بە فیلۆسۆف ناو برابێت" بەراست دەزانێ و دەیکاتە بەڵگەی بۆچوونە خێلوخێچەکەی.

تاغوور و دێریدا نییە؟ مەبەستم گەردوونگەراییەکەیانە.

دڵنیام؛ ئەو راستییەی من بەرگری لێدەکەم لە لایەن هێندێکەوە، ئەگەر رۆشنبیریش بن- کورتبینن و رەنگە بە هێرشی سەرخۆیانی بزانن.

گوتەی تاغوور و دێریدا، بەمنی کوردی هەشبەسەری وڵات پارچەپارچەکراو و چینۆسایدکراو بە رێژیمی هەخامەنشی، ساسانی، ئیسلامی، تورکی عوسمانی و کەمالی ئێستا ئۆردوگانی، ستالینی، فارسی سەفەوی و ئاخوندەی ئێستا چی؟

فیلۆسۆف دژی بیری نەتەوەیی نییە، فیلۆسۆف دژی شۆڤێنیزمە، کێشەکەش ئالێرەدایە کە بە داخەوە زۆر لەوانەی بە رۆشنبیر ناویان هەیە بەتایبەتیش لە ناو ئێمەی کوردا، خۆشویستنی نەتەوە و وڵات و زمانی خۆ، کە ئەمە کرۆکی ناسیۆنالیزمە، وەک شۆڤینیزم سەیر دەکەن. ئەمەش هەڵەیەکی مەزنە و هۆکاری لاوازکردنی کوردبوون و وڵاتپارێزیی کوردانە. دڵخۆشکەری داگیرکارانی کوردستانە. ئەرێ برای رۆشنبیری دژەناسیۆنالیزم، بۆ رزگارکردنی کوردستان و کوردستانیان چیت لەهەگبەدا هەیە؟ بۆ هەڵیناڕێژی تا پێڕەوی بکەین؟ تۆ کە هیچت لەو بارەیەوە پێ نییە، ئەوەی دەیڵێیت دژی ناسیۆنالیزم، چاولێکەرییەکی کوێرانەی "دێریدا و مێریدا" و " تاغوور و ماغوورە"ە و من وەک لاسایی بۆڵیوود بۆ" هۆڵیوود"ی ئەماریکا دێتە بەر چاوم و لە پووچگەرایی زیاتر بە هێچی دیکەی نازانم. سەیریش ئەوەیە ئەو رۆشنبیرانە لەنووسینەکانیاندا "دژی ناسیۆنالیزم"، خۆشویستنی نەتەوە و وڵات و زمانی خۆی دەدرکێنێ و کوتومت وەک منێکی نەتەوەیی خوازیاری ئازادی و دیمۆکراسییە بۆ نەتەوە و وڵاتەکەی. ئەویش وەک من نەتەوییەکی ساغڵەمە وەلێ لە هۆشی نووستوویدا، کەراستترین هۆش و بەئاگابوونە. بەڵام بەداخەوە ئەو بیرکردنەوەیە هێشتان باڵی بەسەر هۆشە ئاگادارەکەیدا نەکێشاوە. منی نەتەوەییش هەر هێندەی ئەو رۆشنبیرە خوازیاری ئازادی و دیمۆکراسیم بۆ وڵات و هاووڵاتیانم، هەر هێندەی ئەوانیش زمان و کولتووری خۆمانم خۆشدەوێت. وەلێ جیاوازی من و ئەوان ئەوەیە کە من دەزانم لە سایەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا نەبێت نایەتەدی. ئەوانیش لە وەهمدا بەدی دەکەن. وەهمی" کۆمیونیزم و کۆسمۆپۆلێتی".

زۆر رۆشنبیری کورد، هێشتان لە نیوان وەهم و دیماگۆگی فیلۆسۆفیادا سەریان لێ شێواوە و

ئەوەی لە کۆلکە پەرتووکێکدا "ئەگەر نووسەرەکەشی تەنها بە ناو بە فیلۆسۆف ناو برابێت" بەراست دەزانێ و دەیکاتەبەڵگەی بۆچوونە خێلوخێچەکەی.

دەوڵەت" state" بریتییە لە، لەخۆگرتنی فیزیکی بڕوایەک، گرینگیش نییە ئەو بڕوایە چەند دواکەوتوو یان پێشکەوتووە. دەوڵەتیش لە سەرەتاوە بە دەستی پاتریارکی دامەزراوە. پاتریارکی کەلەسەر بنەما درۆزنە ئاسمانییەکەی گوایە هێندێک کەس بە بڕیاری خودا لەسەرووی ئەوانی دیکەوەن، بالادەستی دەداتە دەست گرووپ و کەسانێک و مافی ئەوەیان دەداتێ ئەوانی دیکە بەڕیوەبەرن، خەڵک هەڵواسن، شەڕ هەڵایسێنێنن، ژێردەستەکانیشیان بچەوسێننەوە.

بەنیازی پێچدانەوە بە خراپترین ئاکاری دەوڵەت، دیمۆکڕاسی هێنرایە ئاراوە، وەلێ دیمۆکڕاسیش لەژێر پەردەی رەواییدا زۆر ناڕەوایی دەکا یان بازی بەسەردا دەدات.

جاک دێریدا؛ کە هێندێک لەرۆشنبیرانی کورد وەک فیلۆسۆفێکی نەفرەتکار لە ناسیۆنالیزم بەنموونە دەیهێننەوە، لە مەبەستی دێریدا تێنەگەیشتوون. دێریدا هەقی خۆیەتی نەفرەت لە ناسیۆنالیزم بکات، چوونکە ئەو پاراستنی نەتەوەی خۆی لەو نەفرەتلێکردنەدا دبینێتەوە. دەوڵەتی ئیسڕائیل لە سەر بنەمای ئاین دامەزراوە نەک ناسیۆنالیزم، دێریدا، دەزانێ بۆ دژی ناسیۆنالیزم و ئاینە، ئەو دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە هەستی شۆڤێنیزمی عارەبی و ئیسلامیزم، سڕ بکات، ئەو دەیەوێ عارەب واز لەبیرۆچکەی فڕێدانی ئیسڕائیل بۆ ناو دەریا بهێنێ. وەلێ نازانم ئەو رۆشنبیرە کوردانە لە دژایێتی ناسیۆنالیزمدا، مەبەستیان چییە؟ وا دیارە زۆر رۆشنبیری کورد بەهەڵە لە دێریدا تێگەیشتوون. دێریدا وەک رۆشنبیری کورد کوێرانە نەفرەتی لە بیری نەتەوەیی و ئاین نەکردووە. نەتەوەی ئەو خاوەنی دەوڵەتی خۆیەتی و دیمۆکڕاسیترین دەوڵەتی ناوچەکەشە و بە نەفرەتی ئەو لە ناسیۆنالیزم، جوولەکە زەرەدمەند نابێت. ئەو نەفرەتی لەبیرە شۆڤێنییەکەی عارەب کردووە کە دەیەوێ جوولەکە فڕێداتە دەریاوە. ئەمەش بیرکردنەوەیەکی هەرە بالا و هۆشمەندانەی "دێریدا"یە و داهینانێکی بلیمەتانەیە و لە بەرژەوەندی پاراستنی نەتەوەکەیدایە. لەو بڕوایەدام ئەگەر دێریدا بیزانیایە رۆشنبیرانی ناوچەکە هەموویان وەک هێندێک رۆشنبیری کوردی"واعیزدەر" کۆڵەوارن، بەزەییەکی بەدڵدا دەهات و بەشێوەکی دیکە لە ناسیۆنالیزم و ئاین دەدوا.

مۆسۆلێنی و هیتلەر، بوونەتە بنیشتەخۆشکەی زاری ئەو کوردە دژەنەتەوەییانە، باشە با " ناواقیعیانە" گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەوانە بەرهەمی بیری نەتەوەیی بوون. ئەی، ماو تسی تۆنگ، کاسترۆ، چاوشێسکۆ، تیتۆ، ستالین، پۆلپۆت، کیم ئیل سۆنگ وکوڕە کورتەبالاکەی، بەرهەمی کام بیری نەتەوەیی بوون، کە دە ئەوەندەی هیتلەر و مۆسۆلێنی مرۆڤی بێ

تاوانیان کـردە حـەزی دیکتـاتۆریێتی خۆیـان؟ ستالین مافی هەموو نـەتـەوەکـانی سۆڤێتستانی کـردە قوربـانی رووسـە سـوورەکـان، بـە بێلـۆ رووسیـشەوە. بـەڕێزینـە، کـە دەزانـن سـتالین خەڵکی جۆرجیا بـوو، ناشـی بڵـێن سـتالین لـە رووسە سوورەکـان بـوو و ناسیۆنالیـست بـوو بۆیە وای کرد.

برای رۆشنبیری کـوردی دژەناسـیۆنالیزم: بـڕوا دەکەم بـە لینگـاوقووچی لـەمێژوو و فیلۆسـۆفیا تێگـەیـشتبیت. لـەخـۆت بپرسـە. بـۆچی سۆشیالیزم- نەک کۆمیـونیزم، کـە سیـستێمێکی هەتا بڵێیت جوانە هەتا ئێستاش لەهیچ وڵاتێکدا بەنیوەناچڵیش پێڕەو نەکراوە؟ دەزانـم وەڵامـت پێ نییە، چونکە لە راستییەکان تێنەگەیشتوویت. ئەگەر لەراستییەکان تێگـەیـشتبای، دەتزانـی کـە ناسیۆنالیزم سەرچاوەی ئەو نەهامەتیانە نییە کە تـۆ باسـیان دەکـەی. ئـەوە پیاوسـالارییە کـە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکـانی مرۆڤـە. خـۆ پیاوسـالاری تـەنهـا مانـای ژێردەسـتەکردن و رەتکردنەوەی هاوتایی نێـوان نێـر و مـێ نییە. پیاوسالاری بە تەواوی مانـای چـەوسـاندنەوەی هەموو چینەکانە لەلایـەن چینێکـی سـەروەرەوە، ئەوجاش، پیاوێکی مەزن لە سەروو هەموانەوە بە نێرینە و مێیینەوە. ....... پاشـا، دیکتـاتۆر، زار ... لە سەروو هەمووشـیانەوە خـودا کـە بـاوکی دیکتـــــاتۆر و پادشــــاکانە و پاشــــا و دیکتاتۆرەکانیش جێگری ئەون لەسەر زەمین. با هەنگاوێک بگەڕێینەوە دواوە، سەیـر بکـەیـن و لـەخۆمـان بپرسـین سـەرچـاوەی ئـەو هـەمـوو

خوێنەی "ئاژەڵ مرۆڤ" لەخۆی رشتووە، چییە؟ ناسـیۆنالزم؟ ئایـدیای جیـاواز؟ ئـاین؟ یـان پیاوسالاری؟

پێم بڵێن: لەو کاتەوە مەیموونەکە لـە دار دابـەزی و هەستایە سەر دووپێ، خەریکی خۆکوژی نییە؟ ئەو کاتەی بە بەردەقانێ و کوتەکی دار، مـرۆڤ یـەکـدی دەکوشـت، ناسـیۆنالیزم لـەکـوێ بـوو؟ هـەخامـەنـشی بـۆ دژی میـد بـوو کە گوایـە ئـامۆزاش بـوون؟ شـەڕی ئێـران و یۆنـان، چ پێوەندییەکی بەناسیۆنالزمەوە هـەبـوو؟ هێرشـی مەنگۆل و تالانکاری و سڕینەوەی شارستێنەکان چ پێوەندییەکی بە ناسیۆنالیزمەوە هەبـوو/ یـان شەڕی پاپـا و پادشـاکانی ئـەورووپـا و شـەڕی خاچهـەڵگـران و ئیـسلام؟ بـەراسـتی جێگـەی نەهامەتییە کە رۆشنبیرێک، جا لەهەر ناسیۆنێک بێت، بەرامبەر بەو هەموو خوێنەی، پیاوسـالاری، ئاین و ئایدیای سیاسی نانەتەوەیی، رشتوویانە، بێت بیرێکی نەتەوەیی پاک کە "بریتی بێـت لـە خۆشویـــستنی نـــەتـــەوە و وڵات و زمـــان و کولتـــووری خـــۆی و رێزگـــرتن لـــەهاوســێ و نـــەتـــەوەی دیکـــەو پێکـــەوەژیـــان" بخاتـــە ژێـــر جەکوشی تێنەگەیشتنی خۆیەوە.

مێژوو بۆمانی سەلماندووە کە، ژیانی مرۆڤەکـان هیچ نەبووە جگە لەشەڕ و پێکدادان، ناوبەناوێک ئاشـتی وەک دادانــەوە و لادانــاوەی پــەردەی شانۆگەری هاتۆتە ئاراوە. تۆماس هۆب/ هـۆبز، بە هەڵەدا نەچوەکە، گوتوویێتی "پێوەندییـەکـانی مرۆڤ و مرۆڤێـک، وەک پێـوەنـدی نێـوان دوو گورگە"

ئێمەی مرۆڤ لەهەرکوێیەک هەین، هەتا ئێستاش نەمانتوانییوە لە پیاوسالاریی تێپەڕین و لەو بوارەدا هەنگاوێک بەرەو دوا، بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئیگالیتاری و هاوسەنگکردنەوەی تەرازووی لاسەنگی سۆشیالی نێوان چینێک و چینێکی دیکە، نێوان، نێر و مێ. بنێین. ئیدی کە لە ناو کۆمەڵگەیکی تاک ئێتنیشدا ئەوەمان بۆ نەکرابێت، چۆن دەتوانین ئەو هاوسەنگییە لە ناو کۆمەڵگەکاندا بە هەموو جیاوازیی پاشخانە ژیارییەکانیانەوە "کولتووری، زمان، ئاین، نەریت ..... هتد" ڕاگرین و خۆمان بەتیۆری گەردوونگەرایی- هەر نەبێت لەم سەردەمەدا، بگەوجێنین. با باش لەوەتێبگەین، هەتا پیاوسالاری لەئارادا بێت، چەوسانەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە دەمێنێتەوە و داهێنانی نوێش لە پیادەکردنیدا دەخرێتە گەڕ. با لەوەش تێبگەین کە، ناسیۆنالیزم و شۆڤێنیزم، دوو شتی جیاوازن، ناسیۆنالیزم لە هەوڵی پاراستنی، زمان و کولتوور و مێژوو و مانەوەی نەتەوەیەکدایە کە لە ژێر هەڕەشەی تواندنەوەدایە، کوردیش ئەمڕۆ ئەو هەڕەشەیەی لەسەرە. ئەوجا کاکی ڕۆشنبیر و فیلۆسۆفی کورد کە، دژی ناسیۆنالیزمی کورد دەدوێی، بتەوێ و نەتەوێ یەکاویەک دەبیتە ئەو هەڕەشەیە.

ڕۆشنبیری کورد هەیە بێ ئەوەی هیچ جێگرەوەیەک/ ئاڵتێرناتیڤێکی بیری نەتەوەیی پێشنیاز بکات بۆ رزگاربوونی وڵات و هاووڵاتییانی – بە واتای سەربەخۆیی کوردستان، دێت کوێرانە و دەرویشانە و چاوڵێکەرانە هێرش دەباتە سەر بیری ناسیۆنالیزمی کوردی، بیرێک کە جگە لە هەستێکی تاکەکەسی پارتێکیش نییە نوێنەری بێت.

گەردوونگەرایی وەک کۆمیۆنیزم، بە ئەندێشە/خەیاڵ، دنیایەکی پڕ، ئارداری/ دادگەری، یەکسانی، خۆشویستنی یەکدی، ئازادی، خزمەتگوزاری و شادمانییە. بەڵام ئایا، ژیان هەر بە خەیاڵە؟ باشترین نموونەی ئەزموونێک ئەوەیە لە شوێنێک هەبێت و بمێنێتەوە. ئەگەر نەبوو، ئەوە دەکاتە، خراپترین نموونە. کوا ئەزموونی گەردوونگەرایی؟ لە خەیاڵدانەدا نەبێت لەکوێ هەیە؟ مەگەر هەجەمۆنییەکەی ئەمەریکا بە گەردوونگەرایی بزانین!! گەردوونگەرایی بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست، پیشەیەکە قازانج سەری مایەی تێدا دەخوات.

دێریدا؛ پێمان دەڵێت، خانەخوێیەکی باش بە، بێ مەرج میوان ڕاگرە. باشە کە منماڵی خۆمم نەبێت، چۆن و لە کوێ میوان ڕاگرم؟ ڕۆشنبیرێکی کوردی بێ ماڵ بیەوێ ئەو فیلۆسۆفیایە پیادە بکات، یان لە گوتەکەی دێریدا تێنەگەیشتووە، یان دەیەوێت کێشەی نەتەوەکەی بکاتە کای بەر با و نەوەکانی ئایندەش بۆیان کۆ نەکرێتەوە.

با ڕاستگۆ بین و بەدوای ڕاستییەکاندا وێڵ بین، وەهم لەخۆمان نەکەینە ڕێگەی بەهەشت. ڕاستگۆش کەسێکی بوێرە و شەرم و ترسی لەهێرشی درۆزن و بوختانی ئەموئەو نییە.

بەبڕوای من؛ نەتەوایێتی و نەتەوەپەرستی دوو ئایدیای زۆر جیاوازن و زۆر ڕۆشنبیریش بە مەبەست یەک خوێندنەوەیان بۆ دەکەن. ئەمن نەتەوایێتی وەک منداڵێکی پێگرتە سەیر دەکەم کەیەکەم هەنگاوی دەبێ سەربەخۆیی و ئاسایشی "نەتەوەیی" بێت، دووهەم هەنگاوی بەرەو سۆشیالیزم بێت. ئەوجا ئەگەر خواوڕاستان ڕۆژێک لەرۆژان کورد گەیشتە ئەو ئاستە و گەردوونگەراییش لە هێندێک کونوکەلەبەری ئەم دنیایەدا وەک چۆن ئێستا لە ولاتە سکاندناڤییەکاندا هەنگاو بەرەو سۆشیالیزم دەنرێت، بەرەو گەردوونگەرایی نرا، ئەوە کوردیش هەقە لە سەر ڕۆشنایی بەرژەوەندەکانی خۆی بەرەوپیری بچێت. لەم کاتەدا نەتەوەیەکی شەلاڵی خوێن بە دەست شۆڤێنیستە داگیرکارەکانەوە، گەردوونگەرایی لەکوێ بەهانایەوە دێت؟ خۆ "کانت"یش لەگەردوونگەراییەکەیدا باسی پاراستنی ئەو لایەنە لاوازانە دەکات کە داوای پاراستن دەکەن، ئەرێ گەردوونگەرایی هەیە یان بەختی کورد هەر کورتی دێنێ؟ ئێمەی کورد لە لاوازییەوە ڕۆژانەو بەدرۆ هاتوهاواری برایێتی کورد و عارەب و فارس و تورکمانە، ئەوانیش هێندە گەلحۆ نین نەزانی وەک ئێمە دراوی قەڵپیان پێ بفرۆشێ. ئەوەتا ڕۆژانە ئێران و تورکیا ئاگر و ئاسن بەسەر ئەو تۆزە هیوایەی هەمانە، دادەرێژن، ئەوەتا ڕیژیمە نەتەوەپەرستەکەی تورک، ڕۆژانە کەسانی سڤیلی بێتاوانی کورد دەکاتە قوربانیی ڕۆکێت، دڵنیاشم فرۆکەوانەکان سەت دەستی ئافەرینیان لەپشت دەدرێ و خەڵاتیش دەکرێن. ئیدی برای بەڕێزم کە دراوسێکەت بە خۆشحاڵییەوە جێنۆسایدت بکات و چاوی پێت هەڵنەیە و زگی هەرسی گەردوونگەراییەکەی تۆ نەکات و گەورەترین زلهێزیش – ئەمەریکا، بڵێت تورکیا مافی خۆیەتی بەرگری لەخوی بکات، گەردوونگەرایی نابێتە شەرمەزاری؟

ولاتانی ئەورووپا، کە هەموویان ئەوڕۆ پێشکەوتووترین ولاتن و بە بەراورد لەگەڵ ولاتانی دیکەدا بە باشترین شێوە مافی مرۆڤیان تێدا پارێزراوەو زۆر کورد و ڕۆشنبیری کوردیش لەسایەیاندا حەوانەوە. جێگەی داخە ئەو ڕۆشنبیرانە ئەو ڕاستییە نەبینن کە هەموویان بە دەستی ناسیۆنالیستەکانیان درووستکراون و بیر لەوە نەکەنەوە بۆ دەبێ ناسیۆنالیزمی کوردی – ئەگەر خواوڕاستان سەر هەڵبدات جیاوازبێت؟ ئەو ڕۆشنبیرانەی بۆ دژایێتی ناسیۆنالیزم، پەنا دەبەنە بەر گوتەی فیلۆسۆفانی" تاغوور و دێریدا" دەبوو ئاوڕێکیش لەنیچە بدەنەوە و پێمانیان بگوتبایە ئەویش دەڵێت چی؟ ئەی ئەویش فیلۆسۆف نییە؟ ئەوە نیچی نییە لەهەردووک پەرتووکی "لەودیوی چاکەو بەدی"دا و لەویستی دەسەلاتدا، گاڵتە بەو کەسانە دەکات کە لە تێکەڵکردنی نەتەوەی جیاواز بە کولتوور و دابونەریت و بەها و بۆماوەی باوک و باپیرانیانەوە، کە زۆر کات لەگەڵ یەکدیدا دەجەنگێن و کەم کات لەئاشتیدان، دەرمانی هاوسەنگی و بەختەوەری و شادمانی، دەدۆزنەوە

کە دەکاتە گەردوونگەرایی و دژە "ناسیۆنالیزم"ە کوردەکانمان، ڕێـک پێچـەوانـەی ئـەوەمـان پـێ دەڵێن و پێمان دەفرۆشن؟

لەکۆتاییشدا ئەوە دەپرسم: ئەرێ بەراستی کورد فیلۆسۆفیایەکی ناسیۆنالیستی هەیە هەتا ئەو نوێ فیلۆسۆف و رۆشنبیرانە خۆ بە دژایەتیکردنییەوە سەرقاڵ بکەن؟ من هیچ شک نابەم وەلێ، سەت خۆزگەهەیبوایە.

**خوێنەری هێژا... ئەم وێنە و شیکردنەوەیە، لە کاک زەردەشت میکایلی وەرگیراوە و بەسەرهاتی بۆ ٥٠٠ ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە، کە دەسـەڵاتی مـاد نەمـابوو. دوو سەربازی کورد و دووی فارسن. سەربازە فارسەکان قەڵغانی خۆپارێزییان هەیە، بەڵام سەربازە کوردەکان پێیان نییە! دوای دەسەڵاتی ئیسلامیش کە کورد وەک موالی تەماشا دەکران، سەربازەکانیان بۆیان نەبوو سوارە بن یا سەرلەشکرد بن. لەم سەردەمەشدا، کوردی ژێردەستە بە هەمان شـێوە بە کوشـت دەدرێ. کـاتێ جاشـی کـورد شـەڕی خەباتکاری کورد دەکەن، مەولاکانیان دەڵێن: کام لا بکوژرێ لە بەرژەوەندی ئێمەدایە و سەگی ڕەش و سەگی سپی جیاوازییان نییە. زۆر سوپاس بۆ کاک زەردەشت میکایلی بۆ زانیاری و هاوکارییەکانی.**

**قەقنەس**





# چەند دێڕێك لەیادی کارەساتی "ئەنفال" دا!

**سیروان کاوسی**

"ئەنفال" وشەیەکی عەرەبییە و نێوی سورەتی "٨"ی قورئانە... ئەنفال مانای دەستکەوت و تالانوبرۆی جەنگە و ئایەتەکە لەدوای سەرکەوتنی لەشکری "موسڵمانان" بە سەر "کافران" دا لەئەنجامی جەنگی "بەدر"وە هاتووە.

لە ڕژێمی بەعسی عەرەبی ڕەگەزپەرست وداگیرکەریشدا، "ئەنفال" نێوی زنجیرە هێرشێکی بەربڵاوی سەربازیی بوو بۆسەر کوردستان بەمەبەستی قڕکردنی یەکجارەکیی نەتەوەی کورد .

"ئەنفالی یەک" نیوەشەوی ١٩٨٣/٩/٣٠ بەڕێوەچوو، بە هۆیەوە ٨٠٠٠ هۆزی بارزانی شوێنبزر کران. زنجیرەی ئەنفال ١٩٨٨/٤/١٤تاکو ١٩٨٨/١٠/٢٦ درێژەی کێشا. لەئەنجامی هێرشی دڕندانەی سوپای داگیرکەری عێراقدا دانیشتوانی هەزاران گوندی کوردستان کۆ کرانەوە، ماڵوسامانیان بەتالان برا، ١٨٢٠٠٠ ژن و منداڵ و پیر و لاوی کورد لە نێو لم و زیخەڵانەکانی عێراقدا زیندەبەچاڵ کران، سەدان هەزاری دیکەش لەقەسابخانەی "نوگرەسەلمان" و زیندانەکانی

دیـــکەی عێـــراق، خـــرانە ژێـــر شـــکەنجە و سووکایەتی و دەستدرێژی کـرایە سـەریان و ڕۆژی سەمونێک و ئاوی پیس دەرخواردیـان دەدرا بـــۆ ئەوەی زۆر نەژیـــن و شـــاهیدی مەرگـــی یەکتـــری بـــن. هەزاران منـدالْ و بەساڵاچووی نێو بەنـدیخانەکان لەمـاوەیەکی کەمدا مردن و، جەستەی بێگیانیـان دەبـووە خۆراکی سەگگەلی ناوچەکان کە بۆ خواردنی گۆشـــتی لاشـــەی کـــوردان لە دەوروبەری زیندانەکان کۆببوونەوە.

زانیـــاریی تەواو لەبـــارەی کۆمەڵکـــوژیی "ئەنفـــال" وە لەپـــاش ڕاپەڕینـــی شـــکۆداری بەهـــاری ١٩٩١ کەوتـــنە دەســـتی کـــورد کە قەوارەکەی چوارملیـۆن پەڕە بـوو. بەکێـشی ١٤ هەزار کیلـۆ بەڵگەنـامە بـوون و لەنێـو ئەرشـــیوی داودەزگەکـــانی ســـیخوڕی و چەوســـێنەری بەعـــس وەکـــو "ئەمـــن" و "ئیـستخبارات" و بنکەکـانی فەرمانـدەیەتیی سوپای عێراق لە کوردستان و عێراق کەوتـنە دەسـتی کـوردەوە. نێزیکـی دە تەن لەلایەن یەکێتیـی نیـشتمانیی کوردسـتانەوە دەسـتی بەســـەرداگیرا، پـــارتی دیمـــوکراتی کوردسـتانیش تـوانی دەسـتبگرێت بە سـەر چـوار تەن بەڵگەنـامەدا. لەمـانگی گـولانی ساڵی ١٩٩٢، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆرێکی ئەو بەڵگەنامانەی دا بە ڕێکخراوەی "Middle East Watch" میـدڵ ئیست وۆچ". ئەم نێوەنـــدە گوتـــوبێژی لەگەڵ ٢٥٠ کـــــوردا ئەنجامـــــدا کە لەکـــــاتی کۆمەڵکوژییەکاندا توانیبوویان خۆیان ڕزگار بـــکەن. زانیـــاریی ئەم کەســـانە لەگەڵ بەڵگەنامەکان لە پەرتۆکێکی ٢٧٠ لاپەڕەیی لە لایەن نێوەنـــدی "میـــدڵ ئیـــست وۆچ"وە بەزمـــانی ئینگلیـــزی چـــاپ و بڵاوکـــرایەوە. ناوەنـدەکە لە ئەنجـامی لێکۆڵینەوەیـدا ئـاوا باسی پاکتاوکردنی ڕەگەزیـی کـورد دەکـات: "پرۆسـەی ئەنفـال هـیچ جیـاوازییەکی لەگەڵ کۆمەڵکـــوژیی جوولەکەکـــان بەدەســـتی نازییەکانەوە نییە."!

بەسەرهاتی ئەنفـالکراوان، هەزاران چیرۆکـی دڵتەزێنی شاراوەی لەگەڵدان کە لە ژێـر لـم و زیـــخەڵانە کاکیەکـــاکیی وڵاتـــی عەرەبـــدا گـــۆڕکراون. گێـــڕانەوەی بیرەوەریـــی ئەو تاکوتەرا کەسانەی لە پرۆسەی ئەنفالی بەدناو ڕزگاریان بوو، چیرۆکـی خۆیـان و کـۆیلەتی گەلەکەیان لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بـۆ جیهان ئاشکراکرد.

لەم بابەتەدا، سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لەکتێبی "میدڵ ئیست واچ" لە بیرەوەریی یەکێک لە ئەنفالکراوەکان بەناوی محەممەد رادەکێشم کە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە لە ئێرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ باشوور و هەر وەک سەدان کەسی دیکە، دوای گەڕانەوەی گیراوە و لە لایەن هێزەکانی رژێمەوە بەرەو چارەنووسی نادیار نێردراوە

- - -

"لە دالانەکە دانیشتبووم، بیرم لەچارەنووسی نادیاری خۆم و بێدەسەلاتی و بەشمەینەتیی گشت زیندانییەکان دەکردەوە. لەپشتمەوە ترپەی پێیەک رایچڵەکاندم... کە لام کردەوە، پیاوێکی چاوشینی ریشسپی بالابەرز لێم نێزیک بووەوە، پاش سلاوکردن و هەواڵپرسینم، لە تەنیشتمەوە، لە سەر زەوییە رووت و رەقوتەقەکە دانیشت .

گوتی: ناوم عەونییە، خەڵکی گەرمیانم!

- سەرچاوم هاتی خالۆ عەونی.

- باوکەکەم بیستم خەڵکی هەڵەبجەی!

- بەڵێ وایە مامە عەونی.

- بۆچی هێناویانی بۆ ئێرە؟!

گوتم: پاش کیمیابارانکردنەکە، نەمانتوانی لە ئۆردوگاکانی ئێران هەڵبکەین، لە بەر ئەوە بە چاکمان زانی بگەڕێینەوە بۆ کوردستان.

- کوڕەکەم، خۆزیا بەخۆزیای خوا منیش بە ماڵومنداڵەوە لەسەر خاکی خۆمان بە بۆمبای کیمیایی بکوژرایەتم!

- وامەڵێ خالۆ عەونی گیان، ئەوەی لە ئێمە روویدا یا خوا نە لەئێوە و نە لە هیچ مرۆڤێکی سەر ئەم زەوییەش روونەدات! ئەی ئێوەیان بۆهێناوە بۆ ئێرە؟



مامە عەونی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: داخم گرانە رۆڵە.... کوڕەکانم هەر

پێنجیان ژنیان هێنابوو. کچەکانم هەردووکیان شوویان کردبوو. بەگشتیان خاوەنی ٤٣ منداڵ بوون. لە پڕ ڕۆژێک جەیش و جاش بەسەرکردەیەتیی "عەمید بارق" لە گوندەکەمان نیزیک بوونەوە، دەستیان کرد بە تەقە و، تۆپبارانکردنی گوندەکە و دەوروبەری. گشتمان شپرزە بووین. کوڕەکانم وکچەکانم لەگەڵ منداڵەکانیان هەموویان روویان کردە شیوەکەی بەردەم ئاوایی کە بۆ ڕۆژی تەقوتۆق و تەنگانە لەوێدا پەناگەیەکمان تێدا دروستکردبوو.

تەقە کەمکەم زیادیکرد تاکو هەموویان بەرەو حەشارگەکە ڕۆیشتن، بەڵام من و "سەلما" ی ژنم، وتمان پیربووین و کەس کاری بەسەرمانەوە نییە، بۆیە لە نێو ماڵەکەدا ماینەوە. بینیم کایەنی ماڵەکەما دەسووتێ، منیش بۆ ڕۆژی ڕەش هەندێک پارەم لەوێدا شاردبووەوە، خێرا رام کرد تا دەریکەم. لەژێر بنمیچی کایەنەکەدا منداڵێکی تەمەن چوارساڵم بینی بە سڵەمینەوە لە نێو چرەدووکەڵدا بوو، بە کوڵ دەگریا و هەنسکی دەدا. ئاگرەکەش خەریک بوو لێی نێزیک دەبووەوە. ئیتر لەسۆزی گریانی ئەو منداڵە پووڵەکەم لە بیرچوویەوە، بەهەڵمەت باوەشم پێدا کرد و لەئامێزم گرت و، هێنامە دەرەوە. لەم کاتەدا سەیری شیوەکەم کرد، دیم جەیش و جاشەکان پەناگەکەیان دایە بەر دەسرێژی گولله و چەکی "ئارپی جی". ئەوجا بەنزین و نەوتیان پێدارژاندن و ئاگریان بەردایە جەستەی هەموویان. ئا لەو کاتەدا، مەرگ و سووتانی هەموویانم بەچاوی خۆم بینی. لەپڕ چەند سەرباز و جاشێک دەوریانگرتم و، بەچمکی فەقێیانەکەم راکێشیان کردم بۆ نێزیک ئۆتۆمۆبیلێکی "ئیڤا". سەرم بەرز کردەوە بینیم ژنە پیرەکەی خۆشمی تێدایە. چەند ویستیان منداڵەکەم لێ بستێنن، بەڵام من نەمدانێ و هەڵمدایە نێو ئیڤاکەوە. سەلمای خێزانیشم خێرا گرتییە ئامێز و منیشیان سەرخست. لە نێو ئیڤاکەدا رایانگرتین، ئاگریان لە تەواوی ماڵانی گوند بەردا. پاشان لەگەڵ چەند پیر و پەککەوتەی دیکەی ئاوایییەکەمان بردمانیان بۆ سەربازگەی چەمچەماڵ.

ڕۆژی دوایی بردمانیان بۆ "تۆپزاوا" ی کورکووک. لەوێش سێ ڕۆژ ماینەوە. لەم ماوەیەدا کەمێک هاتینە سەرخۆمان. ئەوساتە

زانـیم منـاڵەکە کـوڕەزامە و منـداڵی کـوڕی سـێیەممە. ئیتـر بـۆنی هەموویـانم نـا بەم منداڵەوە. گوتم: "سوپاس بۆ خوا یەکێکیـانم بۆ دەرچووە، ئەم لەشـە بچکـۆلانەیە کەمێـک سوکنایی دڵم دەداتەوە."!

خواردنمان سەمونی رەق بوو. دەبـوایە تەڕم بکـردایە بـۆ ئەوەی بخووسـێت و منـداڵەکە بتوانێت بیخـوات. خۆمـان دڵمـان گیرابـوو، نەمانـــدەتوانی هـــیچ بخـــۆین. دوای ســێ رۆژەکە، بردمانیان بـۆ "سـەماوە" و هەر ئەو رۆژە هاوردمانیـــان بـــۆ ئەم زینـــدانە لەم بیابانە!

لێـرە ئیتـر مـن بـووم بە دایکوبـاوک بـۆ منـــداڵەکە. رۆژی تەنیـــا یەک ســـەموونمان هەبـوو بـۆ خـواردن. کە منـداڵەکە برسـی دەبوو، ناچار پەنـام دەبـردە بەر ئاودەسـەکە و، لەوێ دەگەڕام، بوایە یەک – دوو سـەمونی کۆن وتەڕ و کەڕواویم دەدۆزییەوە، ئەوجـا بە چەقـــۆیەک دامدەتاشـــی تـــاکو پیـــسی و کەڕووەکەم لێدەکردەوە، بە ئـاو کەمێـک تەڕم دەکـــرد و دەمکـــرد بەخـــواردنی ژەمێکـــی منـــداڵەکە. هێـــشتا بەم ژیـــانە رازی بـــووم،

چۆنکە ئەم منداڵەم لەگەڵـدا بـوو، وامـدەزانی هەموو کوڕەزا و کچەزاکانم لەگەڵدان.

.


العميد الركن قوات خاصة بطل القادسية
بارق عبدالله الحاج حنطه

المقاتل بارق عبدالله

وتستمر جولتنا لنلتقي العميد الركن البطل بارق عبدالله امر اللواء ٦٦ الشجاع الذي يشكل وجوده في اي موقع من الجبهة ذعراً لفلول الخمينيين .. قال العميد الركن بارق الذي حظي بتكريم السيد الرئيس القائد صدام حسين «حفظه الله» ان عملنا في تحرير جزيرة ام الرصاص جاء امتداداً للواجبات السابقة ولم تكن النتائج المتحققة بهذه الجزيرة بغريبة على مقاتلي تشكيلنا . لانهم عاهدوا قائدهم وشعبهم ان يظلوا بمستوى المسؤولية القتالية التي يضطلعون بها لقد كنت مع اول وجبة من المقاتلين الذين اندفعوا بالقوارب الى الجزيرة ومشطوها شبراً شبراً وابادوا فلول المعتدين . لقد قاتلناهم على بعد ١٥ متراً . رغم كل التجهيزات والاسلحة الخاصة التي كانت بحوزتهم ولكن الجميع ابيدوا وهكذا ارتفع علم العراق شامخاً في «ام الرصاص»

رۆژێـک گەرما زۆری بـۆ هێنـاین. منـداڵەکەم بردە بەردەم تانکیی ئـاوی حەوشـەکەوە بـۆ ئەوەی دەسـتێکی تەڕ بە دەموچاویـدا بێـنم. کاتێکم زانی "ملازم حەجـاج" لە ژوورەکەیەوە کە بەسـەر هۆڵەکـانی زینـدانـدا دەیڕوانـی، تەماشـای کـردین، نەڕەی لـێ هەڵـسا، تـرس شڵەژاندمی و رامکردە دواوە و خۆم تێکەڵـی زینـــدانییەکانی دیـــکە کـــرد، بەڵام فریـــای منداڵەکە نەکەوتم و جێم هێشت. منـداڵەکە بە نەڕەی حەجاج و هەڵاتنی من زیـاتر ترسـا و بە چـــواردەوری خۆیـــدا دەیڕوانـــی و

دەیقیژاند. ملازم حەجاج هات و رووبەڕووی منداڵەکە وەستا. منداڵەکە بەدەم گریانەوە لێی دەڕوانی. حەجاج هاواری کرد: "ئەمە منداڵی کێیە!؟ ئەمە سەگی کێیە؟"

منیش پێم لە جەرگی خۆم نا، چووومە پێشێ و گوتم: گەورەم منداڵی منە. گوتی: بۆچی بێدەنگ نابێت؟ بۆ ناترسێت من دەبینێت!؟

منیش وەرامیم دایەوە: قوربان منداڵە لە هیچ تێناگات! لەم کاتەدا حەجاج کێبلەکەی دەستی بەرز کردەوە و، زۆر بێبەزەییانە و بەدەم جنێودانەوە کێشای بە پشتی ئەو بەستەزمانەدا و تەختی زەوی کرد. بەوەشەوە نەوەستا، بەهەموو هێزییەوە بە پۆستاڵەکەی هەڵیدا بەدەمی منداڵەکە و، دەمی چەقاندە نێو قوڕە چڵکاوەکەی بەر تەنەکەی ئاوەکەوە...

خاڵۆ عەونی بۆ چەن ساتێک بێدەنگبوو، ئەوجا دای لەپرمەی گریان، لەکاتێکدا فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتنەخوار گوتی: مەرگی ئەم ... مەرگی ئەم منداڵەشم بەچاوی خۆم بینی!...

منیش هەردوودەستم لەئەژنۆم گیرکرد، سەرم نا بە ئەژنۆکانمەوە... بۆ کڵۆلی و داماویی خاڵۆعەونی و خۆم و کەسوکار و شارەکەم گریام ."...

-

خوشکوبرای ئازیزی کوردم، هەر لە شۆرشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا شەمزینیی لەساڵی ١٨٨٧کە بە قۆناخی نوێێ شۆرشی رزگاریخوازیی گەلەکەمان دەژمێردرێت، نەتەوەی کورد، نەک جارێک، بەڵکو لە شۆرشی شێخ سەعیدی پیران، هەڵوەشاندنەوەی کۆماری کوردستانی سوور لەلایەن ستالین دیکتاتۆری سۆڤێتی رووخاو و راگوێزانی سەدانهەزار کورد بۆ ناوچە دوورەکانی رووسیا، شۆرشەکەی ئێحسان نووری پاشا، شۆرشی دێرسیم، کۆماری مەهاباد، بێسەروشوێنکردن و دەرکردنی هەزاران کوردی فەیلی لەبەغدا و خانەقین، هەروەها دوای هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول، حەوت جاری دیکە جێنۆسایدو کۆچوڕەوی بەسەردا سەپێندراوە، سەرباری ئەمانەش خاکی کوردستان بەعەرەب و ترک و فارس کراوە، سامانی سەر زەوی و کانزا و بەروبووی بەتاڵان براوە و نیشتمانەکەی کراوەتە جبەخانە و هەماری چەکوچۆڵی

کۆمەڵکوژ و پێگە و لەشکرگە و زیندان و، تۆڕی سیخوڕی و سەدانهەزار سەرباز و بەکرێگیراویان بە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاو کردووەتەوە. بەڵام پاش تێپەڕبوونی ئەم مێژووە پڕ کارەسات و خوێناوییە، هێشتا ئاسۆی رزگاری وسەربەخۆییمان لێڵ و تاریکە.

دەیان نەتەوەی بندەست - یەکەمینیان نەتەوەی جوو کە ئەو گەلکوژی و نەهامەتییەی بەسەریان هات، کردیانە هەوێنی یەکگرتن و راکێشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی بە ئامانجی گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی، بەڵام ئێمەی کورد، کۆمەڵکوژییەکانی رابردوومان نەک هەر لە بیر چووەتەوە، بەڵکو لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زاین و، دوای رووخانی رژێمی ئەنفالچی عێراق و پاش بێدەرەتانبوونی رژێمی داگیرکەری تورک لە بەرامبەر شۆرشی بورکانئاسای باکووری کوردستان و، پاش گوشاری بەربڵاوی نێونەتەوەیی بۆ سەر ئێران، سەرۆکی حیزبەکانمان جەخت لەسەر پارێزگاریکردنی جوگرافیای سیاسی ولاتانی داگیرکەر دەکەنەوە، رژێمی رووخاویان بۆ بنیاد دەنێنەوە، درۆشمی ناسیاسیانە و نازانستانە و نانەتەوەییانەی وەک "برایەتی" و "پێکەوەژیانی هاوبەش" و "دێمۆکراتیزەکردنی رژێمی تورک" و "گەڕانەوە بۆ پەیامەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی" و "فیدراڵی" و "خودگەردانی" و "فیدراسیۆنی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" و.... هتد بەگوێی نەتەوەی کوردی سەرلێشێوێندراو و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و نەیارانی کورددا دەدەن. داسەپاندنی ویست و ئامانجی سەرۆکایەتیی حیزبەکان بەسەر نەتەوەی کورددا، تاکو ئەمڕۆ یاریکردن و بێڕێزیکردن بووە لەگەڵ ویست و داخوازیی لە مێژینە و چارەنووسی نەتەوەی چارەرەشی کورد .



# سەلام

## بیرمەندێکی بواری کوردایەتی

**کامیل ژیر**



شێخ سەلام لەم پارچە هۆنراوەیەیدا ئەڵێ:

خەریتەی هەموو خاکی کوردستان
دایک بە دەرزی و دەزوو و درووەمان
بنووسێ لەسەر سەربێشکەی مناڵ
هەر بە کوردستان بێتە گڕوگاڵ
لە بێشکەی وادا چاو هەڵنەهێنێ
درۆیە هەڵسێ تۆڵە بسێنێ

بە سەرنجدانێک لەم پارچە هۆنراوەیە، ئەبینین سەلام، ئامۆژگاریی دایکانی کورد ئەکا کە هەر لە سەر بێشکەوە، واتا هەر لە منداڵیەوە، منداڵەکانیان بە گیانی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی پەروەردە بکەن بۆ تۆڵەسەندنەوە لە داگیرکەرانی کوردستان. دیارە باشترین تۆڵەیەکیش ئەوەیە کە کوردستان لە ژێر دەستی ئەو داگیرکەرانە دەربێنن و ئازاد و سەربەخۆی کەن. مەبەستیشی لە کوردستان سەرتاسەری کوردستان بووە، واتا هەموو پارچەکانی کوردستان، بە بەڵگەی ئەوەی لەدێری یەکەمدا ئەڵێ هەموو خاکی کوردستان.

سـەلام ئەم ئامۆژگـاربیەی لە بیرێکـی زانستیانە و نەتەوەییانە و پەروەردەییانەوە داڕشتوە، چـونکە یەکەم مامۆستا بـۆ پەروەردەی منـدالْ، دایـکە. یەکەم قوتابخـانەیەکیش بـۆ ئەو مەبەسـتە، قوتابخـانەی مـالْە، دوای ئەوە خوێنـدنگە و کـۆمەلْ و دەوروبەر کاریگەرێتییـان ئەبـێ لە پەروەردەی مندالْدا.

دیـارە ئەو سـەردەمەی سـەلام ئەو هـۆنراوەیەی تیـا وتـوە، کـورد لە رەشـترین رۆژانیـدابوە، بـواری ئەوە نەبـوە ئەو داواکارییە لە خوێندنگە فەرمیەکان بکا، بـۆیە تەنیـا هانـای بـۆ دایکـان بـردوە بـۆ ئەو مەبەستە. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ لەم سەردەمەدا کە رەوتی کوردی لە زۆر نـاوچەی کوردستاندا بەرەوپـێش چـوە، بە تـایبەتی لە باشـووری کوردسـتاندا، ئەو ئامۆژگـارییەی سـەلام و هـاوبیرانی سـەلام، لە خوێنـدنگە فەرمیەکانـدا پەیـرەو ئەکـرێ؟ یـا ئێـستەش منـدالان و لاوانـی کـورد بە بیـرۆکەی نـانەتەوەیی و بێگانەپەرسـتی و جلخـواری وەک جاران، درێژەی هەیە!؟ ئـاخۆ پـارت و ریکخـراوە سیاسـییەکانی ئەم سـەردەمە کە بـارودۆخ والایە بۆیـان، گەنجـانی کـورد بە هوشیاریی نەتەوەیی مەشق پێئەکەن، یا پارت و ڕێکخراوەکانیـان کـردۆتە تەمەلْخـانە و جـێگەی چـاوچنۆکی و مـشەخۆری بـۆ ئەندامەکانیان؟

**ئەمـانەوێ سـوود لە تـاقیکردنەوە سـەرنەکەوتوەکانی رابوردوومان وەرگرین.**

سـەلام، وەنەبـێ هەر لەپـالْەوە دانیـشتبێ و قسەی زلی کردبـێ. نەخێـر، ئەو بە کـردەوە بەشـداریی راپەرینەکـانی شـێخ مەحمـودی نەمری کردوە. سالْی ١٩٢٨یش کـۆمەلْەیەکی سیاسـیی نهێنیـی، بە نـاوی کـۆمەلْەی زەردەشـتەوە، پێکهێنـاوە کە سـنووری چالاکییەکـانی ئەو کـۆمەلْەیە گەیـشتبوە رۆژهەلاتـی کوردسـتانیش. لە دوای راپەڕینـەکەی ٦ی ئەیلـولی ١٩٣٠یـش کە بە شەڕی بەردەرکی سەرا ناو ئەبرێ، وتـووێژی لەگەلْ ٣ ئەفـسەری کـوردا کـردوە بـۆ رێکخـستنی بزووتنەوەیەکـی چەکـداری بـۆ تۆلْەی ئەو خوێنە زۆرەی لەو راپەڕینەدا رژا.

ئێمە شەڕمان نەئەکرد، بەڵکو هەر شکاتمان بە بەرقیە لە لای هەیئەتی عیسبەتول ئومەم و مەلیکی عیراق و سەرەک وەزیران و مەجلیسی نوابی عیراق و وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا ئەکرد.

ئەوە بوو خۆی و ئەو ٣ ئەفسەرە بە ناوەکانی:(کامیل حەسەن، حامید جەودەت و مەحمود جەودەت)ەوە لە بەغدادەوە روویان کردە کوردستان و دەستیان دایە چەک و لە ماوەیکی کەمدا بوونە ٤٠٠ سواری چەک لەشان ، ئەگەرچی ئەو بزووتنەوەیەش، وەک هەمو شۆرش و راپەرین و بزووتنەوە چەکدارییەکانیکەی کورد، ئەنجامدارنەبوو.

ئێمە ئێستا کە یادی بیرمەندێکی وەک سەلام ئەکەینەوە، مەبەستمان تەنیا کات بەسەربردن نیە بە پیاهەڵدان و بەباسی رابوردوەوە. بەڵکو ئەمانەوێ رابوردوو بخەینە خزمەتی ئێستە و داهاتووەوە، ئەمانەوێ بیری بیرمەندە گەورەکانی وەک سەلام بکەین بە رێنمایی و رێپیشاندەر بۆ نەوەکانی ئێستەو داهاتوومان، ئەمانەوێ سوود لە تاقیکردنەوە سەرنەکەوتوەکانی رابوردوومان وەرگرین بۆئەوەی بیانکەین بە پەند تا لە تاقیکردنەوەکانی ئایندەمانا، وەک ئەوانەی پێشوو، دووبارە نەبنەوە. لەبەرئەوە جێی خۆیەتی بگەڕێین بە شوێن وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی شۆڕشەکانی کورد سەرکەوتوو نەبوون؟ هەڵبەت لێرەدا، هەر ئەوەندە بوارمان هەیە کە بەکورتی ئەو وەڵامە بدەینەوە، واتا هۆکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی رابوردوومان:

١-سەلام لەپیشەکی دیوانەکەیدا لاپە رە ٤١ راستییەکی مێژوویی تاڵ ئەدرکێنێ و ئەڵێ: (ئێمە شەڕمان نەئەکرد، بەڵکو هەر شکاتمان بە بەرقیە لە لای هەیئەتی عیسبەتول ئومەم و مەلیکی عیراق و سەرەک وەزیران و مەجلیسی نوابی عیراق و وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا ئەکرد. ئەو شەرانەی کە ئەکران، هەمووی دیفاع عەنیننەفسبوو)!

ئەم قسەیەی سەلام بەسەر زوربەی ئەو بزووتنەوە کوردیە چەکداریانەدا ئەچەسپێ کە بەشۆرش ناو ئەبرێن. ئەوانە بۆ بەرگری لەخۆیان، داویانەتە شاخ. چاویان لەوەوە بوە بە دانوستان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا، بەرامبەر هەندێ مافی کەم، کۆتایی بە بزووتنەوەکانیان بێنن! ئاشکرایشە کورد هەمیشە لە دانوستاندا دۆڕاو بوە.

٢-ئەو بزووتنەوانە لە سنووری کوردستان تێپەریان نەکردوە. بەلکو زوربەیان، هەر لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا بوون و شارەکانی کوردستان، لەژێر دەسەڵاتی دوژمندا بوون!

٣- ئەو بزووتنەوانە زیانیان بە پرۆژە ئابووریە ستراتیجیەکانی دوژمن نەئەگەیان، بەتایبەتی کەرتی نەوت و ئاو و فرگەکان و بانکەکان و پرد و رێگەوبانەکانیان و ..هتد!

هەست و هۆشی نەتەوایەتی کورد هێجگار کزە و ئەتوانین بڵێین هەر نیە. لە شەڕی نێوان ئێمەو هەر تیرەیەکی کوردا، تیرەکانی تر تەماشاچیبوون! تا نۆرە ئەگەیشتە سەر ئەوانیش. هیچ بیریان لەوە نەئەکردەوە بەهانای هاوڕەگەزەکانیانەوە بچن!

٤-بەرامبەر بەو بزووتنەوانە، دوژمن تەڕو وشکی کوردیان پێکەوەو بەکۆمەڵ ئەسووتان، کەچی ماڵ و منداڵی ئەوان، واتا هی دوژمن، شارەکانیان، خۆیان، لە تەواوی ئارامی و ئاسایشدابوون! شۆڕش ئەو شۆڕشەیە تۆ نەیەڵی سەرانی دوژمن و خێزان و منداڵەکانیشیان بە ئارامی بیگوزەرێنن. ئەبێ شەقامەکانیشیان لێبکەی بە جەهەنم، ئەوسا دوژمن ناچارئەبێ مل بدا بۆ ئامانجەکانی شۆڕش، ئەگینا تەنیا تەقوتووقی شاخ، وەک ئەوە وایە شەق لە بەرد هەڵدەی، یا وەک سەلام ئەڵێ: دیفاع عەنیننەفس بکەی!

٥- بزووتنەوەکان، وەک نەخشەبۆدارێژراو نەبوون، ناوچەییش بوون. کە لەناوچەیەکدا

بزووتنەوەیەکــی چەکــداریی شۆرشــگێڕانە ســەریهەڵئەدا، یــا کە یەکێــک لە داگیرکەرانــی کوردســتان، شــەڕی لە نــاوبردنی کوردیــان لەناوچەیەکــدا ئەکــرد، ناوچەکــانی تــری کوردســـــتان بە هانـــــای ئەو نـــــاوچەیەوە نەئەچــوون! ئەفسەری رووســی: پــی ئــاوان جانوو، لە کتێبی (شەڕەکانی نێوان تورکیا و ئێــران و روســیا- لە ســەدەی نۆزدەهەمــداو حاڵ و باری کوردەکــان)دا ئەڵــێ: (هەســت و هۆشــی نەتەواییەتــی کــورد هێجگــار کــزە و ئەتــوانین بڵێــین هەر نــیە. لە شــەڕی نێــوان ئێمەو هەر تیرەیەکــی کــوردا، تیرەکــانی تــر تەماشــاچییوون! تــا نــۆرە ئەگەیــشتە ســەر ئەوانــیش. هــیچ بیریــان لەوە نەئەکــردەوە بەهانای هاوڕەگەزەکانیانەوە بچن! هەتا گەلێ جــار، لەقینــی یەکــدی، یــارمەتیی ئێمەشــیان ئەدا!)

لەم سەردەمەشــدا هەر وابــوەو هەر وایە. لە شۆرشی ئەیلولدا بینیمــان چەنــد رێکخــراوی سیاسی و چەند موستەشــار و چەنــد جــاش کەوتنە یارمەتیدانی رژێمی بەغداد! ئێستەش ئەوەتــا لە رۆژئــاوای کوردســـتان، جــاڕی کۆمەڵکــوژیی کــورد ئەدرێ، کەچــی هەمــوو هێــزە چەکــدارەکانی کــورد لە رۆژهەڵات و بــاکوور و باشــووری کوردســتان، مێــشێک میوانیان نیە و بەهانای خوشــک و براکــانی رۆژئاواوە نــاچن! لەوەش خراپتــر، لەجیــاتی کردنەوەی دەرگا بۆ گەیاندنی کۆمەک بۆیان، دەرگا بۆ چــۆڵکردنی رۆژئــاوای کوردســتان ئەکـــرێتەوە کە ئاشـــکرایە ئەوە پیلانـــێکە دەســـتی دوژمنـــی لە پـــشتەوەیە وەک ئەوەی ساڵی حەفتاو چوار لەباشوور روویدا و بــوو بە یەکێــک لە هۆکــانی هەرەســی شۆرشــی ئەیلول!

من تێناگەم، ئەبێ چەند گرووپێکی ریشن و پەناگوێ کوڵکنی رووتەی تیرۆرست چیبــێ، ئەگەر لەهەر پـــــارچەیەکی کوردســـــتانەوە ژمــارەیەک لەو هەمــوو چەک بەشــانانە بچــن بەهانای کوردانی رۆژئاواوە؟؟ بەمەرجــێ بــۆ پاراستنیان بچن، نەک بۆ داهات و تــاڵانی و دەسەڵاتی ئەو نــاوچەیە! خــۆ ئەو گرووپــانە، واتا تیرۆرستەکان، ئێستا نە لەسەر حــوکمن، نە خــاوەنی فــڕۆکەو چەکــی قورســن! ئێــوە بڕوانن، کۆلکە مەلایەکی ریــشن، لەشــوێنێکی وەک هەڵەبجەوە ئەتــوانێ بە کــۆمەڵ لاوانــی کورد بنێرێ بۆ کوشتنی کوردانی رۆژئــاوا!! کەچی ئەو هەموو پارتە کوردیە تێکۆشــەرەی شەقامی شارەکان نایانکێشێ، دەستەوســتانن

لەئاستی ئەو ستەمەی لە رۆژئاوا ئەگوزەرێ!! ئــــاخۆ ئەو هەمـــوو چەکبەشـــانانەی لە مەڕخۆمـان، ئەو چەکانەیـان بـۆ چ رۆژێکـی تەنگـــانە هەڵگرتبـــێ!؟ ئەی تەنگـــانە لەوە تەنگانەتر!؟

* * *

یەکێـک لە شـاکارەکانی سـەلام، هـۆنراوەی (بــۆ کــۆمەڵی ئەقــوام)ە کە ســاڵی ۱۹۳۱ وتویێتی:

عیسبەتول ئومەم : کۆمەڵی گەورە

بە پێچ و پەنا، بەفێڵ و دەورە

لە دووربەدوور، بۆ هەقی کوردان

تەکانت ئەدا، خۆت دائەشرنگان

بەجۆش و کوڵبووی بۆکوردی هەژار

ئەتگوت ئەم قەومە ئەکەم رستگار

لوجنەی ئینتیداب مەرەخەسی هات

گەڕا، کەشفی کرد، سەراسەر ولات

ئەگەر راستەکەی هەڵیسووڕێنە

بەس بۆ سیاسەت هەلمانیەڕێنە

تەریقنابیتۆ؟ تۆ چیت پێئەکەن

کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن

(وەزیری دەرەوەی ئەوسای بەر یتانیا ) □

*

بۆ ئەقەلیات کەوتیتە سەما

خزمی نەستووریت لەکوێ بنیاتنا؟

هەر بە هیچوپووچ بەم دەنگوباسە

تۆ خوێنی کوردت بۆ کردە کاسە؟

هەر چوار دەورمان لێبوو بەدوژمن

ئێران و تورک و عەرەبی کوڵکن

نفوسی ئیمە کەمئەکەیتەوە!

وەها نەستووری رێکئەخەیتەوە؟

لە عەدالەتا، کەی ئەمە دەئبە

یاخو هەر شێوە و ئوسووڵی غەربە!

کۆمەڵی درۆ، جێگەی مەکرو فەن

کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن

*

خۆتۆ وەسی بووی، ئەقوام بوون هەتیو

دەمی کوردت کرد بە تەڵەی تەقیو

غایە ئاسووری، ناوی کورد بردن

لایەق بەخۆتە پیچ و ناواخن

بۆچ کوردت فەوتان بەم بەنوباوە؟

ئێستەش لە جێنوە خۆت مەلاس داوە

مەنشەئی فیتنە، کۆمەڵی تەزویر

وائەدەی هەقی ئەقوامی سەغیر؟

کارخانەی فەساد، کۆمەڵی میحەن

کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن

*

لە عەدالەتتان واقم وڕماوە

لەسیاسەتتان سەرم سوڕماوە

خوێنی ملیونێ کورد ئەرژێنی

بۆئەوەی تۆزێ تورک بترسێنی!؟

خوێنی مەزڵوومی کوردی رووتوقووت

حەڵاڵە لەلای عەرەبی پێ رووت

لە سلیمانی جادەی بەرسەرا

بە خوێناوی کورد، ئاوڕشێنکرا

تۆ نەبی، نایکا دوژمن بە دوژمن

هەق بۆ نەستووری، ئیمە بۆ کوشتن!؟

چۆن عاجز نابی لەم خوێنڕشتنە

لەلای تۆ هەڵبەت حقوق کوشتنە

ناترسن تەئریخ لەعنەتتان بکەن؟

کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن

سەلام لەم هۆنراوەیەدا ئاماژە بۆ هەندێ راستی و هەوڵی دژ بەکورد ئەکا ، کە ئەو، لەو ساڵی ١٩٣١ەدا هەستی پێکردوەو بوێرانە پەردەی لەسەر لاداون. لەوانە:

أ-ئەو عیسبەیە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە دامەزراوە، لە سەرووی هەموویانەوە، بەریتانیا .

ب-ئەو عیسبەیەو ئنگلیز لەپشتییەوە، بە ناوی پاراستنی کورد و کەمینەکانەوە، ویستیان بەشی زۆری کوردستان بدەن بە نەستووریەکان و بیکەن بە ئاسووریستان! یا بەواتایەکی تر، ویستیان ئاسووریەکان بکەن بە مەقاشی دەستی خۆیان بۆ لێدانی کورد و بۆ نانەوەی فیتنەیەک لە نێوان کورد و ئاسووریدا! بەر لەوەش هەوڵێکی لەو جۆرە درابوو بۆئەوەی کوردستان بکەن بە ئەرمەنستان! لە سەردەمی رژێمی پاشایەتیشدا کە ئەو رژێمە بە دەستی ئنگلیز

ئەسووڕا، پرۆژەی بەعەرەبکردنی کوردستان، بەئاشکرا سەری هەڵدا!

ئێستەش لەم رۆژانەدا، سەیر ئەوەیە، رێکخراوێکی ئاشووری لە ئەمریکا بەناوی (مێزۆپۆتامیا) وە، داوا ئەکا کورد بە فەرمی داوای لێبوردن لە ئاشووریەکان بکا، لەپای ئەو ئاشووریانەی لە ١٩٣٣/٨/٧دا لەناوچەی سێمێل کوژراون، گوایە ئەو کوشتارە، بە سەرپەرشتی جەنەراڵێکی عیراقی بوە، بە ناوی بەکر سدقیەوە! کە لە راستیدا ئەو کوشتارە لەلایەن سوپای عێراقەوەبووە ئەگەرچی بەکر سدقی ئەفسەرێکی کوردیش بووبێ لەو سوپایەدا. ئێستەش ئاسووریەکان، داوائەکەن لە دەشتاییەکەی نێوان موسل و دهۆکدا، ئۆتۆنۆمییەکیان هەبێ، بەمەرجێ لەلایەن حکومەتی عیراقەوە سەرپەرشتی بکرێ، نەک حکومەتی هەرێم! چونکە باوەڕیان بە یەکپارچەیی عیراقە!

ئەمەش لەوەئەچێ کە ئەوترێ: تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت!

پ-ئەو جرتوفرتەی لیژنەی ئینتیدابی عیسبە ساڵی ١٩٢٥ ئەیکرد لەناو کوردستانا، تەنیا بۆ ترساندنی تورک بوو. هەروەها مادەکانی ٦٢و٦٣و٦٤ی پەیمانی سیڤەر. کە ئەو کاتە تورکیای کەمالی رازی نەئەبوو ولایەتی موسڵ لە تورکیا جیا بکرێتەوە و بخرێتە سەر عیراقی عەرەبی، ئنگلیز بەو مادانەی پەیمانی سیڤەرو بە ساختەکارییەکانی کۆمەڵی گەلان، تورکیای ترسان کە ئەگەر دەسبەرداری باشووری کوردستان (ولایەتی موسڵ) نەبێ، ئەوا دەولەتی کوردستانی گەورە دروست ئەبێ بەپێی ئەو مادانەی سیڤەر، کە بەوە هەموو باکووری کوردستان لەژێر دەسی تورک دەردێ! بەوجۆرە تورکیای تۆقان و ناچاریکرد مل بۆ خواستەکەی بەریتانیا بداو ولایەتی موسڵ خرایە سەر عیراقی عەرەبی، ئەویش لەپێناوی نەوتەکەی کەرکوکدا.   بەوجۆرە، باشوورو باکووری کوردستان، کە ئەوسا یەک پارچەبوو، لە ئەنجامی پەیمانی سیڤەر و لۆزاندا، کرا بە دوو پارچەوە بۆ بەرژەوەندیی ئنگلیزو عەرەب! ئیتر دوای ئەوە، نەک هەر مافی کورد لە هەگبەی عیسبەو بەریتانیاو عێراقدا نەما، بەڵکو سوپای ئنگلیزو سوپای عێراق، هەر یەکەیان و بە جۆرێک و هەر یەکەیان و لەسەردەمێکدا، کەوتنە جەنگێکی دڕندانەوە

بەرامــبەر هەر داخــوازی و مــافێکی کــورد!
پەیمانی سیڤەریش، گەرچی تەنیـا مەرەکەبـی
ســەر کــاغەز بــوو، بە زیــان گەڕا بــۆ کــورد،
چونکە بــوە هــۆی دوولەتکردنــی بەشــێک لە
کوردستان لە نێوان تورکیاو عیراقدا!

کــاتێکیش ئەنجــومەنی ئاســایش، جــیگەی
کۆمەڵەی گەلانی گرتەوە، ســەلامی هوشــیار و
بیرمەند، زوو تێیگەیشت کە کەشــکیش بــرای
دۆیە. واتا ئەمــیش هەر وەکــو ئەو هیچــی بــۆ
کورد پێنییە، بۆیە وتی:

مەجلیسی ئەمن کۆمەڵئەبە ستێ

بۆ ناوی کورد دەمی ئەبەستێ

وەجاخی کوێر بوو عیسبەتول ئومەم

باقل وەک مریەم، عیسایوو بەدەم

مەجلیسی ئەمن ، پێم بڵێ چییکرد؟

تەنها حقوقی کوردی لەناوبرد!

دوای دامەزرانـــدنی دەوڵەتـــی عیـــراقیش،
ســـەلامی هوشـــیارو بیرمەنـــدی نەتەوەیـــی،
هیـــوای لەو پیـــرە ئاخرشـــەڕانە بـــڕی کە
لەپێـــشبڕکێدابوون بـــۆ چـــوونە بەغـــداد بە
مەبەســتی وەرگرتنــی پۆســت و پــلەو پــایە!
ئەوانەی پیرەمێردی نەمر ناوینان:

وەفدی کوردستان     میللەت فرۆشان

بۆیە سەلامیش، رووی لەو پیـرانە وەرگێـڕاو
لاوانی کوردی کردە جێگە هیوای خـۆی و لە
زۆرێکی هۆنراوەکانیدا هانای بـۆ ئەو لاوانە
ئەبردو ئەیوت:

لاوە کە تۆ ئازاد ئەکا

لاوە دوژمن بەرباد ئەکا

*

بۆ چەرخی کورد وابگەڕێ؟

لاوی ئەبێ زوو راپەڕێ

*

هەڵسن بەجارێ لاوی کورد

زوو راپەڕن بەدەستوبرد

لاوانی کورد قەت ناخەون

هەوڵ ئەدەن پێشبکەون

سەر دائەنێن تا سەرکەوتن

نابێ سەعاتێ بسرەون

ئێستا پرسیارەکان ئەمانەن:

- ئاخۆ هەر ئەو کوردانە نا، کەچوون بەشدارییانکرد لە دروستکردنی عیراق و سوپای عێراقی بیستەکانی چەرخی رابوردوودا، بەڵکو پارتە کوردییەکانی ئەم سەردەمەش، لە ماوەی دە ساڵی رابوردوودا، لە جیاتی رزگارکردنی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان، لەپێشبڕکێدا نەبوون بۆ دروستکردنەوەی عێراقی رووخاو!؟

-ئاخۆ دەسەلاتی کوردی، هیچ بەرنامەیەکی هەیە بۆ پەروەردەکردنی لاوەکانمان بە گیانی کوردایەتی و شۆرشگێڕی!؟

-ئەی ئاخۆ لاوەکانی ئەمرۆمان خەریکی مەشقی سەربازی و خوێندنەوەو خۆپڕزانیاریکردنن، یا لەجیاتی ئەوانە، بەیانیان خەریکی نەخشەکاریی ریش و ئێوارانیش بەدەم نێرگەلە کێشانی عەرەبیەوە، کات بەسەرئەبەن!؟

هەزار درووود لە گیانی پاکی سەلامی بیرمەندو شۆڕشگێڕی بواری کوردایەتی .

.***

لە ٥٤ هەمین ساڵیادی (سەلام)دا، لە هۆڵی کۆمەلایەتی خوێنراوەتەوە

سلێمانی : ٢٠١٣/١٠/٢٦

## یادی شەهیدانی کەرکوك

ناسر حەفید:

**یادنەکردنەوەی ئەم قوربانیانەش وەکو ماددەی ١٤٠ شەرمەزاربوونە لەبەردەمی کەرکوکدا.**



ڕۆژی ٢٠١٣/٠٦/٢٣ پەنجا ساڵ تێپەڕی بەسەر لەناوبردنی شێخ مارف بەرزنجی و شێخ حسەینی برایدا. ٢٩ کەس بوون کە لەو ڕۆژەدا لە کەرکوک لەناوبران. یادنەکردنەوەی ئەم قوربانیانەش وەکو ماددەی ١٤٠ شەرمەزاربوونە لەبەردەمی کەرکوکدا.

کاتێک هەوڵ ئەدەن بۆ رزگارکردنی شێخ مارف بەرزنجی لە بەندیخانە بەم شێوەیە وەڵام ئەداتەوە:

لە بیرێکی زۆر تەسکەوە سەرنجی ژیان ئەدەیت. هیمەتی ناوێت ئەگەر بمەوێت بە نامەردیی رزگاربم. وە هەر منیش تەنیا نیم. خەفەت بۆ من مەخۆ! زۆرباش ئەزانم چی ئەکەم و چیم لە ڕێگادایە. مردن هەر مردن نییە. منداڵی منیش باوکی نامەردی ناوێت. منیش بڕۆم هەموو ئینسان کەسوکاری منداڵی منن.

خواتان لەگەڵ

سجنی بەغداد

١٩٦١/٠٤/٢٧

ئەمە نموونەی مـورالّی کـەسـێکە کـە دەسـت بداتـە قـەڵـەم و ئـەرکـی سیاسـیی بگرێتـە ئەستۆی خۆی. گرنگە جەماوەر پێش ئـەوەی گوێ لە قسەی کەسێک بگرێت ئـەم داوایـەی لەسەری هەبێت.

شێخ مارف لە بـەندیخانـەدا مایـەوە، ئامـادە نـەبـوو ژیـانی خـۆی رزگـار بکـات بـێ هاوڕێکـانی. شـێخ حـسەینـی براشـی، کـە ئەویش پارێزەر و دانـەری ئـاوازی سـرودی ئەی رەقیب بـوو، بـە کـەفالـەت بـەردرابـوو. هەرچەندە هەوڵیان لەگەڵ دابوو کە نەچێتـەوە بەردەمی مەحکەمە بەڵام ئەویش ئامادە نەبوو ژیانی خۆی بێ هاوڕێکانی دەربکات. سـاڵی ١٩٦٣ دەستەڵاتی بەعس لە سجنی بەغدادەوە هێنانیانەوە بۆ کەرکوک و لەوێ لە دار دران.



شەهید مارف بەرزنجی

# چەنـــد لاپەرەیەك لە مێــــژوی (پاسۆك)

شێرزاد فاتیح محەمد[1]



کـات: ناوەراسـتی بەهـاری سـاڵی ١٩٧٥ی زاینـی. شـوێن: کوردسـتان، بە تـایبەتی باشوری کوردستان کە جێی ڕووداوێکی زۆر مەزن بوو.

ئەو ڕووداوە کارەسـاتێک بـوو، کۆتـایی بە شۆرشـێکی چـواردە سـاڵەی نەتەوەیەکـی ژێردەسـتە هـاتبوو. نەتەوەیەک، کە داگیرکەران هەمیشە کاریان بۆ ئەوە کردووە، کۆتایی پێ بێنن.

دوای ڕێککەوتننامە شـومەکەی (الجزائـر) کە لە نێوان سەددام حوسـێن و حەمەرەزا شـای ئێران واژۆکرا و مەبەستی سـەرەکیش تێیـدا کۆتـایی هێنـان بـوو بە شۆرشـی کـورد بەرامبەر بەوەی شای ئێران سنوور لە کـورد بگرێ و نەهێڵـێ هـیچ جـۆرە یارمەتییەکیـان بگاتێ. سەدامیش لە لایەن خـۆیەوە سازشـی کرد بەوەی هەندێ لە ئـاو و خـاکی (عێـراق) پێشکەش بە ئێـران بکـا، وەک بەشـێک لەو ڕێیکەوتننامەیە.

خەڵکــی کوردســتان بە زۆری بێئومێــد و بێهیـوا بـوون و لەوپەڕی بـاری دەروونـی خراپدا بوون.

نەک هەر ئـافرەت بەڵکـو پیـاوانیش وەکـو ئەوان دەگریان و شیوەنیان دەگێرا، تەنـانەت هەبـوو بەرگەی ئەو کارەسـاتەی نەدەگـرت و خۆی دەکوشت و کۆتایی بە ژیـانی دەهێنـا.

[1] لە نێوان سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ هەتـا بەهـاری سـاڵی ١٩٧٥ئەندامی سەرکردایەتی کاتیی (کاژیک) بوو، یەکـێ بوو لەو سێ هاوبیرەی کە دەمەزراندنی (پاسۆک)یـان لە ١١ی ئەیلولی ١٩٧٥ گرتە ئەستۆ و هەتا کۆتایی ١٩٨٠ز سێکوچکەی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بوون.

ورەی خەڵــــکەکە نەک هەر نـــزم بـــوو، بە تەواوەتی رووخابوو.

لە لایەکی ترەوە کەسانێک هەبوون توانییـان لەو هەلـومەرج و بـاروزروفەدا بەرگە بگـرن، چونکە خاوەن بیروباوەرێکی پـتەو و تـۆکمە بـوون. دەیـانزانی و لەو بـاوەڕەدا بـوون کە کۆتایی هـاتن بە شۆرشـێک، کۆتـایی هـاتن نییە بە خەون و ئاواتەکانی نەتەوەیەک.

هەر بۆیە لەم بارەیەوە، هـاوبیرانی نەتەوەیـی ئەنـدامانی سـەرکردایەتی کـاتیی (کاژیـک) دەستبەکار بوون.

هەر لەو سەروبەندەدا و لەسەرەتادا، مامۆسـتا (فەرهاد عبدالقادر)ی هاوبیرم، کە یەکێک بوو لە هاوبیرە چالاک و کارامەکانی ((کاژیـک - کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد)) دوای مـاوەیەکی زۆر کـورت لە گەڕانەوەی لە شاخ و هەرەسهێنانی شۆرش، پەیوەندی پێوە کردم و گوتی: (با دەست بەکـاربین، چـونکە ئێـستا کـاتی کـارکردنە بـۆ دامەزرانـدنی حیزبێک یان ڕێکخراوێکی نەتەوەیی لە جێی (کاژیـک)، کە رەنـگە چیتـر هەلـومەرجی بەردەوامبوونی نەمـابێ). لە هەمـان کاتیـشدا داوای لێکـــردم پەیوەنـــدی بە هـــاوبیرێکی ترمـانەوە بـکەم کە ئەویـش هـاوبیر (ئـازاد مستەفا) محەمەد مستەفا بـوو. کـاک (ئـازاد) گەرابۆوە سەر کـارەکەی خـۆی کە لە بـواری تەندروستی بوو لە شـاری سلێمانی. چـووم بـــۆ ئەو مەلبەنـــدە تەندروســـتییەی کە ئەو بەرێـزە کـاری تێـدا دەکـرد. کە چـاوم پێـی کەوت، ناسنامەی لێ داوا کـردم بـۆ ئەوەی لە کەسـایەتیم دڵنیـا بێـت، چـونکە لە کۆتـایی ســاڵی١٩٧٣و ســەرەتای ١٩٧٤ەوە، تەنهــا چەنـد جـارێکی کەم یەکترمـان دیبـوو، ئەمە جــگە لەوەی بــارو رەوشــی دەروونــی ئەو هاوبیرە لەو روژگارەدا زۆر خراپ بوو، جگە لەوەش دامودزگــا ســیخورییەکانی بەعــس وەخــۆ کەوتبــوون و بــواری هــیچ جــۆرە جموجـوڵێکی سیاسـییان نەدەدا. هەر بـۆیە هــاوبیر (ئــازاد مــستەفا) بــۆ دلنیــابوون لە کەسایەتی من، داوای پیناسەی لێ کردم و بۆ رێبزریش پێی گوتم بـرۆم بـۆ لای دکتـۆر و داوای لێ بـکەم بمنێـرێتە تـاقیگە بـۆ ئەوەی چـوونەکەم بـۆلای ئەو هـاوبیرە ئاسـایی و دوور لە گومانی دەزگا سیخورییەکانی رژێـم بێت و هەستمان پێ نەکەن.

ئیتر بە دەم ئیشی خۆیەوە وەکو نەخۆشـێک کە خەریکـم بـوو، بـوارم بـۆ رەخـسا و

پێشنیارەکەی مامۆستا (فەرهاد عبدالقادر)م بۆ دوبارە کارکردن و دامەزراندنی حیزبێک یان ڕێکخراوێکی تازەم پێ ڕاگەیاند، ئەوەی تێگەیشتم ئەوە بوو کە ئەو ئامادەیی کارکردنی هەیە، بەڵام ئەم شوێنە شوێنی ئەو جورە باسانە نییە، هەر بۆیە ڕێکەوتین کە لەدوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە سەر ئەو بابەتە بدوێین، شوێنیش ئەو دەستنیشانی کرد کە ماڵی یەکێ لە خزمەکانی خۆی بوو کە تا ئەو کاتە، واتە دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلول نەگەڕابوونەوە شاری سلێمانی، واتە ماڵەکە چۆل بوو و کلیلەکەش لای کاک (ئازاد) بوو.

ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دواتریش بۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە بووین و زۆر شتمان بە تێروتەسەلی باس کرد، لە نێوانیاندا هەندێ لەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی ڕێکەوتننامەی (الجزائر) و دەرئەنجامەکانی، هەروەها پێویستی هەبوونی حیزبێکی نەتەوەیی لەو بارودەۆخەدا.

لە کۆتاییدا ڕێکەوتین کە بە (سێ قۆڵی) لە زووترین کاتدا کۆبونەوەیەک ئەنجام بدەین.

ئەوەی کردمان هەنگاوێکی گرنگ بوو لە بەر چەند هۆیەک:

یەکەمیان ئەو کۆبونەویە بە یەکەم کۆبونەوەی سێ ئەندامی (سەرکردایەتی کاتی کاژیک) ئەژمار دەکرێ دوای هەرەس، لە پێناوی کارێکی پیرۆز و بوێرانەدا کە ئاماژەی پێ کرا.

دوومیان بڕوا و متمانەی تەواومان بەوە هەبوو کە پێویستە بە زووترین کات ڕێکخستنێکی نوێ دروست بکرێ چونکە بە پێی بۆچونی ئێمە، کاتی ئەوە هاتبوو وەک ناو و ڕێکخستن، کۆتایی بە(کاژیک) بهێنرێ، نەک وەک ڕێبازی کوردایەتی و بیروباوەڕی نەتەوەیی.

لێرەوە بە روونی دەردەکەوێت کە بیرۆکەی ئەو ڕێکخستنەی لەوەدوا دامەزرا و بە (پاسۆک) ناسرا، تەنها سێ کورد بناغەداڕێژەری بوون: (فەرهاد عبالقادر) کە خاوەنی بیرۆکەکە بوو، بەندە و هاوبیر (محمد مستەفا) کە دواتر بە (ئازاد مستەفا) ناسرا،

بۆ مێژوو دەیگێرمەوە کە مامۆستا (فەرهاد) خاوەنی بیرۆکەکە و داینەمۆی رێکخستنەکە بوو لە یەکەم رۆژی دامەزراندنیدا، دیارە کەسی دوای خۆی کە جێی بڕوا و متمانەی بێت من بووم، کەسێ کە بتوانێت کار بکاتە سەر ئازاد مستەفا بۆ ئەوەی ئامادەیی دەربڕێت بۆ کارکردن لە پێناوی دامەزراندنی حیزبێکی نەتەوەیی لەو بارو زروفە زۆر سەخت و دژوارەی کە لە دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ لە باشووری کوردستان هاتبووە ئاراوە.

چەند کۆبونەوەیەکمان بە سێقۆڵی ئەنجام دا کە زۆربەیان لە سلێمانی و کەمتریش لە کەرکوک بوو. هەر یەکەمان رەشنوسێکی ئامادە کرد بۆ پرۆگرامی حیزب، هەروەها بۆ پەیڕەوی ناوخۆی ئەو رێکخستنە نەتەوەییە تازەیە کە وەک بیر و بۆچون و ستراتیج بەتەواوکەری (کاژیک) ئەژمار دەکرێت. من بەش بەحالی خۆم تێبینی و بۆچونەکانم لە زادەی بیروبۆچونی نەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتبوو و کۆپیکردنی پەیڕەو و پرۆگرامی هیچ حیزبێکی تر نەبوو، تەنانەت (کاژیک)یشی لەگەڵدا بێ، کە حەوتساڵ تێیدا ئەندام بووم هیچ شتێکم نەدی بەناوی پەیڕەوی ناوخۆی (کاژیک)ەوە.

دوای ئاڵوگۆڕکردنی بیرو بۆچوونەکانمان و دوای چەند کۆبونەوە و دانیشتنێکی زۆر کە زۆربەیان لە ماڵی (فەرهاد عبدالقادر) دەکران کە ماوەیەکی زۆر نەبوو ماڵی لە کەروکەوە گواستبۆوە سلێمانی، دوای ئەوەی گەیشتینە دواشێوەی پرۆگرام، واتا (بەرنامەی کار) دواجار دارشتنی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبێکی نەتەوەیی کە لە سەرەتادا و بۆ ماوەی سالێک بەناوی (پارتی سۆشیالیستی نەتەوەیی کورد)ەوە کاری کرد و بەیانی یەکەممان لە ١١ ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥ بە تایپکراوی بڵاو کرایەوە، لە راستیدا ئەو بەیانە پێشتر ئامادە کرابوو، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە لە یادی ١٤ساڵەی شۆرشی ئەیلولدا ئەو بیاننامەیە بڵاو بکەینەوە کە هەمان مێژووی لەسەر بوو بۆ وەڵامدانەوەی دەسەڵاتی داگیرکەری بەعسی کە لە دوای رێککەوتننامەی (الجزائر) لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا بەیاننامەیەکی دەرکرد و لە یەکێ لە رستەکانیدا گوتبووی: (انتهت والی الابد اسطوره الجیب العمیل) بەو واتایەی (کە بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە

شۆرشی کورد هات). ئیمەش لەو بەیانەدا بە دوژمنانمان وت نەک هەر شۆرش بەرپا دەکرێتەوە بەڵکو وا بانگەواز و جاڕی دامەزراندنی حیزبێک و حیزبێکی نەتەوەیی بە گوێی هەمواندا درا.

ئەمیش، واتە لایەنە فیکری و تەنزیمیەکە گورزێکی کاریگەرتر بوو لەوەی (شۆرش) بەرپا بێتەوە. بۆیە شاری (کەرکوک)یشمان بۆ شوێن و دەسپێکی دەرچوونی بەیاننامەکە هەڵبژارد، تا ئەمیش گورزیکی تری کاریگەر بێ بۆ دوژمنانی کورد بە گشتی و دەسەڵاتی بەعس بەتایبەتی کە کەرکوک هەمیشە هێلی یەکەم بووە لە بەرگریکردن لە خاک و نەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە دوان لەو سێ کەسەی کە پاسۆکمان دامەزراند (شێرزاد فاتیح و فەرهاد عبدالقادر) کەرکوکی بوین و سەرەتا وەک پێشتر ئاماژەم بۆی کرد بیرۆکەکەش لێرەوە واتە لە کەرکوکەوە سەری هەڵدا. لێرەدا دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە کە تەنها بەیانی یەکەمی ئەو حیزبە تایپکرا، بەڵام لە راستیدا نە پرۆگرام (بەرنامەی کار) چاپ کرا، نە (پەیڕەوی ناوخۆ) بەڵکو لەو قۆناغەدا هەر دەسنووس بوون. ئەو تایپڕایتەرەی (**طابعە**)ی کە ئەو بەیانەی پێ تایپکرا چیرۆکێکی تایبەتی و سەیر و بۆێرانەی هەیە، وا بە کورتی دەیگێڕمەوە بەو شێوەیەی کە لە کاتی خۆیدا، لە هاوبیران (فەرهاد عبدالقادر و ئازاد مستەفا) بیستومە: دەمانزانی بوونی ئامێرێکی چاپ چەند بۆ کارەکانمان پێویستە، بۆیە ئەرزەحاڵنووسێک دەخەنە بەر چاو و دوای پلاندانان بڕیاری ڕفاندنی ئامێرەکەی دەدەن. لە رۆژ و کاتی دیاریکراودا هەردوکیان پەلاماری ئامێرەکە دەدەن و دەیرفێنن، دوای ئەوە لە لا کۆڵانێکدا دەیکەنە نێو گوێنیەک و دواتر کاک (فەرهاد عبدالقار) بە گوێنیەکەوە سواری تاکسییەک دەبێ و بۆ رێزری چەند سەد مەترێک لە دوور مالی خۆیان دادەبەزێ و ئامێرەکە دەباتەوە ماڵی خۆیان، نەوەک خاوەنی تاکسییەکە لەلایەن پیاوانی رژێمەوە بخرێتە ژێر گوشار و لێپێچینەوە تاوەکو ئەو مالەکە بناسێتەوە. ئەوەی شایانی باسە دوای چەند رۆژێکی کەم نرخی ئەو ئامێری تایپکردنە گەیەندرایە خاوەنەکەی بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ خاوەنەکەی لەرووی مادییەوە

زەرەر مەنـد نەبـێ و بتـوانێ دانەیەکـی تـر بکرێتەوە[1].

لە دوای بڵاووکردنەوەی بەیـانی یەکەم وەکـو بـانگەوازێکی نەتەوەیـی، ئەو کەسـانەی کە شـیاو بـوون بـۆ ئەو جـۆرە بیـرو بـاوەڕە، کەسـانی نەتەوەیـی بـوون کە لە توانایانـدا هەبوو ئەو تۆیە بڕوێنن و گەشەی پێ بـدەن، هەنـــدێکیان ئەو هـــاوبیرانە بـــوون، کە لە ریزەکانی کاژێکدا پێشتر کاریـان کردبـوو ، هەندێکی تریشیان کەسانێکی پاک و دڵسۆز بـوون کە دەستنیـشان دەکـران و دەهێنـرانە ریزەکانی حیزبەوە.

یەکـــێ لەو هـــاوبیرانە کە لە کاژێکیـــشدا هاوبیرمان بوو (جەلالی حاجی حسێن) بـوو کە بە (جەلالی حوسە کەلۆش) ناسراو بوو و لە قۆنـــاغی یەکەمـــی بـــوونی پێـــشمەرگە لە شـــاخدا بەرپرســـی یەکەم (مەفـــرەزە)ی پێـــشمەرگەی (پاســـۆک) بـــوو، هەرچەنـــدە (پاسۆک) نەیدەویست بە هیچ جۆرێک یەکەم قۆناغی کارکردنی، چـالاکی چەکـداری تێـدا بێت.

لە بەهـاری سـاڵی ١٩٧٦دا لە کۆبـونەوەیەکی ســـەرکردایەتیدا بڕیـــار درا کە دوانمـــان (فەرهاد عبدالقادر و بەندە) سەردانی ئەوروپا بکەین بۆ چەند مەبەستێک:

١- پەیوەندی کردن لە گەڵ هـاوبیری بەرێـز د. جەمال نەبەز، دەربارەی حیزبەکە.

٢-دروستکردنی مۆر بە ناوی حیزبەوە.

٣- گەیانـــدنی بەیـــانی یەکەمـــی حیـــزب بە زمـــانی کـــوردی و ئینگلیـــزی بە هەنـــدێ رێکخـــراو و کەســـایەتیە کوردییەکـــان، بە تایبەتی لە نەمسا و ئەڵمانیا.

لە مانگی تەممووزی سـاڵی ١٩٧٦ دوای ئەوەی ڤیزای پێویستمان وەرگرت لە کونسوڵخانەی ئەو وڵاتـــانە لە بەغـــدا، کە ئەمەش ئەوســـا کارێکی ئاسان و رۆتینی بوو.

خەرجـی ئەو گەشتەشـمان، بـۆ مـن لە سـەر ئەســـتۆی خـــۆم بـــوو، ئەوی مامۆســـتا

---

[1] لەو ســەردەمەدا بەپێــی رێنماییەکــانی دەســەڵات هەر کەسێ بیویستایە ئـامێرێکی تـایپکردن بکڕێـت دەبـوایە رەزامەندی فەرمی دەزگای (امن)ی وەربگرتایە. هەروەهـا لەو ســەردەمەدا شــتێک نەبــوو لە بــازاردا هەبێــت کە ناوی(کۆمپیوتەر)و (لاپتۆپ) بووبێت.

(فەرهـاد)یـش، لەسـەر ئەرکـی هاوبیرمـان (جەلالی حاجی حسێن) بوو.

لە کەرکـوکەوە کەوتیـنە ڕێ بە ئۆتۆمبیـل و بەکرێ و قۆناغ بە قۆناغ، کەرکـوک-موسـڵ، موسـڵ-زاخـۆ و ئیبـراهیم خەلیـل، سـنوری تورکیا- مێردین، مێردین- ئەسـتەمبول دوای ئەوەی شـــەوێک لە (مێـــردین) مـــاینەوە و شەوێکیش لە ئەستەمبول، بڕیارماندا بە پاس بچیـنە (مونـشن/میـونخ)، بەڵام کـاتێ دوای نیـــوەڕۆی ڕۆژی دووەم پاســـەکە گەیـــشتە (ڤییەنـا) وامـان بە چـاک زانـی لەو شـارە بمێنیـــنەوە و دواتـــر بەرەو (میـــونیخ) بە ڕێکەوین.

کـــاتێ کە لە ڤییەنـــا بـــووین هەولـــی چـاوپێکەوتنی (عـارف تەیفـور)مـان دا کە هاوڕێ و ناسیاوی مامۆسـتا فەرهـاد بـوو و ئەو کاتە لەوێ پەنابەر بوو. لەو شـوقەیەی کە دەبوایە چاومان پێـی بکەوتـایە لە ڤییەنـا، لە جیـــاتی ئەو چاومـــان بە بەرێـــز (وریـــا سەعاتچی) کەوت و نانی نیوەڕۆمان پـێکەوە خوارد، لەو کات و ساتەدا کە پێکەوە بـووین کـۆمەڵێ بـاس و خـواس لە سـەر ڕەوشـی ئەوسـای کوردسـتان خـۆی خزانـدە نێـو قـــسەکانمانەوە. بەتـــایبەتی چـــۆلکردنی گونـدەکانی هاوسـنوری ئێـران بە قـوڵایی (١٥تا٢٠ )کـم و ڕاگواسـتنی خەڵـکەکەی بـۆ ئوردوگـا زۆرە ملێکـان، ئـیمە توانیمـان ئەو شارەزاییەی هەمان بوو لەو بـوارەدا، بە دورو درێژی بیگەیەنینە هەمـوو ئەو بەرێـزانەی کە لەو گەشتەدا بینیمانن.

بەر لەوەی بە قەتـار شـاری ڤیەننـا بەجـێ بهێڵـین، چاومـان بە کـوردێکی ڕۆژئـاوای کوردسـتان کەوت و لە گەڵ ئەویـشدا، هەر لە وێستگەی ڤیەننـا، دەربـارەی بـارودۆخی ئەو کـــاتەی کوردســـتان و نەتەوەی کـــورد لەو قۆناغەدا برێک قسەمان کرد. گەیشتنمان بـۆ شـاری بەرلـین[2] بە دوو قۆنـاغ بـوو، واتـا دوای ئەوەی چەند سەعاتێک قەتارەکەمـان لە شاری نۆرمبۆرگ وەسـتا. کـاتی گەیـشتنمان بـۆ بەرلـین نەمـانتوانی بە دوای د. جەمـال نەبەزدا بگەڕێـین چـونکە شـەو بـوو و

(2) لەو سەردەمەدا شاری بەرلین بە دیوارێکی بەرز کرابوو بە دوو بەشەوە، ڕۆژهەڵات کە پایتەختی (ئەلمانیای دیموکرات)ی بوو، ڕۆژئاوا کە بە بەشێ لە (ئەڵمانیای اتحادی) ئەژمار دەکرا د.جەمال نەبەز لە بەشی ڕۆژئاوای ئەو شارەدا دەژیاو وەکو مامۆستایەکی (زانکۆی بەرلینی ئازاد) کاری دەکرد.

پێویستمان بەوە هەبوو ئوتێلێک بدۆزینەوە و ئەو شەوەی لێ بەسەربەرین. ڕۆژی دواییمان تەرخان کرد بۆ دۆزینەوەی بەرێز د. جەمال نەبەز. ناونیشانیمان نەدەزانی تەنها ئەوە نەبێ کە لە (زانکۆی بەرلینی ئازاد) پرۆفیسۆرە، ئەو کاتیش مانگی تەمموز بوو و زانکۆ لە پشوی هاوینەدا بوو، هەر چۆنێک بێت ناونیشانی (شوقە)کەیمان دەست کەوت، بە داخەوە کاتێ کە چوینە ئەوێ دەرگاکەی داخرابوو، بۆیە ناچار بووین نامەیەکی کورتی لە سەر پارچە کاغەزێک بۆ بنوسین و ناونیشانی خۆمانی بۆ بە جێ بهێڵین. ڕۆژی دواتر جەنابی هاتە لامان و ماوەیەکی باش پێکەوە بووین و باسی سەرەکیمان لە سەر دامەزراندنی ئەو حیزبە نەتەوەییە تازەیە بوو کە تا ئەو کاتە نێوی (پارتی سۆشیالیستی نەتەوەیی کورد) بوو، هەروەها باسکردن بوو لەسەر کۆتایی هێنان بە (کاژیک).

بریارمان دا کە ڕۆژی دووەم لە کاتژمێری نۆی سەر لە بەیانی یەکبگرینەوە و بە دورودرێژی باسی هەموو شتێک بکەین. ئەو ڕۆژە (١٢) کاتژمێر پێکەوە بووین، واتا هەتا ئەو کاتەی قەتارەکەمان لە نۆی شەو شاری بەرلین)ی ڕۆژئاوای بەرەو میونخ بەجێ هێشت.

د. جەمال نەبەز خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی کە ئێمە بڕیاری کۆتایی هێنانمان بە(کاژیک) داوە و حیزبێکی نوێمان لەسەر بنەمای بیری نەتەوەیی دروست کردووە. گوتیشی، تا ئێستا ئەوەی هاتۆتە لام پێشنیاری کۆتاییهێنانی بە کاژیک کردووە، بێ ئەوەی جیگرەوەیەکی بۆ ئەو حیزبە هەبێ. ئەو بەرێزە پێشنیاری کرد کە ناوی حیزبەکەمان بگۆرین بۆ (پارتی سۆشیالیستی کورد-پاسۆک) لە سەر شێوازی (پارتی سۆشیالیستی یۆنان-پاسۆک)، چونکە بەپێی بۆچوونی ئەو گەر ناوی {پارتی سۆشیالیستی (نەتەوەیی) کورد} وەربگێردرێت بۆ سەر زمانی ئەڵمانی ئەوا ناوەکە هەمان واتای حیزبی (نازی)ییەکان دەدات. پێشنیارەکەیمان بەهەند وەرگرت و بڕیارمان دا دوای گەڕانەوەمان بۆ وڵات لە سەرکردایەتی دوا بڕیاری لە سەر بدەین.

د. جەمال بەڵێنی ئەوەشی داینێ کە هەوڵ بدات (پاسۆک) بکرێتە ئەندامێکی کارای

ڕێکخـــــراوی (الاشــــتراکیه الــــدولیه) سۆسـیالدیموکرات. پـێش مـاڵ ئـاوابیکردن یەکێ لە کتێبەکانی خـۆی پێشکەش کـردین بەهیـوای ئەوەی لە ڕێـی گەڕانەوەمـان بـۆ کوردســـتان، بەر لەوەی بگەیــنە ســنووری تورکیا - عیراق بیخوێنینەوە و بیفەوتێنـین، بەڵام خۆشبەختانە توانیمـان لەگەڵ مۆرەکـان بیـــانگەیەنینەوە وڵات، هەرچەنــــدە ئەوە کـارێکی ئاسـان نەبـوو لەو بـارودۆخەدا. لە ڕێگای چوون و هاتنەوەشماندا، لە ناو پـاس و قەتـار و شـوێنە گـشتییەکاندا، لە هەوڵـی ئەوەدا بـــووین کە پێناســـەی کـــورد و کوردستان بۆ ئەو خەڵـکە روون بکەیـنەوە و دۆزی نەتەوەکەمـــان بە خەڵکێکـــی زۆر بناسـێنین. ئەمەوێ ئەوش بڵـێم کە بەیـانی یەکەمـی حیزبەکەمـان گەیانـدە کەسـان و لایەنێکی زۆر چ بە کوردی چ بە ئینگلیـزی، دوای ئەوەی لە کوردســـتان توانیـــــووم بیگۆڕمە سەر زمانی ئینگلیزی، هەر لە وێـش واتـــا لە (ئەوروپـــا) فۆتۆکۆپیمـــان کـــرد و بڵاومان کردەوە. بەم شێوەیە ئەتـوانم بڵـێم سەفەرەکەی ئەوروپامان زۆر سەر کوتوو بوو و هەر سێ مەبەستەکەی پێکا.

لە ڕێی گەڕانەوەماندا و لە شاری میونیخ، ئەو شوێنەمان دۆزییەوە کە (مۆری) لـێ دروسـت دەکـرا، مـۆرەکەش بە سـێ زمـان (کـوردی، عەرەبـی، ئینگلیـزی)، هەڵکۆڵــدرابوو، لەبەر ئەوەی پەلەمان بـوو، ناچـار بـووم هەر خـۆم دیزاینی مۆرەکە بکەم و کـاتێ زانییـان ئـێمە دوای سـێ ڕۆژ شـارەکە بە جـێ دەهێڵــین، ڕازی بوون لەو ماوەیەدا بۆمانی تەواو بکەن.

دەمەوێ لێرە ڕووداوێکـی بە ڕەواڵەت بچـوک بەڵام گەورە لە واتـــادا بگێـــڕمەوە: لە ڕێـــی گەڕانەومانــدا و لە شـارۆچکەی (میـدیات) لە بـــاکوری کوردســـتان کیژۆلەیەکـــی کـــوردی تەمەن ١٠-١٢ ســـاڵیمان بینـــی دەیویـــست هەندێ میوەی ناوچەکەی خۆیان بفرۆشـێ و بە زمانی زگماکی خـۆی دەنگـی هەڵبڕییـو لە هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی کریارڕدا بـوو بـۆ فرۆشتنی میوەکەی، لە پڕ کابرایەکی تـورکی ڕەگەزپەرستی لێ پەیدابوو، بە تونـدی وەکـو گورگ بە گـڕی ئەو گیـژۆڵەیەدا چـوو، تێـی ڕاخـــوری کە بە تـــورکی بـــدوێ، ئـــێمەش نەمــــانتوانی لەم ڕەفتـــارە بەدرەوشـــت و نامرۆییانە بێدەنگ بین و بەناچاری بەگژیدا چووین و بەرپەرچمـان دایەوە و بێـدەنگمان کـرد و بۆیمـان روون کـردەوە ئەو کـچە کە

کوردە مافی خۆیەتی بە زمانی خۆی بدوێ، ئەمەش کارێکی ڕێگە پێدراوە لە هەموو یاساو ریساکانی ئاسمانی و نێودەوڵتی.

کاتێ بۆ کوردستان گەڕاینەوە کۆبونەوەیەکمان کرد و سەرکردایەتی (پاسۆک) بڕیاری پەسەندکردنی ناوە تازەکەی دا و لەوەودوا ئەو حیزبە بە ناوە تازەکەیەوە ناسرا واتا (پارتی سۆشیالیستی کورد-پاسۆک)، ئەمەش زانیارییەکی پێویستە و راستکردنەوەی هەڵەیەکیشە کە دەگوترێ ناوەکە لە کۆنفرانسێکدا گۆڕاوە، چونکە هیچ کۆنگرەیەک یان کۆنفرانسێک لەو قۆناغەدا نەگیراوە و ئەنجام نەدراوە، جگە لە هەوڵ و کۆشش بۆ پتەوکردنی ریزەکانمان و دەستنیشانکردنی کەسانی پاک و دڵسۆز و خاون هەڵوێستی نەتەوەیی.

لە هێڵکی تەریبدا پەیوەندی دەکرا لە گەڵ هەندێ حیزب و ڕێکخستنی کوردستانی، کە لەو قۆناغەی گۆڕەپانی سیاسیدا کاریان دەکرد، یەکێ لەو ڕێکخستنانەش (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) بوو کە (ئیبراهیم حەسەن) کەسێکی سەرەکی بوو تێیدا، کاتێ ئەو کەسە لە لایەن دەزگا سیخورییەکانی رژێمی(بەعس)ەوە دەستگیر کرا، دانی بە زۆر شتدا ناو لە نێوانیاندا پەیوەندییان بوو بە (پاسۆک)ەوە، جگە لە ئیعترافکردن لەسەر زیاتر لە دەیان، بگرە سەدان کەس لە ڕێکخستنەکەی خۆیان ناوی زۆر کەسانی تری دابوو کە نە دەیناسین و نە لە دورو نزیکەوە پەیوەندی پێیانەوە هەبوو. هەر لەو سۆنگەیەوە دوو ئەندامی سەرکردایەتیمان دەستگیر کران، ئەوانیش، هەر یەکە لە (ئازاد مستەفا) و دواتریش (فەرهاد عبدالقادر)[3]، ئەو دوو هاوبیرە بۆ ماوەی (٢٩) رۆژ بە هەموو شێوەیەک ئازار و ئەشکەنجە دران بەڵام دانیان بە هیچ شتێکدا نەنا، منیش بۆ ماوەیەک خۆم شاردەوە دوای ئەوەی (ملازم مەنسور) لەو ڕووداوە ئاگاداری کردمەوە. ئەم ڕووداوەش لە کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٧٧دا بوو. لەوەو دوا لە (محکمە**الثورە**)

---

[3] لێرەدا دەمانەوێ ئەو راستییە روونکەینەوە کە گرتنی ئەو دوو هاوبیرە بە هۆی ئەوەوە نەبوو کە دوژمن توانیبێتی پەی بە ڕێکخستنەکانی (پاسۆک) بردبێت، بەڵکو بێ ورەیی ئەو هاوڕێیە بوو کە ناوی هەڤاڵانی خۆی و هەموو ئەوانەی تریشی دابوو کە پەیوەندییان هەبوو یان جۆرێک لە هەماهەنگییان لەگەڵیاندا هەبوو، گوایە دەڵێن ناوی هەندێ کەسی بردووە کە تەنها بۆ جارێک مەرحەبایەکی کردوون.

هەر یەکەیـان بە (١٠) سـاڵ زینـدانی حـوکم دران و لە دواییـــدا لە گرتوخـــانەی (ئەبـــو غریـب) درێژەیـان بە حوکمەکەیـان دا، لەوەو بەدوا لە ســـەردانە مانگانەییەکانمـــدا بـــۆ ئەبوغریـب چـاوم بەو هـاوبیرانە دەکەوت و جۆرێک لە کۆبونەوەی ڕێکوپێکمان دەکرد و هەر لەوێـوە کاروبـاری ڕێکخـستن ئارەسـتە دەکرا لە ڕێی بەندەوە کە رایەڵـی پەیوەنـدی بـووم لەگەڵ ڕێکخـستنەکاندا لە کەرکـوک و سـلێمانی. لەو قۆنـاغەدا بەو پەری توانـامەوە هەوڵم دا بە ئەرکی سەر شانی خـۆم هەڵـسم لە هەموو بوارەکانـدا، سیاسـی و تەنزیمـی و سەرباری ئەوەی خـۆم تەرخـان کردبـوو بـۆ سەردانی هەمیـشەیی ئەو دوو هـاوبیرە. ئەمە جگە لەوەی سەردانی بەردەوامی مـن بـۆ لای ئەو دوو هاوبیرە کە نە خـزم و نە هاوڕێیـان بووم کارێکی مەترسیدار بوو لەو کاتەدا.

یەکـــێ لەو بڕیـــارانەی کە لە گرتوخـــانە لە هـاوینی ١٩٧٧زاینـی درا، ئەوە بـوو کە مـن گەشتێکی ئەوروپا بکەم، مەبەسـتی سـەرەکی ئەو گەشـتەش سـەردانی کردنـی هاوبیرمـان (شێرکۆ هەژار) بـوو کە لە وڵاتـی (هۆڵەنـدا) نیـشتەجێ بـوو، بە مەبەسـتی ئەوەی داوای لێبکرێت بگەرێـتەوە وڵات و بە رۆڵـی خـۆی هەڵـسێ، چـونکە زینـدانی کردنـی ئەو دوو هاوبیرە بە دە سال بۆشاییەکی بەرچـاوی لە ریزەکانی سەرکردایەتی (پاسۆک)دا دروسـت کردبوو.. -- -- --- --- --- --- ---

دووەم گەشتم بۆ ئەوروپا جارێکی تر لە سەر ئەرکی خۆم بو[4]، وەک پێـشتر ئامـاژەم بـۆ کرد بە نیازی بینینـی (شـێرکۆ هەژار) بـوو، ئەمجارەیان لەم گەشتەمدا هـیچ هـاوبیرێکم لە گەڵدا نەبوو، بەڵکو لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆم بە ناوی گەشت و گـوزارەوە کەوتیـنە رێ و ئەو

---

[4] لەو سـەردەمەدا و هەتـا بەهـاری ١٩٩١ (پاسـۆک) خاوەنی بودجەیەکی تـایبەتی خـۆی نەبـوو، مەگەر دوای راپەڕینـی ئـازاری ١٩٩١ خـاوەنی بـودجەیەک بوویێـت کـاتێ کە رێژەیەکـی داهـاتی گـومرگی کوردسـتان دەدرایە(پاسۆک). لە سـەردەمی شاخیـشدا بەشـێکی زۆر کەم لەو یارمەتیەی لە ئێرانەوە دەهـات دەدرایە پاسـۆک ، نوکتەیەکی خۆشیش لەو رووەوە هەبوو کە هەنـدێ جـار ئەو توزە یارمەتییەشیان دەبڕی و دەیـانگوت :(مەڕەکەی پاسـۆک لە ڕێگـا گـورگ خـواردی) وا دیـارە گـورگیش حەزی بە پاسۆک نەدەکرد (ئێ هەر پاسۆک مەڕە)

هاورێیەم هیچی لە بارەی مەبەستی سەرەکی گەشتەکەی منەوە نەدەزانی.

نەمتوانی ڤیزای هۆڵەندە بە دەست بێنم، هەر بۆیە کاتێ گەیشتمە شاری ڤییەنا بروسکەیەکم بۆ شێرکۆ هەژار نارد و پێم ڕاگەیاند کە ناگەمە لای بەڵام وا لە ڤیەننا، لە ئوتێلی (پانۆراما) چاوەڕوانی دەبم.

شەوی دووەم لە کاتێکدا لە ئوتێل بووم یەکێک لە دەرگای ژوورەکەی دا و بە کوردی فەرمووم لێی کرد و بینیم کاک (شێرکۆ)یە، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت پێکەوە ماینەوە، بە دوو قۆلی چوینە ئەو ژورەی کە ( شێرکۆ) لێی دابەزیبوو، هەتا بەرەبەیانی ئەو شەوە پێکەوە ماینەوە و بە دورو درێژی باسی هۆکاری سەردانەکەی خۆمم بۆ کرد کە مەبەست لێی گەڕانەوەی جەنابیەتی بۆ کوردستان، رۆژی دووەم هەر لە کاتژمێری نۆی سەر لە بەیانییەوە هەتا یەکی دوای نیوەڕۆ بە تێرو تەسەلی لە هەموو مەسەلەکان دووایین و تاوتوێمان کرد.

بۆ مێژوو دەیلێم کە ئەو بەڕێزە ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەک بگەرێتەوە کوردستان بۆ کار کردن لەگەڵ ئێمەدا لە (سەرکردایەتی پاسۆک)، جگە لەو پێشنیارەی کە رێکەوتین لەسەری ئەویش ئەوە بوو کە پەیوەندییەکانمان لەرێی نامەوە بەردەوام بێت بۆ ئاڵوگۆرکردنی هەندی راو بۆچوون ئەویش، واتا ئەو نامانە، بە پێی ئەو (پەرلە)یە بێت کە رێکەوتین لەسەری، هەر بەم بۆنەیەوە پێویستە ئەوەش باس بکەم کە شێرکۆ گوتی: ئەو پارەیەم نەبووە تا پلیتی فرۆکەی پێ بکرم تاوەکو بێم بۆ ڤییەننا، بۆیە ئەو برە پارەیەم لە مستەفای برام قەرز کردووە، هەر چۆنێک بێت دوای ئەوەی لە کاتژمێری یەکی دوای نیوەڕۆ لە یەک جیابوینەوە، من و هاوڕێکەم بەرەو وڵات ملی

ڕێی گەڕانەومان گرتە بەر، كاك شێركۆش گەڕایەوە بۆ هۆڵەندا. دواتر بۆ چەند جارێك نامە لە نێوانماندا بەردەوام بوو، بەڵام نە گەیشتینە هیچ ئاكام و دەرئەنجامێكی ئەرێنی. لەگەڵ گەڕانەوەم بۆ كەركوك و لە یەكەم دەرفەتی سەردانی كردنم بۆ گرتوخانەی (ئەبوغرێب) و دیدارم لە گەڵ كاك (فەرهاد- ئازاد)، بە پوختی هەموو شتێكم بۆ گێڕانەوە و بڕیارماندا زیاتر پشت بە خۆمان ببە ستین.

لە كۆتایی تەموزی ١٩٧٩، سەدام حوسێن پاش كۆدیتاكەی بەسەر ئەحمەد حەسەن بەكردا، بڕیارێكی لێخۆشبوونی گشتی لە سەرتاسەری عێراق راگەیاند، بەو بۆنەیەوە، هەردوو هاوبیرمان (فەرهاد عبدالقادر و ئازاد مستەفا) لەگەڵ هەزاران زیندانی تردا ئازاد كران..

(پاسۆك) لە سەرەتای دەستپێكی خەباتی چەكداری خۆیدا چوار ئەفسەری كوردی لە سوپا یا پۆلیسی عێراقی ئەو سەردەمەی بۆ ریزەكانی خۆی رێكخستبوو، ئەوانیش هەر یەكە لە ( ملازم شوان- ملازم مەنسور- ملازم كەریم – ملازم محمد شوقی)بوون، ئەمەش گەر وەكو رێژەیەك وەربگیرێ رێژەیەكی زۆرە بەپێی ژمارەی ئەو ئەفسەرانە بۆ ژمارەی پێشمەرگەكانی پاسۆك و هەرواش بەبەراورد كرنیان لەگەڵ رێژەی ئەفسەرانی هێزو لایەنكانی تری كوردستانی لە چاو زۆری ژمارەی پێشمەرگەكانیانەوە.

رەنگە هیچ چاودێریك یان روناكبیرێكی ئەو سەردەمە نەتوانێت نكۆلی لە ئازایەتی و خۆراگری و لێهاتویی پێشمەرگەكانی (پاسۆك) بكات، هەر دوای چەند مانگێكی كەم دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلول كە لە ئازاری ١٩٧٥ دا و كاتێ كە یەكەم (مەفرەزە)كانی پاسۆك لە شاخدا بوون، لە قۆناغێكدا لە (قەڵادزێ)وە نزیك بوون زۆر شەو ئەچونە سەر مۆلگەكانی (جاش) و بارەگاكانی سوپای عێراق، زۆر لەم راستییانە راستەوخۆ لە دەمی هاوبیرمان (جەلالی حاجی حسێن)ەوە گوێ لێدەبوو كاتێ كە یەكێ لە جارەكان هاتبووە ناو شاری سلێمانی و دوو بە دوو لە یەكێ لە ماڵەكانی ئەو شارە بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ

دانیشتین، ئەم چاوپێکەوتنەی من و جەلال ئەو کاتە بوو کە هیشتا کاک (فەرهاد و ئازاد) لە زیندان ئازاد نەکرابوون. لێرە بەدواوە ڕەنگە جارێکی تر بێمەوە سەر باسی پێشمەرگەی پاسۆک و چالاکی و بەرگریکردنیان بە ڕوحێکی نەتەوەیی و نیشتمانی.

دوای ئەوەی ئەو دوو هاوبیرەی زیندان ئازاد بوون، هەولیاندا دووبارە ژیانی ڕۆژانەیان بەشێوەیەکی ئاسایی بەرنە سەر، بەڵام کارێکی لەو جۆرە ئیجگار ئەستەم بوو بۆ ئەو ڕۆژگارە کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕژێمی بەعس لەوپەری چالاکیدا بوون بۆ چاودێری کردنی جموجۆڵە سیاسییەکانی شاری سلێمانی، هەر بۆیە ئەو دوو هاوبیرە بەتایبەتی و هاوبیرەکانی تریشمان بە گشتی لە ژێر چاودێر توندی پیاوانی ڕژێمدا بوون.

کاک (فەرهاد عبدالقادر)، هەر دوای دووسێ مانگ لە ئازادکردنیان، هاتە لام و وتی پیاوەکانی بەعس تەنگیان پێ هەڵچنیوین و بە ڕاستی هیچ بوارێکی کارکردن و چالاکییان نەهێشتووە، بۆیە پێویستە بچنە شاخ و لەوێوە درێژە بە خەبات و چالاکی سیاسی خۆیان بدەن، بۆ ئەم کارەش داوای لێکردم لەگەڵ (ئازاد مستەفا) قسە بکەم بەڵکو قەناعەت بهێنێ پێکەو بچنە شاخ.

کاتێ کە لە گەل (ئازاد مستەفا) باسی ئەو بابەتەمان کرد نەیشاردەوە کە ئەو ئامادەیی ئەوەی تێدایە بەڵام بەلای کەمەوە پێویستی بە بڕە پارەیەک هەیە کە بدرێتە خێزانەکەی بۆ ئەوەی پێداویستی ڕۆژانەیان هەر نەبێت بۆ ماوەیەک دابین بکات، ئەوسا من و مامۆستا فەرهاد (١٠٠٠) هەزار دیناری عێراقی ئەو سەردەمەمان بۆ دابین کرد واتا هەر یەکەو(٥٠٠) دینار[5].

دواتر و بە دیاری کراوی لە ساڵی ١٩٨٠دا هەردوو هاوبیر شاریان بەجێ هێشت و ڕووەو شاخ ملی ڕێیان گرتە بەر، بە گەیشتنی ئەمان، هاوبیرانی شاخ و پێشمەرگە دلێرەکانی پاسۆک، گرو تینی زۆریان بە

[5] ئازادمستەفا پێش دەرچوونی بۆ شاخ بۆ بینینم هاتە کەرکوکء لەماڵمان چاوەرێی دەکردم چونکە من لە دەرەوە بوومء کاتێ شەو گەڕامەوە پێکەوە بە دورودرێژی باسی پێویستی چوونی بۆشاخء بڕیاردانی، کە وا بڕیار بوو بە زوترین کات لە گەڵ مامۆستا(فەرهادعبدالقادر) بچنە دەرەوە ، ئەو سەردانەشی جگە لەوەی کە خواحافیزی بوو زۆر شتیشی دەربارەی هەلوێستی خۆی روون کردەوە.

بەردا هات و لەو ساتەوە کارکردن و چالاکی و خەبات چوونە قۆناغێکی ترەوە،

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە وتەیەکی کاک (جەلالی حاجی حسین) بکەم کاتی چاو پێکەوتنەکەمان لە سلێمانی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوو، دەیووت: ئەگەر ئێوە بێنە شاخ ئەوا بەچاوی خۆتان دەبینن ئێمە دەبینە خاوەنی گۆرەپانەکە، رەنگە ئەمەش ئاماژەیەک بێت لەلایەن ئەو هاوبیرەوە کە دەتوانێت لە رووە سەربازییەکەوە کاروبارەکان بەڕێوە بەرێت بەڵام پێویستی بە کەسانی لێهاتوو هەیە لە رووی کاری ساسییەوە تا بتوانێت لەو رووەوە رۆلێکی کاریگەر بگێڕن.

هەڵبەتە کاتێک کە ئەو دوو ئەندامە سەرەکییەی سەرکردایەتی دەچنە شاخ، هەموو کاروبار و بڕیارە گرنگەکانی حیزب کە لە شاخەوە دەردەچن دەگرنە ئەستۆ و کاروبارەکانی ناو شاریش بۆ من جێدەهێڵن،

لەو سەردەمەدا کە مۆبایل و ئەنتەرنێت نەبوون پەیوەندییەکان لە ئێستا خاوتر بوون و لە ڕێی تەتەرەوە یان هاتوچۆکەرەوە دەمانتوانی نامە لە نیوانماندا ئالوگۆڕ بکەین،

بەشێک لەوانە کەسوکاری هاوبیرانی خۆمان بوون کاتێ دەچوونە سەردانی کوڕەکانیان.

هەر چەندە لەو ساڵەدا واتا ١٩٨٠ی زاینی چەند هەنگاوێکی پۆزەتیف نراو رێکخستنەکان و کاروبارەکان بەرەو پێشەوە چوون، هەروەها هەنگاو نرا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی ناو خۆیی و دەرەوەی پاسۆک پتەو تر بکرێت، بەڵام لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ناکۆکی کەوتە نێوان هەر یەکە لە (ئازاد مستەفا) و (فەرهاد عبدالقادر)ەوە، دواجار کاک فەرهاد کوردستانی بەجێ هێشت و لە رێی ئێرانەوە خۆی و خێزانەکەی گەیشتنە وڵاتی سوید و لە ستۆکهۆڵم گیرسانەوە.

ئەوەندەی من ئاگادار بم، مامۆستا فەرهاد پاساوی خۆی هەیە بۆ ئەو راستییەی کە بووە هۆی واز هێنانی لە خەباتی سیاسی و جێهێشتنی گۆرەپانەکە و پشت کردنی لە هاوبیرانی، ئەوەی دەربارەی شەهیدی سەرکردە (ئازاد مستەفا)ش، وەکو هاوبیرێکم کەسایەتیم خوێندبێتەوە، کەسایەتییەکی بەتواناو لێهاتوو و دلسۆز بوو. ئەم پیاوە لە ساڵانی هەشتا و یەک بەدواوە هەتا کۆچی

دوایی لە ساڵی ١٩٨٩ لە سوید تەنها خۆی لە گۆرەپانەکەدا وەک رابەرێکی بیری نەتەوەیی مابۆوە. واتە هەموو کاری رێکخستن و پەیوەندییە ساسییەکان و راگەیاندنی.. هتد، گرتبووە ئەستۆی خۆی لەبەر ئەوەی کەسێکی تر لە ئاستی سەرکردایەتیدا نەبوو کە هاوشانی ئەو پیاوە بێت[6].

مامۆستا (عەسمان رەشید) کە ئەندامی سەرکردایەتی کاتی کاژیک بوو هەتا بەهاری ١٩٧٥ ، جارێکیان بۆی گێڕامەوە کاتێ لەسلێمانی دەرچۆتە دەرێ و لە رێی چونیدا بۆ ئێران، چاوی بە کاک ئازاد کەوتووە لە گوندی (گاپیلۆن) و زۆر بۆی بیتاقەت بووە و کا کاک ئازادیش نارازیبونی خۆی لەوە دەربڕیوە کە تەنهایە و کارێکی زۆری بەسەرەوەیە هەر خۆی بە سەر هەموو کارەکاندا رادەگات، لەوان نوسینی کۆمەڵێ بابەت بۆ بڵاوکراوەکانی پاسۆک لە شاخ بۆ نمونە (ئاڵای سووری کوردایەتی) هەروەها نوسینی چەندین بەیاننامە و بابەتی تر کە بە زۆری هەر خۆی دەینوسین و ئامادی دەکردن، هەروەها دەریخستووە کە بیتاقەتە، ئەمە جگە لەوەی کە نەخۆش بووە و تووشی سەرئێشەیەکی توند بووە،

لەو دەمەشدا کە ئازاد مستەفا لە ئەوروپا بوو لە یەکێ لەو چالاکییانەی ئەو کاتە لەوێ کراوە کۆبونەوەی لە گەڵ ئەندامانی (سۆکسە) کە لەو کاتەدا نزیکەی سەد ئەندامی هەبووە، بەڵام بە هۆی جیاوازی راو بۆچون و بیرکردنەوەوە لە سەر زۆر کار و تاکتیکی رۆژانە وایکرد لێکتر رەنجان و دوورکەوتنەوەی بەدوادا بێ. خەڵکەکەش تاکوتەرا نەبێ ئەوەندەیان لە دەور نەما.

لێرەدا ئازاد مستەفا پشت ئەستور بوو بەو خەڵکانەی کە لە پاسۆک کاریان دەکرد و لە ناو رێکخستنەکەدا بوون بە تایبەتی هەندێ لە پێشمەرگەکان، لە کاتێکدا هاوبیر د. جەمال نەبەز نازی ئەوەی دەکرد کە یەکێکە لە رابەران و دامەزرێنەرانی (کاژیک) هەرواش بیرمەندێک و سیاسەتوانێکی رێبازی کوردایەتی و بیری نەتەوەییە،

---

(6) وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد کە چەندین هاوبیری لێهاتوومان هەبوو لە رووی سەربازییەوە و هەروا لەرووی کاری سیاسی و پەیوەندییەکان و رێکخستنەوە ، بەڵام هەندێکیان تا سەر لەگەڵ خوا لێخۆشبوو ئازاد مستەفا نەمانەوە، هەر بۆیە کۆچی دوایی ئەو هاوبیرە غیابی کەسایەتی ئەو سەرکردە لێهاتووە بووە هۆی ئەوەی پاسۆک گورگان خوارد بکرێت،

بەراستی نەدەبوایە ئەو دوو هاوبیرە ئەوەندە لە گەڵ یەکتــــر رەق و گردەبـــڕ بوونـــــایە دەربـــــارەی دیـــــدو بۆچونەکانیـــــان کە دەرئەنجامێکی خراپـی هەبـوو نەک تەنهـا لە سەر پاسۆک بەڵکو لە سەر بیـری نەتەوەیـی بەگشتی..

لە سەر داوای هاوبیر (ئازاد مـستەفا) لەرێـی هـاوبیر (مـژدە تـاهیر)ەوە لە مـانگی ئـابی ســـالّی ١٩٨٤ ســـــەردانێکی بارەگـــای سەرکردایەتی (پاسـۆک)م کـرد کە لە شـاخی ســـورێن بـــوو، لە مـــاڵی مـــژدە تـــاهیر کە ئەنـدازیار بـوو لە بەرێـوەبەرایەتی ئەوقـافی پارێزگای سلێمانی، دوای ئەوەی لە مـاڵی ئەو هاوبیرە (کفتەی سلێمانی)مـان خـوارد بەرەو ســـورێن کەوتیـــنە رێ، لە پێـــشدا بـــۆ (سیدسادق) لەوێشەوە (جێب)ێکمـان بە کـرێ گرت گوایە بمانگەیەنێتە گونـدی (شـیرەمەڕ) کە دوا گونـدی ئـاوەدان بـوو لە سـەر رێمـان بەر لە گەیشتنمان بۆ سورێن کە دوا قۆنـاغی گەشـتەکەمان بـوو دەبـوایە بە پـێ بیبـڕین، پێش گەیشتنمان بە گوندی شیرەمەڕ و دوای ئەوەی جـادەی قیرمـان بـۆ مـاوەیەکی کەم بەجـێ هێـشت (جێـب)ەکەمـان چەقـی و شۆفێرەکە پێی گوتین ئا ئەوە (شیرەمەڕە) و بە پـێ بـۆی بچـن، لە راسـتیدا وەختێکـی ویست تا گەیشتینە ئەو گوندە، دواتر لە گەڵ تاریکوڕووندا بەرەو شـاخی (سـورێن) ملـی رێمـــــان گــــــرتە بەر، دوای رێکـــــردن و ماندوبوونێکی زۆر گەیشتینە پێـشمەرگەکانی پاسـۆک، دوای ئەوەی دلنیـا بـوون لێمـان و دیـــاریش بـــوو کە لەو دیـــدارەی کە بـــۆی هـــاتبوین لە گەڵ هـــاوبیر ئـــازاد مـــستەفا ئاگـــــاداربوون، دوای پـــــشوویەکی کەم و خواردنەوی هەندێ ئـاوی گەرم جـارێکی تـر کەوتیـنەوە رێ بەرەو بارەگـای کـاک ئـازاد. لەوە دەچوو لە دامێنی چیـای سـۆر بێـت، بە هەر حاڵ گەیـشتینە لای کـاک ئـازاد، پـاش مـــاچوموچکردن و ئەحـــوال پرســـین و پـشوویەکی کـورتی تـر و نـانخواردنێکی سادەی پێشمەرگایەتی و هەندێ باسوخواسی گشتی، لەسەر پێشنیاری (ئازاد مستەفا) تەنها هەردوکمان پێکەوە چوینە نێـو ئەشـکەوتێک هەر بەرامبەر خۆمان بـوو، ئەشـکەوتێکی تـا رادەیەک گەورە و تۆزێـک شـێدار بـوو، ئەو شەوە تا رۆژ بووەوە کێچ نەیهێشت بخەوین، لە نـــاو ئەشـــکەوتەکەدا چەنـــدین کـــۆمەڵ و بـابەتی چاپەمنیەکـانی (پاسـۆک) بەر چـاو دەکەوتـــن، بەرەبەیـــان دوای ئەوەی بـــۆم

دەرکەوت کە (کـیژ) نــاهێڵێ بـخەوم، ویــستم چـاو بەهەنــدێ لەو بڵاوکــراوانە بخــشێنم و هەندێکیان بخوێنمەوە.

چەنـــــد ســــــەعاتێکی ئەو شـــــەوە بـــــۆ هەڵـــسەنگاندنی هاوبیرانمـــان - ڕێـــڕەوی (پاسۆک)

کاک ئازاد زۆر بە بایەخەوە باسـی هـاوبیر( فەرهاد عبدالقادر) و سەفەرکردنی بۆ ئەوروپا و توڕەبــوونی نەدەکــرد، بگــرە زۆر زیــاتر باسی مـولازم (مەنـسور)ی دەکـرد کە چۆن توڕە بـووە گـوایە ئەو ژوورەی بـۆ خـۆی و خێزانەکەی دروست کرابوو دلـۆپەی کـردووە و ئەو شوێنەی جێهێشتووە.

ئەوەی شایانی باسە هـۆی نـاردنی هـاوبیر (ئـازاد مـستەفا) بە دوای منـدا ئەوە بـوو کە داوای لێ کـردم بـبمە نـوێنەری (پاسـۆک) لە (تاران). منیش بەڕاستی ئەو کـارەم پەسـەند نەکــرد چــونکە مــن پــێم وابــوو ئەگەر ئەو پێویستی بە مـن بـوایە ئەوا دەبـوایە لە گەڵ خۆیدا لە شاخ وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی کار بۆ پاسۆک بکەم و ڕۆڵی خۆم بگێڕم.

ڕۆژی دوای ئەوش هەر لەوێ ماینەوە چـونکە ئەبـوایە تەنهـا کـاتی خـۆر لە زەردە رووەو شــار بگەڕێیــنەوە، نزیکــی خــۆر لە زەردە پێـشمەرگەیەکیان تەرخـان کـرد تـا مەرزەکە بمانگەیەنێت (واتا سـنوری نێـوان ئەوان و رەبایەکانی رژێم) بەڵام لە گەڕانەودا رێیەکـی ترمان گرتە بەر نەک ئەو ڕێگەیەی کە پێیـدا هاتین، چونکە مەترسی ئەوە هەبوو تەقەمـان لــێ بکــری، نەک لە لایەن رژێــمەوە بەڵکــو لەلایەن هێــزی پێــشمەرگەی یەکــێ لە لایەنە کوردستانییەکانەوە، دوای ئەوەی مەرزەکەمان جێهێشت بە دوو قۆناغ گەیشتینە سەر جـادە قیــڕەکەی نێــوان هەڵەبــجە و ســلێمانی لە ناوەڕاســـتی رێ لە چایخـــانەکەی گونـــدی (شــــیرەمەڕ) بـــۆ جـــاری دووەم و دوای پـشویەکی کـورت کەوتیـنە رێ بەرەو جـادە گشتییەکە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی. لەڕاسـتیدا کاتێـک گەیـشتینە قەراغ جـادەکە سەرەتای شەو بوو و ئـێمەش لە چـاوەڕوانی ئۆتۆمبیلـــدا بـــووین، ئەونـــدەی نەبـــرد لە رەبایەکـانی دەوروبەرەوە لە هەمـوو لایەکەوە تەقەمـــان لێکـــرا، جـــا نـــازانم بە نیـــازی ترســـاندنمان بـــوون کە بەو شـــەوە لەســـەر جـادەکە وەسـتابووین یـان هەر مەبەسـتیان

ئـێمە بــوو، بە ناچــاری بەرەو گونــدێکی بەرامبەرمـــان رامـــان کـــرد، لە یەکەم مـــاڵ پرسـیاری مزگەوتـی گونـدەکەمان کـرد بـۆ ئەوەی ئەو شەوەی تێـدا بەرینـە سـەر، بەڵام خاوەنمـــاڵەکە رازی نەبـــوو لە مـــزگەوتەکە بمێنینەوە و سور بوو لە سەر ئەوەی مێـوانی ئەو بـین، بەڕاسـتی خزمەتێکـی کـوردانەی تێرو تەسەلی کردین و بەو شـەوە خـواردنی (شام)ی بۆ سـاز کـردین و شـەویش لە نێـو جێوبانێکی پاک و پوختەدا رۆژمان کـردەوە و قاوڵتیمان کرد و دواخواحافیزمان لەو مـاڵە بەپێزە کرد و دووبـارە بەرەو جـادە قیـرەکە کەوتیــنەوە رێ و ســواری یەکەم ئۆتۆمبیــل بووین کە بـۆی راگـرتین، لە گەڵ شـۆفێرەکە رێککەوتین بمانگەیەنێتە سلێمانی، لە وێشەوە لە کاک (مژدە تاهیر) جیـا بـوومەوە و بەرەو کەرکـوک شــارە خۆشەویــستەکەم گەڕامەو، شایانی باسە ئەو هاوینە مامۆستا پیاوەکـانی کەرکوکیان بردبوون بـۆ(الجـیش الـشعبی) و رەوانەی سنوری سێگۆشەی (ئێران و عێـراق و تورکیـا) کرابـوون، ئەوانەی کە ملیـان بـۆ ئەو بڕیارەی رژێمی ئەوسای بەعس نەدابوو، ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێـپەڕ نەدەبوو، لەم سـۆنگەیەوە سـەرەتا مانگـانەی دوو مانگیـان نەداینـێ، بەڵام دواتـر بە پێـی پاشـگەزبونەوە مانگانەکانیـان بـۆ سـەرف کـــردین، ئەمەش هەڵوێـستێکی چـاکی ئەو چەند کەسە بوو بەرامبەر بەو رژێمە فاشـییە، هەروەها جێی شانازییە.

نـزیکەی ٢٣ کـاتژمێر لە(سـورێن) مـاینەوە، چاومان بە ژمارەیەک پێشمەرگەی (پاسـۆک) کەوت، کاتێ بە ناو پرسـیاری هەنـدێکیانمان کرد وتیان لە جەولەدان. ئەو شـەوەش کـاتێ مێـوانی ئەو مـاڵە بـووین، خـاوەن مـاڵ زۆر بەرێزەوە باسی پێشمەرگەکانی پاسـۆکی بـۆ کـــردین کە لە هەمـــوان رێکـــوپێکترن و جیاوازییـــــان هەیە لە گەڵ پێـــــشمەرگەی لایەنەکانی تردا.

زۆر جـــار هەیە ئـــێمەی کـــۆنە پاســـۆک رووبەرووی پرسـیارێکی گرینـگ دەبیـنەوە ئەویش ئەوەیە: ئەگەر (پاسـۆک) ئەو حیـزبە نەتەوەیـــیەیە کە بـــۆ هەمـــوو کـــوردە لە کوردســـــــــتانی گەورەدا، ئەی چـــــــۆن پێشمەرگەکانی یەک دوو جـار لەشـەری بـرا کوژیـدا تێـوە گـلان، کە پـێچەوانەی بیـر و بۆچوونی بیری نەتەوەییە. لە وڵامدا دەڵێـین کە (پاسۆک) یەکەم حیزبی کوردستانی بـوو

کە داوای دروسـتکردنی بەرەی کوردسـتانی کـرد و زۆریـشی کـار بـۆ کـرد، هەمیـشە چـالاکییەکی بەر چـاوی هەبـوو لە نزیککـردنەوەی بۆچـوونە جیاوازەکـانی حیـزبە کوردسـتانییەکان. گەر تەماشـای مێژووی پاسۆک بکەین دەبینـین ئەم حیـزبە دورترین لایەنە لە کوردکوشتن و شەڕی بـرا کـوژی و دەسـتچوونە خـۆێنی پێـشمەرگە، ئەگەر لێرەولەوێ جارێ دووجـار ڕووی دابـێ ئەوا پەرچەکـرداری بەرگریکـردن بـووە لە خۆمـان دژی پەلامـاردانی لایەن و حیزبـی تری کوردستانی بـۆ سـەر پێشمەرگەکانمان یان بارەگاکانمان.

دڵنیـام کەس نـاتوانێ تەنهـا یەک بەڵـگە بێنێـتەوە کە پێـشمەرگەی (پاسـۆک) دەستپێشخەر بووبێ لەو شەری خۆکـوژییەدا کە لە دژی ئێمە روویان داوە،

هەرچەنـدە پێـشمەرگەی (پاسـۆک) لە ڕووی چەنـدایەتییەوە ژمارەیـان کەم بـووە بە بەراورد لەگەڵ پێشمەرگەی یەکێتـی و پـارتی بەڵام لە ڕووی چۆنیەتییەوە جیگای شـانازی بوونە بۆ هەست و بیـری خەڵکـانی سـەر بە بیری نەتەوەیی. ئەوە ئەوان بوون کە دەست پێشخەر بوون لەوەی کە کورد دەبێ خاوەنی دەوڵەت و سـەروەری خـۆی بێـت، لە ڕووی چـالاکی سەربازیـشەوە دەیـانزانی چـۆن گورزی گورچکبڕ لە دوژمـن دەوەشێنن، بـۆ نمونە یەکێ لەو چالاکییە گرنگانەی پاسـۆک دەسـت بەسـەرا گرتنـی بەشـی نـاو خـۆیی قوتابیانی زانکۆی سلێمانی (دارالطلبە)بـوو لە پاڵ گردی سـەیوان، پێـشمەرگەکان توانییـان بۆ ماوەی زیـاتر لە دوو کـاتژمێر کـۆنترۆلی بەشـە نـاوخۆییەکە بـکەن و نـزیکەی ٢٠ قوتـابی بەعـسی عەرەبـی عیراقـی و یەک دوانێکـی تـری وولاتـانی عەربـی لە گەڵ خۆیانـدا راپێچـی سـەرکردایەتی پاسـۆک بکەن، ئەمیش بووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی هەمـوان بـۆ لای پاسـۆک و لە کانـاڵە جیهانییکـانەوە لێـدوان و شـیکاری زۆری بـۆکرا، لە هەمـان کاتـدا بە هـۆی هـاتنی خانەوادەی قوتـابیە عەرەبەکـانەوە لە هەمـوو شارەکانی ناوەراست و باشوری عێراقەوە بۆ زانکـۆی سـلێمانی و فشارخـستنە سـەر سەرۆکایەتی ئەوسای زانکۆی سلێمانی و بەر پرسانی حیزبی و حکومی، رژێمی بەعـسیان ناچـار کـرد لە گەڵ سـەرکردایەتی پاسـۆکدا بکەوێـتە گفتوگـۆ لە سـەر چارەنوسـی ئەو

قوتابییـانە، هەر ئەمەش بـوو وای لە رژێمـی بەعـس کـرد بـۆ پارسـتنی ئەو قوتـابی و مامۆسـتایانەی کە کاریـان بـۆ رژێـمەکەی دەکرد، بەجدی بیـر لەو مەسـەلەیە بکـاتەوە، هەر بۆیە بریاری دا بۆ ساڵی داهاتوو زانکۆ بەرەو شاری هەولێر بگـوازێتەوە و نێویـشی گـۆڕی بـۆ (زانکـۆی سـەلاحەدین) ئەمەش دواتر بە خێـر بـۆ کـورد و مەسـەلە ڕواکەی شـــکایەوە، چـــونکە هەر ئەو ســـاڵە خۆپیـشاندانێکی گەورە ڕووی دا و مـاوەی هەفتەیـــــک بەردەوام بـــــوو، ئەمەش وەڵامدانەوەیەکی بەهێز بوو بـۆ دوژمنـان کە قوتابیانی کورد کۆنترۆل ناکرێن. هاوبیرانی پاســۆکیش لە زانکــۆی ســەلاحیددین، لەو خۆپیشاندانەدا رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو.



ئازاد مستەفا



**باوەڕ بکەین یا نەیکەین، خودا بوونی هەیە، چونکە گەردوون هەیە. بوونی خودا ڕاستییەکە لە گەردوونەوە سەرچاوە دەگرێ. بە واتا، ئەو سنوورە فرەوان و بێکۆتاییە سەرسوڕهێنەرەی گەردوون، خۆی لە خۆیدا سەلماندنی خودایە.**

**مەنسووری حەللاج دەڵێ: خودا لە هەموو شتێکدا بەدی دەکەم. ماکس مۆلەریش دەڵێ: هەر کەسێ بە دوای یەک دیندا بگەڕێ، دیندار نییە.**

## باسی میدیییەکان لە کتێبە ئاسمانییەکاندا

**عەزیز عوسمان**



میدیا هەرێمێکە، مێژوویەکی دوور و درێژی پڕ لە سەروەری بۆ ئێمە و گەلانی ناوچەکە تۆمار کردووە. میدیا ناوەند و مەڵبەندی کۆنترین شارستانەتییە و هەرێمێکی گرنگی خاکی ئێران بووە. ئەگەر بە وردی سەرنجی مێژووی کۆنی ئێرانی بدەین، بەتایبەتی مێژووی ئایین، بە ئاشکرا شوێنپەنجەی کوردانی میدی بەزەقی پێوە دیارە. ئاشکرایە "ئاریان زەمین" وڵاتێکی بەرین و فراوانە، کوردیش لەو نێوەدا پاشخانێکی شارستانەتی و مێژوویی و کەلەپووری بەرچاوی خۆی هەبووە. زیادە ڕۆیی نییە گەر بڵێین: کوردستان ناوەندی سەرهەڵدانی یەکتاپەرستی و داهێنەری چەمکی خودا ناسین بووە.

دکتۆر احمد سوسە لە کتێبەکەی (العرب والیهود فی التاریخ ل ٢١٣)دا دەڵێ: "هوریەکان (خورییەکان) کە بنەمای سیاسەتی دەوڵەتی میتانیان دارشت، لە

نیـــوەی هەزارەی ســێهەمی .پ.ز. توانییـــان (فەلەستین و ناوچەکـانی تـری فینیقـی)یـش بخەنە نێو چواچێوەی قەڵەمڕەوی خۆیـانەوە. لە (تەورات)یش، نێـوی هورییەکـان لە (سـفر التكوين) بە (حوریـون، حورتیـون) هـاتووە، ئاماژە بە هەندێکیشیان کراوە کە لە خواروی ڕۆژهەڵاتـی فەلەسـتین لە نـاوچەی (سـعیر) نیشتەجێ بوون". هەڵبەتە ئەم دەرئەنجامەش، ڕێخۆشـکەر بـووە بـۆ کـرانەوەی نەریـت و کەلتـــورو فەرهەنـــگ و ئـــاینی میترایـــی (خۆریەرستی) بە ڕووی میسری فیرعەونیـدا پێش هاتنە دونیای حەزرەتی(موسـا) و سـەر هەڵدانی ئایینی جولەکە.

تۆژینەوەکانی ١٩١٢ی (تل العمارنه)ی وڵاتـی (میسر)یش، کـۆمەڵێ زانیاریمـان بـۆ پـشت ڕاست دەکەنەوە کە (نڤەرتیتی) شاژنی میسر، هەر ئەو (تاتۆ هیپـا)یەی کچـی (توشـراتا)ی پاشـــای هـــورییە کە لە ســـاڵی ١٣٦٠پ.ز. شـــووی بە (ئـــامون حەوتـــەب)ی چـــوارەمی فیرعەونی میسر کردۆتەوە،

(گریفت) شارەزا لە زانستی ئـایینی میـسری کۆن و مامۆستا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، دەڵێ: (ئـامون حەوتـــەب)ی چـــوارەم بەهـــۆی ئەو کـــاریگەرییەوە کە (نڤرتیتـــی) هاوســـەری لە ســـەری هەبـــوو، لە ئـــایینی پێـــشوی خـــۆی (ئامون) وەرگەراو ئـایینی میهرپەرسـتی واتە (ئـــاتون)ی پەســـەند کـــرد، نازنـــاوی (ئـــاخن ئاتون)یـشی بـۆ خـۆی هەڵبـژارد، ئەمەش بە بۆچـــوونی (گریفـــت) بە شۆرشـــێکی ئـــاینی دەژمێـــردری‌و هیچـــی کەمتـــر نەبـــووە لە گواســـتنەوەی بتپەرســـتی بـــۆ مەســـیحیەت. (گریفت) دەڵێ: ئەم بیـرۆکەیە، واتە میترایـی (خۆرپەرســـتی) کە تاتۆهیپـــا (نڤرتیتـــی) و شازادەکانی (هوری میتانیی) لە گەڵ خۆیاندا لە (کوردســـــتان)ەوە هێنابوویـــــانە میـــــسر، ئاســـۆی بیرێکـــی نـــوێی بـــۆ میـــسرییەکان کـــردەوە"[1]. هەر ئەمەش بـــووە هۆکـــاری گەڕانـــــی میـــــسرییەکان بە دوای چەمکـــــی یەکتاپەرستی و دور کەوتنەوەیان لە پەرستنی بتەکانی (ئامون و رع و.. هتد).

پاشـــان، ســـەدەونیوێک دواتـــر، حەزرەتـــی (موسا) دوای گەڕانەوەی لە خـاکی (میـدیەن) لە ( ١١٨٣-١٢٢٣)پ.ز بۆ میسر، دەسـتیکرد بە بانگەشە بۆ پەیامی ئایینی جولەکە.

لە (تەورات)دا واتە (عهدالقديم)، چەندین جـار نێوی میدیا (میدیەن) هاتووە، لە(سفرالتكوين ١٠.٢)، [ ايها الملك وامـض الكتـابه لكـى لا تتغيـر كـشريعه "مـادى و فـارس" التـى لا تنسخ. دانيال:٨/٦] واتە: ئەی کۆرشی پاشـا، درێژە پێدەرو پارێزەری دەقە ئایینیەکـان بە، تـــاوەکو دەســـکاری نەکـــرێ، وەکـــو چـــۆن شەریعەتی (ئاینی) مادی و پارس بە نەگۆڕی ماوەتەوە، لیرە دا بێگومان دانیال مەبەستی لە

---

[1] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری- د.جمال رشيد-ل٢٥٩

شـــەریعەتی مـــاد وپـــارس (ئاڤێـــستا)یە. ئامـــاژەیەکی تـــری (دانیـــال)ی پەیـــامبەر لەم (سفر)ەدا بە نەتەوەی (مـاد) پـێش فـارس، لە بەردەمی (کۆرش)ی هەخامەنشیدا، بـۆ خـۆی گەواهی ئەوەیە میـدییەکانی باپیرانی کـورد خواناس و خاوەن کتێبی ئاینی بوون.
لە زۆر شوێنی تری کتێبـی پیـرۆز (پەیمـانی کـۆن)دا، هەنـدێک لە پەیـامبەرانی جـوولەکە پێشبینی روخانی پایتەختی ئاشـورییەکانیان لە سـەر دەسـتی (میـدی)یەکـان کـردووە و ئاماژەشـیان بـۆ هەسـتانەوەی میـدییکان و کەشەســـەندنی ئیمپراتۆریـــایەکی گەورەی هەخامەنـشی کـردووە کە لە داهـاتوودا روو دەدەن، بـۆ نمـونە [ناحـــوم ۷/۳ پێـشبینی روخـانی نەیـنەوای کـردووە، ارمیـا ۱۱/٥ جەخـــت لـــە ســـەر ئـــەوە دەکـــاتەوە کە (میـدی)یەکان (بـابـل) داگیـر دەکـــەن و دەیخەنە ژێیر رکـێــفی خـــۆیانەوە، دانیـال ۲۸/٥ دەڵـــێ: میـــدییەکان و پارســـەکان، ئیمپراتـــۆریەکی گەورە دادەمـــزرێنن.]!. لە مێژووی کۆنی یەهودیدا (عهد القدیم) الملـوک الثـاني٦/۱۷، ئـاوا نوسـراوە : [ فـی الـسنه التاسعه لهوشع، اخذ ملک اشـــور، السامره و سبی اسـرائیل الـی اشــــور، واسـکنهم فـی حلج و خابورنهر جوزان و فی مـدن مـــادی "میدییا"].
ســـابئەی (مەنـــدائی)ش لە کتێبـــی (هەران گەوەیتە)دا، زۆر بە روونی باسـی کـۆچی بە کـۆمەڵی (٦٠هەزار) مەنـدائی لە رۆژئـاوا بـۆ وڵاتـی (میـدیا) دەکـات، ئامـاژە بـۆ ئەوەش دەکـــات کە خەڵکـــی میـــدیا زۆر بەرێـــزەوە وەریـــان گرتـــوون و جێیـــان کـــردونەتەوە، لە (گنزا)ش کتێبی هەرە پیرۆزی مەنـدائییەکان، ئاشـــکراتر باســـی هۆکـــاری کـــۆچی (مەندائی)یەکان بۆ میدیا و نێوان دوو روبار کراوە[2] سـەرچاوە مێژووییەکـان هـاوڕان لە ســـەر ئەوەی کە ئاشـــوریەکان، لە نیـــوەی یەکەمـــی هەزارەی پ.ز، بە دەیـــان هەزار (جـوولەکە)یـان بە دیلـی بەرەو ناوچەکـانی وڵاتی (ماد) راپێچ کردووە، دواتـریش لە دوو پەلاماری (نەبۆخودنەسر)ی پاشای کلـدانی لە ســـاڵی ٥۷۹پ.ز و ٥۸٦ی پ.ز، کە کـــردیە ســـەر ئۆرشـــەلیمی مەملەکەتـــی یەهودیـــا لە فەلـستین، بە هەزاران جـــووی کوشـــتوە و زۆریشی بەدیلی راپێچی بابل کردوە، هەمـوو گەنجیـــنە بە نرخەکـــانی (ئۆرشـــەلیم)یـــشی بەتاڵان بردوە، دواتر (هەیکەلەکەی سولەیمان - Temple)یـــشی وێـــران کـــردوە، کە سـیمبول و نمـادی بەنـی ئیـسرائیلە. دوای روخانی دەسـەڵاتی کلـدانییەکان، ئەو جـووە بەدیلگیـــراوانە، کە (دانیـــال)ی پەیـــامبەر و هاورێکانیشی تێدا بوون، کەوتنە بن دەسـتی میـدییەکان و دواتـریش هەخامەنـشییەکان.

---

[2] سابیئە مەندائییەکان شاسوار خ.هەرشەمی ل۲۳

کۆرشی هەخامنشی لە ساڵی (٥٣٩-٥٣٨)ی پ.ز، توانی دەست بەسەر بابلدا بگرێ و فەلەستین و سوریاش بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ جووەکان، بارودۆخێکی باشیان بۆ رەخسا و بەشێکیان گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان لە فەلەستین، ئەوانەشی کە مانەوە لە بابل و ناوچەکانی نێوان دوو رووبار، هەستیان بە ئارامیو ئاسودەییەکی تەواو دەکرد، کۆرش ئازادییەکی ئایینی تەواوی بۆیان فەراهەم کردبوو، جگە لە مانەش، کۆرش بریاڕی دا بە گەڕانەوەی هەموو ئەو زێڕ و گەنجینانەی کە کلدانییەکان بەتاڵانی بربوویانە بابل، هەروەها هەیکەلەکەی (ئۆرشەلیم)ی لە فەلەستین لە سەر بودجەی شاهانەی خۆی نۆژەن کردەوە، کە لە ساڵی (٥١٥)ی پ.ز لە سەردەمی داریوش (دارا)ی یەکەمی هەخامنشی تەواو کرا. ئەو کۆچ و رەوە بەردەوامانەی (جووەکان) لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کۆندا، لە نێوان ئاریانزەمین و وڵاتی خۆیاندا، جا چ بەهۆی بە دیلگردتن و راپێچکردنیانەوە بووبێ، یا بۆ بازرگانی کردن بە رێگای ئاوریشمدا، وای کردبوو، جۆرێک لە پەیوەندی و ئاڵوگۆری ئایینی لە نێوانیاندا بێتە ئاراوە. ئەگەر لە ئایینە ئارياییەکانی وەک میترایی و زەردەشتی و مانی و مەزدەکی ورد بینەوە و لە گەڵ ئاینی یەهودی و مەسیحیدا بەراوردی بکەین، ئەوا زۆر خاڵی هاوشێوە و لێکچووی ریشەیی و بنەڕەتیمان لە نێوانیاندا بەرچاو دەکەوێت. مێژووناسان پێیان وایە: بیرۆکە یان تێزی رزگارکەری جیهان (مهدی المنتظر) لە لای جووەکان، دوای روخانی دەوڵەتی یەهودی و بە دیلبردنیان بۆ بابل لە (٥٨٩پ.ز) سەری هەڵداوە. واتە "رزگارکەری جیهان" کە هەمیشە لە خەیاڵ و ئەندێشەی جووەکاندا بووە، خۆی لە بنەڕەتدا بیرۆکە و تێزێکی زەردەشتییە، وێنە و شێوە و کەسایتی ئەو رزگارکەرە (المخلص المنقذ)، سەرەتا بە ناوی سۆشیانت لای (مۆغ)ە زەردەشتییەکان سەری هەڵداوە[3]. هەر بۆیە لە کاتی نوسینەوەی (تەلمودی بابلی)دا[4].

حاخام و ئەحبارەکانی یەهودی، نەیانتوانی خۆیان دورەپەرێز بگرن لەو کاریگەرییەی "ئایینی زەردەشتی" کە بە سەریانەوە بوو. (تەلمود)یش بۆ دواجار، لە بابل و لەژێر سایەی ئیمپراتۆری ساسانی و لە سەردەمی قوبادی یەکەمدا ساڵی (٤٩٠پ.ز) کاری کۆکردنەوە و نوسینەوەی بۆ کرا و لە ساڵی (٥٣١پ.ز) تەواو کرا کە لە ٥٨٩٤ لاپەڕ

---

[3] د.احمد سوسه (العربواليهود فى التاريخ ) ل ٦١

[4] تلمود: بەو کتێبانە دەوترێت کە سەبارەت بە یاسا و شەریعەتی جوولەکە لە لایەن (ئەحبارو خاخام)ەکانەوە لەچەند قۆناغێکی مێژووی جیاوازدا نوسراون، کە دواترینیان بە تەلمودی بابلی بە نێو بانگەو بۆ دواجار لە سەردەمی ساسانییەکان لە بابل نوسراوەتەوە

پێکهاتبوو، کە بە (تەلمودی بابلی) بەنێو بانگە و تا ئێستاش جووەکان پشتی پێ دەبەستن.

(ئارتۆر کریستەنس لە کتێبەکەیدا: ئێرانی سەردەمی ساسانی ل٤٥) دەنووسێ: "تەواوی ئەو بیروباوەڕانەی کە تایبەت بوون بە ئایینی مەزدایی ئێرانی، خزانە نێو بیروباوەڕی ئایینی ئاسیایی بەرایی و دواتر یۆنانی و پاشتریش ڕۆمانی".

(فرانس کۆمۆن)یش لە کتێبەکەی (نهێنییەکانی ئایینی میترایی ل٣٣)دا دەڵێ: کەلتوری ئاریایی (ئێرانی)، هەرگیز خووی یۆنانی لە خۆی نەگرت، بەڵکو ئەوە یۆنان و دواتریش ڕۆمان بوون کە بەرەو پیری کەلتوری (ئاریا)یی هاتن، فەرهەنگ و شارستانەتی یۆنانی و پاشانیش ڕۆمانی، بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانی لە هزری ئێرانیەکاندا شوێنێک بۆ خۆیان بکەنەوە.

کەواتە بە پێی بۆچوونی زۆربەی مێژووناسان و شارەزایانی بواری ئاینی کۆن، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە یەکەم پەیڤی وابەستەبوون بە چەمکی یەکتا پەرستی لەم سەرزەمینەدا سەری هەڵداوە، واتە ئەندێشەو هزری مرۆڤ، لە (ئاریا)دا و لە کوردستاندا ئاوێتەی یەکەم ئەفسانە و ئوستورەی بەدیهاتن و ئافراندن بووە.

ئاینی میترایی، کۆنترین ئایینی گەلانی"ئاریا"یە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین، بۆ یەکەمین جار بیرو باوەڕی میترایی(میهری) لەساڵی(٦٨)ز، لە ئاریانزەمینەوە، پەریوەتەوە و گەیشتۆتە ئەوروپا، لە ساڵی(١٤٨)ز هەموو ڕۆمای گرتبۆوە.

لە هەر یەک لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیسپانیاش شوێنەواری میهرپەرستی دۆزراونەتەوە، "ئۆرلیان" ئیمپراتۆری ڕۆمانی، ساڵێک پێش کوژرانی لەساڵی ٢٧٤ز، ئایینی میهرپەرستی بەفەرمی لە مەیدانی (سیلۆستەر) ڕاگەیاند، هەر لەوێش پەرستگایەکی بەناوی خودای خۆر (میهر) دروست کرد. لە ڕاستیدا ئەمەش چاولێکردن و لاسایی کردنەوەی ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان بوو، چونکە ڕۆمەکان لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەکەیاندا، بت و دیاردە سروشتییەکانیان دەپەرست و ئاینێکی ڕەسمی سەر بە دەوڵەتیان نەبوو، (٢٥ی دیسامبەر)یشیان کرد بە ڕۆژی جەژنی لە دایک بوونی (میهر)، کە دواتر لای مەسیحیەکان بوو بە ڕۆژی لە دایک بوونی عیسای مەسیح.

"کۆستانتین"ی یەکەمی قەیسەری ڕۆم، لە ٣١٢زایین، ئایینی مەسیحی کردە ئاینی فەرمی ئیمپراتۆری ڕۆم و میهر پەرستیشی لە سەرجەم ئیمپراتۆرییەکەی قەدەغەکرد.

ماگۆش (مەجوس)، زیاتر ناوێکە بۆ خێڵێکی (میدی) کە پلەو پایەیەکی دیاری ئاینی و جێگایەکی بەرچاویان لای نەتەوە بەرەگەز

(ئاریـــا)ییەکـــان هەبـــووە، زۆرجـــاریش راوێژکـــاری پاشـــا بـــوون. مەجوســـەکان (مـۆغ)ەکـان، وەک هەمـوو ئاینەکـانی پـاش خۆیـــان، لە چـــاوەروانی رزگارکەرێـــک (گـۆدۆ)یەکـدا بـوون، بەڵام کەس نەیـدەزانی دەرکەوتنـی ئەو رزگـارکەرە واتە (مەسـیح)، کەی و لە سەر چ شێوەو روخسارێک دەبێـت و کەی دەردەکەوێـت، بـۆیە هەر ئـاینەو بـۆ چوونی خۆی هەبووە سـەبارەت بەم حـالەتە. بەڵام جـێگەی داخە واتـــای راســـتەقینەی مەجـوس، لای نەتەوە سـامییەکان، بەرگێکـی تـــری بە بەردا کـــراوە و کردویـــانە بە پێناسەیەک بـۆ رەوت و رێبـازێکی ئـاینی بە ئەنقەست شـێوێنراوی رەگەزپەرسـتانەی دور لە رەهەندە لاهوتییەکان.

دیمـوکریتس، لە سـەدەی پێنجەمـی پ.ز، لە یۆنانـدا ژیـاوە، وڵاتـی میـسر و میـدیا و هیندوسـتان گەراوە، پـێش (ئیفلاتـون ٤٢٧-٣٤٧ پ.ز) ئاشـنایەتی لە گەل ئەم چەمـکەدا پەیدا کردووە. دیموکریتس لە میـدیا لە سـەر دەستی (مەجوس=مـۆغ)ەکـان، توانیـویەتی شـارەزاییەکی بـاش لە ئـاینی زەردەشـتی بە دەست بێنـێ، ئـەو تـوانی چەمکـی مەجـوس (مـــاگۆش) بگەیەنێـــتە وڵاتـــی یۆنـــان و دەوروبەری و دواتـر لەوێـش بە (مـاگیۆس) بـڵاو بـۆوە. چەمکـی (مەجـوس) جـگە لە دیمـوکریتس، لای ((هیـرۆدۆت و تـالیس و فیـــساگۆرس و هیـــراکیلتس و ئیفلاتـــون و ئەرستۆ و کزەنفۆن و سـترابۆ)یـش، ئامـاژە بووە بۆ مـۆغ و مـۆبەد و پێرەوانـی ئـاینی زەردەشتی، ئەم بیرمەند و فەرزانە یۆنانیـانە، ئەوەش ئاشکرا دەکەن کە ئەم مۆغانە جگە لە شـــارەزایی بـــواری ئـــاینی، گرنگیەکـــی تەواویـــــــشیان بە زانـــــــستی فەلەک و گەردووناسی دەدا.

## میدیا و ماگۆش لە (ئینجیل)دا

وشەی ئینجیـل لە (ئیوانجیلـۆن)ی یۆنـانیەوە هاتووە، بە واتای مزگێنـی، جـگە لە کـرداری نێردراوان و نامەکانی (پەتـرۆس و پـۆڵس)، ئینجیـل دەکـرێ بە چـوار بەشـەوە (متـی- مەرقـس- لوقـا – یوحنـا)، کـاتێ لاپەڕەی یەکەمی (ئینجیـل) هەڵـدەدینەوە، بە ئینجیلـی (مـــەتـــی ) دەسـت پێـدەکات، (مەتـی)ش لە (اصحاحی ٢) ئاوا دەسـت پێـدەکات :{**دوای لەدایکبوونی عیسا لە بەیت لەحمی یەهودیا لە سەردەمی هێرۆدسی پاشا، هەندێ لە (مۆغان) لە رۆژ هەڵاتەوە هـاتنە قـودس، پرسـییان، (پادشا=پەیامبەر)ی لە دایکبووی جـولەکە لە کـوێیە؟ ئـێمە لە رۆژهەڵاتەوە ئەسـتێرەی ئەومان بینی، هاتوین کڕنۆشی بۆ ببەین}**.

گومان لەودا نییە ئەو مۆغانەی کە (مـــەتـــی) ئاماژەیـــان بـــۆ دەکـــات، هەر ئەو پیـــاوە زەردەشـــتییانەی بـــاپیرانی کـــورد بـــوون، ئەگەرنا، خۆ رێبەرانی ئاینی یەهودی، نزیـک

لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە فەستین دەژیان، خۆ ئەگەر ئەوان خاوەنی بیرۆکەی پێشبینی کردنی رزگارکەرێک (سۆشیانت) بوونایە، هەڵبەتە پێش مۆغەکان ئەم لوغزەیان دەکردەوە و باوەڕیان بە عیسا دەهێنا، کەچی لە بەرانبەردا ئەو مۆغانە لەو دوورەوە، لە وڵاتی رۆژهەڵاتەوە، بە قۆناغی دوو ساڵ ریگا و بە کۆمەڵێ دیاری بەنرخ و زێڕ و زیوەوە هاتوون و کرنۆش بۆ عیسای دوو ساڵان دەبەن.

(یوسف)ی دارتاشی دەستگیرانی (مریەم)ی پاکیزە، هەر بەو زێڕ و دیاریانەی کە مۆغەکان بە دیاری هێنابوویان، توانی مریەم و منداڵە دوو ساڵانەکەی رووەو وڵاتی میسر بەرێت و لە دەستی هیرۆدسی حاکمی ئەوسای فەلەستین رزگاریان بکات.

(مەتی) یەکێک بوو لە دوانزە قوتابییەکانی مەسیح، زۆربەی ئەو روداوانەی باسیان دەکات، بە چاوی خۆی بینیوینی، بە یارمەتی روحی پیرۆز ئەم پەرتووکەی نووسیوە، کە بە ئینجیلی (مەتی) بە نێوبانگە و گرنگترین بەشیەتی، مێژووی نوسینەوەشی دیار نییە، بەڵام بە (٦٠-٦٥)زایینی مەزەندە دەکرێ.

ئەم نوسراوەی مەتی، لە سەدەی دووەمی زاینەوە، لە پێشەوەی هەموو نوسراوەکانی ئینجیل جێی بۆ دانراوە. ئەویش لە بەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: بە پردی نێوان پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ دادەنرێ، هەر لە سەرەتاوە رەچەڵکی عیسا دەگەرێنێتەوە بۆ ئیبراهیم و داود.

دووەم: تەنها (ئینجیل)ی مەتی بە زمانی عیبری نوسراوەتەوە کە زمان جولەکەکان بوو، (مورقوس و لۆقا و یوحەنا) بە زمانەکانی رۆمانی و یۆنانی نوسرابوون.

سێیەم: تەنها دوان لە گوزارشکەرانی ئینجیل لە دوازدە حیوارییەکانی مەسیحن، ئەوانیش ((مەتی و یوحەنا))ن مورقوس و لۆقا لە حیوارییەکان نین و تەنها هاورێیانی پترۆس و پۆلۆس بوون. چوارەم: پایە و مەقامی مەتی لای پیاوانی ئایینی مەسیحی لە ریزی پێشەوەیە، هەر بۆیە کاتێک کتێبی پیرۆزی ئینجیل دەکەینەوە بە ئینجیلی مەتی دەس پێدەکات.

بەشێکی دیار و بەرچاو لە باوکانی کلێسا لە کۆندا وەک (قدیس اوگستینۆس- قس جیرۆم – قدیس یوحنا- اوریجینۆس.... هتد)، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە مەجوسەکان پێشەنگی باوەڕداران و (باوکانی یەکەمی کلێسا) بوون، بەوەی کە یەکەمین کەسانێک بوون، سوجدەیان بۆ عیسای تەمەن دووساڵان برد و زانییان، پێغەمبەرە.

ئینجیل ئاماژە بۆ ژمارەی مۆغەکان ناکا کەنیسەی رۆژهەڵاتی پێیان وایە، ژمارەی ئەو

مۆغـــانە (دوانـــزە - دەرزەن – Dozen) کەس بـــووبن، لە بەرانـــبەردا کەنیـــسەی ڕۆژئاواییش بە ٣ کەسیان لە قەڵەم دەدا، پـێ دەچـێ ئەم بۆچـوونەی کڵێسای ڕۆژهەڵاتـی لەوەوە ســـەرچاوەی گرتبـــێ کە ژمـــارەی (دوانزە) ئاماژە بێ بۆ دوانزە کەلـو (بـرج)ی ئاســمانی، چـــونکە مۆغەکـــان گرنگییەکـــی زۆریان بە زانیـاری ئەسـتێرە و فەلەک دەدا. تەنانەت سـەرچاوەکان ئامـاژە بە نێـوی ئەو ١٢ مـــۆغەش دەکەن، ئەمەش ناوەکانیـــانە: [١_زەروان کوڕی ڕەتین ٢_ هـورمز کـوڕی سان ٣_گوشتاسـب کـوڕی گەنـدۆ ٤_ ئەرد ئەشک کوڕی میهر ٥_ زەروان کوری وەرور ٦_ ئاریـــاوۆ کـــوڕی خوســـرەو ٧_ ئەرد خورشـید کـوڕی خوریـات ٨_ ئەگـدەنمون کوڕی شیشۆن ٩_ میـرۆک کـۆڕی خـواهەم ١٠_ شـید کـوڕی سـەخون ١١_ سـەلدلخ کوڕی بیلان ١٢_ مەردۆخ کـوڕی بیـل]. هەر وەکو چۆن گەلی ئیسرائیل ١٢ خێڵ بـوون و چاوەڕوانی پاشای ڕزگارکەریان دەکـرد، بەو جۆرەش مۆغـانی بـاپیرانی کـورد ١٢ کەس بـوون کـە وتیـان ئەمە عیـسای پێغەمـبەری یەهودە، لە ڕێی شەنگارو نەینەواو سـوریاوە ڕۆیشتن بۆ فەلەستین[5].

دوای پەنجـا ڕۆژ لە هەســتانەوەی مەسـیح، ئامـاژەیەکی زەقتـری (ئینجیـل)ی پیرۆزمـان دەربـارەی ڕۆڵـی گرنگـی خەڵکـی (میـدیا) دەکەوێـــتە بەرچـــاو، ئەوەتـــا لە (کـــرداری نێردراوان/ اعمال الرسل ٢/١٠،١١،١٢)، باس لە خەڵکێکـــی زۆر دەکـــات کـــە لە نەتەوەی جیـــاواز و ئـــاین و زمـــانی جۆراوجـــۆر پێکهـاتوون و لە پەرسـتگا کـۆ بـوونەتەوە: **[هەنـدێکمان ئەشـکانی(پـارتی) و میـدی و ئیلامین، هەندێکیشمان دانیـشتووی نێـوان دیجلە و فوراتین، یاخود خەڵکی یەهودییە و پونتس و (ئاسیا)ین، یان فریجیە و پەمفیلیە و میـسر و بەشـێک لە لیبیـای دراوسـێی قەیرەوان، لە گەڵمانا خەڵکی(ڕۆما)ش هەن بە سەردان هاتوون، لەگەڵ جـولەکە و ئەوانەی بـووون بە جـولەکە، هەروەهـا هەنـدێ لە کریتیـــی و عەرەب]**. لێـــرەدا و لەم دەقە ئینجیلـــیەدا، نـــاوی میـــدییەکان پـــاش ئەشـــکانییەکان بەدووەم گەل هـــاتووە، مێژوونووســـان، ڕیزبەنـــدیی ئەو نەتەوانە، دەبەستنەوە بە زۆری و کەمیـی ئەو خەڵـکەی لەو پەرسـتگایەدا ئامـادە بـوون، بەم پێـیەش خەڵکـانی (ئەشـکانی و میـدی و ئیلامـی و نیـوان دوو ڕووبـار) کە ئەوکـاتە لە ژێـر قەڵەمڕەوی ئیمپراتـۆری ئەشـکانیدا بـوون، واتە زۆربەی ئەو خەڵـکە بـاپیرانی کـورد بوون. لە سەروبەندی هاتنە دونیای حەزرەتی عیسا. فەلەسـتین و سـوریا کەوتبـونە ژێـر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری ئەشکانی، بەتـایبەتی لە ســەردەمی ئەردی یەکەم سـاڵی٥٧ - ٣٧ی

---

[5] مێژووی کڵێسای کوردی _ ئارام داود_ ل٢٢

پ.ز. فەرهـــــادی چـــــوارەم (٣٧-٢ پ ز) ئەردەوانی سێیەم پادشای مـادی ئاتروپـاتین ساڵی ١٢ی.ز تا ٣٥ی.ز).
جووەکان بەردەوام کۆمەکی ئەشـکانیەکانیان لە دژی ڕۆمەکـان دەکـرد. هەر لەم سـۆنگەی ململانێ ونـاکۆکییەوە بـوو کە ئەشـکانیەکان سنوری خۆیان کە بەری رۆژئـاوای روبـاری فورات (فەڕهـاد، فرەهـات) بـوو، دەبەزانـد و ســــوریا و فەلەســــتین و هەنـــدێ جـــار میسریشیان دەخستە نێو جوغزی دەسـەڵاتی خۆیانەوە. راستییەکی تریش هەیە، (ئینجیل) بە هـــیچ شـــێوەیەک رۆژی لە دایکبـــوونی عیسامان بـۆ دیـاری ناکـات، کریـستیانەکان تاوەکو ساڵی ٣٣٦ی.ز. لە ٦ی کانونی دووەم ئـاهەنگی (کریـسمس)یـان دەگێـڕا، لەوە بە دواوە، رۆژی لە دایکبوونی عیسا گـوازرایەوە بۆ ٢٥ی کانونی یەکەم؟
پەیڕەوانی ئایینی میترایی لە ئاریان زەمیندا، شەوی (٢٤ی١٢)، کە درێژترین شەوی سـاڵە، بە خۆشی و شادی بەڕێـدەکـەن و بە شـەوی (یەڵـدا) ناسـراوە، بـۆ رۆژی دوایـیش کە (٢٥ی١٢)یە، رۆژی لە دایک بـوونی میتـرایە و ئەو رۆژە ئاهەنـگ دەگێـڕن و بە جەژنـی میهراگـا (میهرجـان) بە نـاو بـانگە، دواتـر مەسیحییەکان لە ئەنجامی بەربەرەکانی ئاینی میترایـی و مەسـیحی، ئەو رۆژە واتە ( ٢٥ی دیـسامبەر)یـان کـردە رۆژی لە دایکبـوونی عیـسا. کە بە رۆژی خـۆر (سـان دەی)یـش دەناســـرا. لێـــرەوە بۆمـــان دەر دەکەوێ کە باپیرانی کورد بە هۆی ئاینی میتـرای (میهـر پەرستی/ خۆرپەرسـتی)یەوە، زۆر بە وردی لە سـوڕانەوەی (خـۆر) رامـاون و بیریـان لـێ کردۆتەوە و بەو ئەنجامە گەیشتون کە سـاڵ، دابەشی ٣٦٥رۆژ و ١٢ و مانـگ و مـانگیش بۆ٣٠ رۆژ دیاری بکەن. ئەمەش پێی دەوترێ سـاڵی هەتـاوی یـان سـاڵنامەی زەردەشـتی. ساڵنامەی نەتەوە سامییەکان، بە ساڵی مانگی دەناسـرێ و بـریتییە لە ٣٥٤ رۆژ، واتە هەر ساڵێک ١١ رۆژ لە ساڵی هەتاوی یـان سـاڵی گریگۆری کەمترە، ئەمەش وا دەکات کە بـۆنە و رۆژانـی بیـرەوەری و جەژنەکانیـان، هەر سـاڵێک بـۆ ١١ رۆژ بـۆ دواوە بگەرێـتەوە، واتە لە مـــاوەی ٣٣ ســـاڵدا بــــۆنە و جەژنەکانیان بە هەر چـوار وەرزەکەی سـاڵدا تێـپەر دەبـێ. بەم ئاوڕدانەوەیـــەمـــان لە رابـــردووە دوورەکـــان و گەڕانەوەمـــان بـــۆ ســـەردەمە کۆنەکـــان، بۆمـــان دەردەکەوێ کە باپیرانی کورد خاوەنی ئەو مێژووە ناوازە و پڕ لە سەروەریەن، بەڵام جێگەی داخە قۆنـاغە مێـــژووییە تفـــت وتاڵەکـــان و ســـەردەمە ناسۆرەکان، بۆشاییو دابڕانێکی زۆریـان لە نێو ئەوسـاو ئێـستاماندا دروسـت کـردووە. ئەم بێباکییەی رونـاکبیرانی کـوردیش، رووح و جەســـتەی ئەوانە ئـــازار دەدات کە درکـــی پێدەکەن..

# لە نوگرە سەلمانەوە...






**عەدالەت عومەر**

**نوسەر ولێکۆلەر لە بواری جینۆسایدی گەلی کوردستان**



١

... مام ئەحمەد لە بەشێکی تری قسەکانیدا گوتی: "حەجاج، لە سەر نوێژکردن و ڕۆژووگرتن، خەڵکی فەلاقە دەکرد. دەیگوت: نابێ کەس لێرە نوێژ بکات و (مەمنووعە سوجدە بۆ خوا بەرن. دەبێ هەمووتان سوجدە بۆ من بەرن). هەروەها، دەڵێ: ڕۆژێ خەریکی نوێژکردن بووم، لە ناکاو قامچییەک بەر سەرم کەوت، بریسکە لە چاووم هەستا. کەوتمە سەر ئەرز. حەجاج گوتی: ئەگەر جارێکی تر سوجدە بۆ خوا بەریت، سەرەوخوار هەڵتدەواسم و پەڕۆ لە بەر لووتت دەسووتێنم!



وێنەکان، لە ئەرشیفی عەدالەت عومەر وەرگیراوون

٢

## بەخێر بێن بۆ دۆزەخ!

قەڵای نوگرەسەلمان یەکێکە لە ترسناکترین قەڵا سەربازییەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو، کە دەکەوێتە باشووری عیراق، لەە سنووری پارێزگای (موسەنا - المثنى) لە قەزای سەلمان. لە سەر دەرگای چوونە ژوورەوەدا نووسراوە: (**بەخێر بێن بۆ دەزەخ**)!

# کەی ئەم بەیتە شیعرەی پیرەمێردی نەمر، دەمرێ؟

"وەفدی کوردستان، میللەتفرۆشان
هەرزەوەکیلی شاری خامۆشان"

کاتێ گوتیان حیزبە کوردییەکان وا ڕێککەوتن بە یەک لست لە کەرکووک بەشداری هەڵبژاردن بکەن و لستەکەشیان ناوی لستی کەرکووکی کوردستانی دەبێ، ئێمە لە لای خۆمانەوە سەرمان سوڕما. چۆن؟! لە کەرکووک و ئەو ناوە؟! لە کەرکووک و بە یەک لست؟!
ئەدی ئەگەر ناوی لستەکە وابێ و کورد بە یەک لست بەشداری بکەن، پیرەمێرد بڵێ چی؟ ئەی چی لە بەیتە شیعرەکەی پیرەمێرد بکەین؟!
ئاخر هەتا لە ناو کورد و سەرانی کوردا یەک خۆفرۆش مابێ ئەو بەیتە شیعرە نامرێ و بە دابەزینی کورد بە یەک لست و بە ناوی کەرکووکی کوردستانییەوە مەرگی ئەو بەیتە شیعرە ڕادەگەیەندرێ و ئەوەش لە بەرژەوەندی کوردە!
هەتا ئێستا کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهان هیچ کارێکیان لە بەرژەوەندی کوردا نەکردووە و حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش، کە لە کەرکووک بێدەسەڵاتن، ئێستا دوو کۆمپانیای نەوتن و جێی گومانە هیچ کارێک لە بەرژەوەندی کورد بکەن! ئەوەشی کە دەیکەن، بنکۆڵی بکە و بیپشکنە، دەبینی مینێکی بۆ پاشەڕۆژی کورد لە بنەوەیە، وەک ماددەی ١٤٠ی نەفرەتی و خیانەتکاری!
دا ئەو بەیتە شیعرە جارێ زندووە، چونکە نە بە یەک لست لە کەرکووک دادەبەزن نە ئەو ناوەش لە لستەکەیان دەنێن:
"وەفدی کوردستان، میللەتفرۆشان هەرزەوەکیلی شاری خامۆشان"
بەڵام ئایە خەڵکی کەرکووک خۆیان چ هەڵوێستێکیان دەبێ؟! ئەوانیش بای حیزبەکان بەرەو نەمان ڕایاندەماڵێ یا دوای نزیکەی حەفتا ساڵ لە خەوی غەفڵەت بە ئاگا دێنەوە؟

- قەقنەس -